# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤١٤)- (٢٠)ی ئایاری ٢٠٢٤


سەردانی جیفری بایت بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان گرنگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمریکا مەبەستێتی ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدا لە سێکتەری نەوت چارەسەر بکات

ئەمریکا گرنگی بە پێشخستنی کەرتی وزە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەدات و پشتیوانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبن، بۆ ئەوەی بتوانن پێشکەوتنی باشتر بەدەست بهێنین

# قۆناغێکی نوێ

## لە پەیوەندییەکانی هەولێر و واشنتۆندا






# کێشەی تارق هاشمی لەگەڵ مالیکی

## ١١٥


تارق هاشمی، لە پشکی سوننە جێگری سەرۆککمار بوو. تارقم لە سەردەمی ئەنجومەنی حوکم ناسی. سەرکردەیەکی دیاری حزبی ئیسلامی بوو. دوای موحسین عەبدولحەمید ، بوو بە سکرتێری حزب.

لە کاتی گفتوگۆ و دانوستانەکان لەسەر ڕەشنووسی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا، تارق هاشمی یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندی سوننە. لە گفتوگۆکاندا زۆر جار لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە توندڕۆیی دەکرد و کەسێکی ئاسان نەبوو. تەنانەت سەبارەت بە بڕگەی (العراق جزء لایتجزأ من الامة العربیة) کە پێویست بوو لە ناو دەستووردا نەبێت، ناوبراو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەم بڕگەیە هەبێت لەسەر دەستەواژەی (جزء لایتجزأ) بە یەکەوە تووشی مشتومڕێکی توند بووین.

تارق هاشمی لەگەڵ مالیکی تووشی کێشەیەکی گەورە ببوو. بە هیچ شێوەیەک تێگەیشتن لە نێوانیاندا نەبوو، تا گەیشتە ئەوەی لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١١دا مالیکی ، تارق هاشمیی بە تیرۆر تاوانبار کرد و، هێزی ناردە سەر بارەگاکەی و چەند پاسەوانێکی هاشمییش دەستگیرا کران. لەو هێرشەدا، دەست بەسەر هەموو کەلوپەل و کۆمپیوتەر و بەڵگەنامەکانی نووسینگەی هاشمیدا گیرا. بەر لەوەی هێزەکان بچنە سەر بارەگای ناوبراو، هاشمی سەردانی مام جەلالی کردبوو لە سلێمانی.

هەموو ئەم گۆڕانکارییانە ڕوویان دابوو، ئێمە ئاگاداری هیچ نەبووین، بەڵام مام جەلال بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوە کردم و هەندێ زانیاریی لەسەر ڕووداوەکان پێ دام. لە پەیوەندییەکەدا مام جەلال گوتی، مالیکی بە نیازە پاسەوانەکانی تارق هاشمی بێنێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان، گوایە ددانیان بەوەدا ناوە کە پەیوەندییان بە تیرۆریستانەوە هەیە و هاوکارییان کردوون. پرسیاری کرد، ئایا من ڕازیم بە ناوی هەردووکمانەوە داوا لە مالیکی بکەم لەو کارەی پاشگەز بێتەوە؟ پێم گوت تۆ سەربەستیت و دەسەڵاتت هەیە. دوای کاتژمێرێک دیسان تەلەفۆنی کردەوە و گوتی مالیکی ڕازی بووە و پاشگەز بووەتەوە لە هێنانی پاسەوانەکانی هاشمی بۆ سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان، کەچی ڕۆژی دواتر هێنرانە سەر تەلەفزیۆنەکان و دانپێدانانەکانیان بڵاو کرانەوە.

# چاپکراوی نوێ







کتێبی ( ئەلفبێی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی )، ئەم بەرهەمە نوێیەی ئیبراهیم ئەمین باڵدار، کە دکتۆر فەریاد فازیل عومەر، ئەکادیمیکار و نووسەر و زمانناسی کورد و دامەزرێنەری ئینستیتووتی خوێندنی کوردی لە بەرلین وەك کتێبێکی مێژوویی لە نەمان ڕزگاری کردووە و بە نوێکراوەیی، زیادکراوی و دانانی دەستوورێکی گونجاو بۆ دانراو، خراوەتە بەردەستمان، مێژوویەکی دێرینی هەیە، کتێبەکە لە ساڵی ١٩٥١ بۆتە کتێبی (ئەلف و بێ ی کوردی) و لە پۆلی یەکەمی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستاندا، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە کورد تێیاندا زۆرینە بوون، بە بەردەوامی خوێندراوە.

دکتۆر فەریاد دەڵێت: لەو مێژووەوە تا ئەمڕۆ کۆمەڵێك گۆڕانکاریی بەجێ و بەداخەوە نابەجێی بەسەردا هاتووە، گۆڕانکارییە پەروەردەییە بەجێکە ئەوە بووە، کە لە ساڵی ١٩٥٦ دا مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار خۆی کتێبەکەی نوێ کردووەتەوە، و ناوی ناوە( ئەلف و بێی نوێ )، گۆڕانکارییەکانی دیکە، کە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا لەم کتێبەدا کراون، گۆڕانکارییەك بوون، کە لە ڕاستیدا سیماو ناوەرۆکی پەروەردەییی کتێبەکەیان تا ڕادەیەك شێواندووە، ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٧ بە نارێکی چاپکرابوو، داوای لە وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان کردووە، خۆی لە بەرلین لەسەر حیسابی خۆی چاپی بکات و دووهەزار دانەیان بە دیاری بۆ بنێرێتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی کە لەلایەن وەزیری پەروەردەوە بە نامەیەك ئاگادار کراوەتەوە کە سەبارەت بە کتێبی ئەلفبێی کوردی، کە لەسەر ڕاسپاردەی ئەوان ماوەیەکی زۆرە کاری تێدا دەکەن، حەزدەکەن کە ئاگاداریان بکەنەوە کە لارییان نییە لە چاپکردن لەلایەن خۆیانەوە، هەر کاتێکیش وەزارەت بڕیاریدا وەکو کتێبی قوتابخانە بخوێندرێت، گفتوگۆ دەکەن دەربارەی چۆنێتیی چاپکردن.

ئەم کتێبە(٨٠) وێنەی ڕەنگاوڕەنگ لە خۆدەگرێت، (٤٠) لاپەڕەی یەکەمی تەنیا کراوە بە وێنە، کە مامۆستا دەچێتە پۆلەوە دەبێتە گوێگرو قوتابیان دەبنە قسەکەر، شەش هەفتەی یەکەمی خوێندن لەسەر ئەم وێنانە گفتوگۆ دەکەن، بێ ئەوەی یەك پیت بخوێنن، مامۆستا پرسیار لە قوتابی دەکات کە چی دەبینێت، هەر وێنەیەك چیرۆکێکە بۆ خۆی، بەپێی تێگەیشتنی قوتابییەکە وەڵام وەردەگرێتەوە، ئیدی دەبێتە گفتوگۆی نێوان قوتابیان و مامۆستاکە، ئەمەش ڕێبازێکی نوێی پەروەردەییە، ڕۆژانەش مامۆستاکە باسی وێنەی ڕۆژی پێشتر بە وێنە تازەکەی ڕۆژی دواتر دەبەستێتەوە. دواجار دەست بە خوێندنی پیتەکانی زمانی کوردی دەکرێت.

ئەم هەوڵە ناوازەیەی دکتۆر فەریاد فازیل عومەر هەنگاو و دەستکەوتێکی گرنگە لە بواری پەروەردە و فێرکردنی نوێی ئەم نەوە تازەیە کە بە شێوازی پێشکەوتووی سەردەمیانە فێری زمانی دایك و ڕەسەنی کوردی دەبن.. شایانی باسە تەواوی ئەم کتێبە لە ڕێی ( QR code ) ـەوە هەر بابەتەی کراوەتە کارتێك و بە مۆبایل دەخوێندرێتەوە، دەستخۆشی لێ دەکەین بە هیوای سەرکەوتنی بەردەوام.

دڵشاد شەهاب :



سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان چەتری کۆکەرەوەی هەمووانە و بە سوپاسەوە لایەنە سیاسییەکانیش بەدەنگەوەهاتنی باشیان هەبووە

عەبدولواحید فەیلی :



ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەردەوام خواستی کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردیان لە ناو بەغدا هەبووە

مەلا سەلاحەدین عەزیز :



لە ئیسلامدا خاک و نیشتمان زۆر بە پیرۆزی دانراون و دابەشکردنی ئیسلامیش بەسەر سیاسەت و عیبادەت زۆر مەترسیدارە

عیرفان کەرکووکی :



ئەو ماف و بەرژەوەندییانەی بۆ نەتەوە و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەدەست هاتوون لە سایەی پاڵپشتیی جەنابی سەرۆک بارزانی بووە




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

ڕێبوار تاڵەبانی :



**لە کەرکووک لە بری جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کار بۆ بەشیعەکردن و تێکدانی دیموگرافیاکەی دەکرێت**

ئەوین ئومێد:

**خانمانی گەنج ئەوەندە کارامەن کە دەتوانن تەنانەت لە ژوورەکەی ماڵی خۆیانەوە خزمەت بە کۆمەڵگەیەک بکەن**



**رادیۆ لەسەردەمی دیجیتاڵیدا**



**خراپترین کاربۆهیدراتەکان پاش تەمەنی ٥٠ساڵی**



مەریەم پیربەند:

**کوردستان گەنجینەی چیرۆک و سیناریۆی سینەمایە**



پڕژە نیزام :

**تۆپی پێ لە کوردستان هیچ دەستکەوتێکی ماددی و مەعنەوی نییە تا یاریزان هەوڵ بدات خۆی بەرەوپێش ببات**






# قۆناغێکی نوێ

## لە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا لەگەڵ واشنتۆندا


Khurmala
16 May 2024
AMINE CONTACTOR

**گرنگیی ئەو وتارەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (لووتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی) پێشکەشی کرد، هەروا بەبێ بەرنامە و پلان نەکرابووە وتاری سەرەکیی لووتکەکە**

**کاتێک سەرۆک وەزیرانی کوردستان هاوشانی سەرۆک وەزیرانی هیندستان وتاری سەرەکی لەو لووتکەیە بۆ دادەنرێت، ئەوا ئەو لووتکەیە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی شێوازی دەوڵەتمەداریی ئەو سەرۆک وەزیرانەی لەبەرچاو گرتووە، بەوەی بە شێوازێکی دەوڵەتمەداری قەیرانەکانی بەڕێوە بردووە**

**گرووپی چەکدارانی لەیاسادەرچوو، بە مووشەک و درۆن هێرش دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیش لە ئاستی ئەو گرووپە چەکدارە لەیاسادەرچووانە بێدەنگە و هیچ ڕێوشوێنێک ناگرێتە بەر**

هاتنی جیفری بایت، یاریدەدری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری وزە بە سەرۆکایەتیی شاندێکی یاوەری بۆ بەغدا و هەولێر و ئامادەبوونی ئەلینا ڕۆمانۆسکی، باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك جیمیس بەیکەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی بوشی باوك لە یاداشتەکانی بە ناونیشانی «سیاسەتی دیپلۆماتی» ئاماژەی پێ کردووە و دەڵێت: «ئەو بەیاننامە هاوبەشەی من و شیڤەرنازدەی وەزیری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩٠ لەبەردەمی ڕۆژنامەنووسان خوێندمانەوە و سەرکۆنەیەکی توندی هێرشی سەدام حوسێنمان بۆ سەر کوەیت پێکرد، بەرهەمی کۆبوونەوەکانی دینس ڕۆس یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و تاراسینکۆ یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت ئامادەیان کردبوو. لە ڕێگەی گەڕانەوەم لە موسکۆ بۆ واشنتۆن و لەسەر ئاسمانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی، ڕۆس تەلەفونی بۆ کردم و پێی گوتم، ئەم بەیاننامە هاوبەشەی لەگەڵ تاراسینکۆ پێی گەیشتین، کۆتایی بە پێنج دەیەی شەڕی سارد هێنا و سەردەمێکی نوێ لە نێوان موسکۆ و واشنتۆن دەست پێدەکات».
لەم ڕوانگەیەوە سەردانی جیفری بایت یاریدەدەری ئەمریکا و شاندی یاوەری بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەیان لەگەڵ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی لەلایەك شەڕی ساردی نێوان هەولێر و بەغدا کۆتایی پێهاتووە و سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا دەست پێدەکات، لەلایەکی دیکەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی شەڕی ساردی ئەمریکا و عێراقیش کۆتایی هاتووە و سەردەمێکی تازە لە پەیوەندییەکانی بەغدا و واشنتۆن دەست پێدەکات.

● **مسرور بارزانی**

**وەرچەرخانی هاوکێشەی دژایەتی بۆ هاریکاریکردن**

لە ڕۆژی ١٢ی شوباتی ٢٠٢٤ و لە مینانەی ئەو وتارە سەرەکییەی لە لووتکەی حکومەتەکان بۆی تەرخان کرابوو، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەم نوێنەری ١٢٠ حکومەتدا هەموو جیهانی لەوە ئاگادار کردەوە، کە تەنیا ڕێگە بۆ زاڵبوون بەسەر هەڕەشە و مەترسییەکاندا ئەوەیە کە پێویستە دەوڵەتان لەناو خۆیاندا هەماهەنگ و هاریکار بن، بۆ ئەوەی سەرچاوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە لە ڕیشەوە هەڵبکێشرێن و، بۆ ئەمەش ئاماژەی بە ڕۆڵی گرنگی هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان کرد لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشدا.

گرنگیی ئەو وتارەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەو لووتکە جیهانیەدا (لووتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی) پێشکەشی کرد، هەروا بەبێ بەرنامە و پلان نەکرابووە وتاری سەرەکیی لووتکەکە، بەڵکو ئەم لووتکەیە کە ساڵانە زیاتر لە ١٠٠٠ پسپۆڕ لە هەموو بوارەکان کاری لەسەر دەکەن و بەرنامەی بۆ ڕێك دەخەن، لە هەموو ڕوویەکەوە گرنگیی ئەو کاراکتەرە (سەرۆك، یان سەرۆك وەزیرانی هەر دەوڵەتێك) هەڵدەسەنگێنن، هەر بۆیە کاتێك سەرۆك وەزیرانی کوردستان هاوشانی سەرۆك وەزیرانی هیندستان وتاری سەرەکی لەو لووتکەیە بۆ دادەنرێت، ئەوا ئەو لووتکەیە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی شێوازی دەوڵەتمەداریی ئەو سەرۆك وەزیرانەی لەبەرچاو گرتووە، بەوەی بە شێوازێکی دەوڵەتمەداری قەیرانەکانی بەڕێوە بردووە و وەرچەرخانی تێدا کردوو، بۆیە مەبەستیانە حکومەتەکانی جیهان سوود لە ئەزموونی دەوڵەتمەداریی ئەو سەرۆك وەزیرانە وەربگرن، کە دەکرێت، لێرەدا بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێبکەین:

● هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکە لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، وەك هەرێمێکی فیدراڵی مامەڵەی لەگەڵ ناکات، گرووپی چەکدارانی لەیاسادەرچوو، بە مووشەك و درۆن هێرش دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیش لە ئاستی ئەو گرووپە چەکدارە لەیاسادەرچووانە بێدەنگە و هیچ ڕێوشوێنێك ناگرێتە بەر، وەك ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێك نەبێت لە دەوڵەتی عێراق، لە بەرانبەریشدا سەرۆك وەزیرانی کوردستان بە شێوازێك حکومەتەکەی ئاراستە دەکات، کە لێکتێگەیشتن لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بکاتەوە.

● حکومەتی فیدراڵیی عێراق ماوەی ١٠ساڵە شەڕی گەمارۆی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات. ڕاستە لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨ هەرێمی کوردستان سەرقاڵ بوو بە شەڕی تیرۆریستانی داعش و پاشانیش لێکەوتەکانی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بەڵام لەدوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەموزی ٢٠١٩، ئەم حکومەتە هەوڵی داوە، لەسەر هەموو ئاستەکانی حوکمڕانی چاکسازی بکات، لەسەر بنەمایەکی مۆدێرن ژێرخانی ئابووریی کوردستان بونیاد بنێتەوە و سەرچاوەکانی داهات فرەچەشن بکات، بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵ و بونیادنانی پۆند و بەنداوی گەورە لە کوردستاندا و لەمەش زیاتر هەنگاوهەڵگرتن بۆ خۆبژێوی لەم هەرێمدا. هەموو ئەم هەنگاوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ژینگەیەکدایە کە حکومەتی فیدراڵی گەمارۆیەکی ئابووریی گەورەی لەسەر هەرێمی کوردستان داناوە و، سەرکەوتنی حوکمڕانی لە ژینگەی نالەباری ئەمجۆرەدا، جێگەی سەرنجی دەوڵەتمەدارانی جیهانە و دروست وەك هیلمۆت کۆڵ، ڕاوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا کاتێك سەردانی سەنگافورای کرد و گوتی: «لی کوان یو، هونەرێکی تازەی دەوڵەتمەداری فێر کردین»، بە هەمان شێوە مەسرور بارزانی لەناو هەرێمێکدا کە «کاراکتەرێکی نادەوڵەتی»یە و بە تەنیا بە پشت بەم هەرێمە دەبەستێت، هونەرێکی تازەی دەوڵەتمەداری پیادە کردووە.

● لووتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دووبەی تەنیا چوار هەفتە دوای هێرشەکەی سوپای پاسداران بە ڕۆکێتی بالیستی بۆ سەر هەولێر گرێ درا. ئەو شەوەی ئەم هێرشە کرایە سەر هەولێر لە ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سویسرا بوو، بۆ بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس، لەم کۆڕبەندەوە هەموو سەرکردەکانی جیهان شێوازی سەرکەوتووانەی مامەڵەی دیپلۆماتییانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان بینی، لەگەڵ ئەم ڕووداوە ترسناك و گەورەیە و بینییان چۆن پەیامی داکۆکیکردنی لە گەلەکەی بە تەواوی جیهان دەناسێنێت و، هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەن کە ویژدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بهەژێنێت و پشتیوانی بۆ قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دابین بکات. ئەم هەوڵە سەرکەوتووانە بۆ هەرێمێك کە بێجگە لەوەی دەوڵەت نییە، لە هەمان کاتدا هەرێمی کوردستان بەراورد بە عێراق و وڵاتانی دەوروبەر، نە خاوەنی هێزێکی سەربازیی بەهێزە و نە خاوەنی ئیمکانیەتێکی بەهێزە، بەڵام خۆڕاگرە و بە دروستی مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە و مەترسییە گەورەکان دەکات، جیهانیش پێویستی بە شێوازی ئەم دەوڵەتمەدارییە سەرکەوتووە هەیە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم وتارەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەری بەو ئاستە دەبێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شێوازی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بگۆڕێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە هێرشی تیرۆریستانی داعش لە ئابی ٢٠١٤ بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەدەینەوە. کاتێك لە ئابی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان، بەشێکی زۆری خاکی کوردستانیان لە شنگال تا دەشتی نەینەوا و مەخموور داگیر کرد، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەزموونی شەڕی تیرۆریستانی کەم بوو، بەڵام هێزەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، هێزی مەشقپێکراو و ئامادەکراوی شەڕی تیرۆریستان بوون، ئەوکات کە سەرۆکی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان بوو و وەك پێشمەرگەیەك بەخۆی چووە بەرەکانی شەڕ و ئەزموونی هێزەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان موتوربە کرد و دوای ئازادکردنەوەی مەخموور، سەرکەوتنە یەك لە دوایەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە زومارەوە دەستی پێکرد، پەرلەمانی ئەوروپا بانگهێشتی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستانیان کرد، بۆ ئەوەی لە ناو پەرلەمانی ئەوروپادا گوێ بۆ مەسرور بارزانی بگرن و بزانن چۆن هێزی پێشمەرگە دەتوانێت تیرۆریستانی داعش ڕابگرێت و تێکیان بشکێنێت، ئەمە لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەکەکانی بەردەستی هەم کەمن و هەمیش بەراورد بە چەکەکانی دەستی داعش زۆر کۆنن.

خۆڕاگری و ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژی داعش تەنیا دوای

**سەرۆک وەزیرانی کوردستان بە شێوازێک حکومەتەکەی ئاراستە دەکات، کە لێکتێگەیشتن لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بکاتەوە**

**حکومەتی فیدراڵیی عێراق ماوەی ١٠ساڵە شەڕی گەمارۆی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات**

**مەسرور بارزانی لەناو هەرێمێکدا کە «کاراکتەرێکی نادەوڵەتی»یە و بە تەنیا پشت بەم هەرێمە دەبەستێت، هونەرێکی تازەی دەوڵەتمەداری پیادە کردووە**

**خۆڕاگری و ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژی داعش تەنیا دوای مانگێک «هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی تیرۆریستانی داعش»ی لێکەوتەوە**



**وەزیری دەرەوەی ئەمریکا زۆر ڕاشکاوانە بە شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند: «لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر عێراق، ٣٦٠ پلە پشتگیری لە هەرێمی کوردستان دەکەین»**

مانگێک «هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی تیرۆریستانی داعش»ی لێکەوتەوە و، خۆڕاگریی ئەمجارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٤ی بەدوای خۆیدا هێنا و، لەماوەی تەنیا دوو مانگدا وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکان بە تەواوەتی سەرەتاکانیان دەرکەوتن.

● **سەردانی - ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٤**

**وەرچەرخانی پەیوەندییەکانی هەولێر و واشنتۆن**

مەسرور بارزانی، بە سەرۆکایەتیی شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٤ گەیشتە واشنتۆن و لەیەکەم دیداری لەگەڵ ئیدارەی سەرۆک بایدن، لەگەڵ شاندێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ئەنتۆنی بلیکن، وەزیری دەرەوە کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا زۆر ڕاشکاوانە بە شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند: «لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر عێراق، ٣٦٠ پلە پشتگیری لە هەرێمی کوردستان دەکەین».

ئەم پەیامەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، تەنیا چەند وشەیەك نییە، بەڵکو ئەم قسەیە دەبێت ورد بکرێتەوە و بپرسین: «ئایا سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر عێراق چۆنە؟»، وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵ دەدەینەوە:

● سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر عێراق ئەوەیە کە «عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەی کە گەلی عێراق پەسندی کردووە، لەناو ئەو دەوڵەتە فیدراڵییەدا، هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستووری و یاساییە و دەبێت بە پێی دەستوور ماف و دەسەڵاتەکانی پارێزراو بێت».

● سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرانبەر عێراق ئەوەیە «پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا ڕێك بخرێتەوە و سەقامگیری جێگەی پاشاگەردانی بگرێتەوە، لەم پرۆسە سیاسییەدا کورد لەسەر بنەمای «هاوبەشی و هاوسەنگی» بەشدار دەبێت و، لەسەر بنەمای دەستووری عێراق پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی ڕێك دەخرێتەوە.

● سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر عێراق ئەوەیە کە « هێشتا تیرۆریستانی داعش مەترسین بۆ سەر ئاسایشی عێراق و ناوچەکە، بۆیە دەبێت ئەمریکا هاوکاری هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بێت، بۆ ڕێگرتن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش».

● سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر عێراق ئەوەیە کە «هێزە لەیاسا دەرچووەکان لغاوگیر بکرێن و هێزی سەربازی بە هەموو شێوەکانیەوە لە ژێر چەتری فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق بن و هەماهەنگی و هاریکاری لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و هێزی ئاسایش و پۆلیسی کوردستان هەبێت».



● سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر عێراق ئەوەیە «داهاتی نەوت و گاز بۆ هەموو هاووڵاتیانی عێراقە، بەڕێوەبردنی ئەم دوو سێکتەرە گرنگە بە هاوبەشی لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت و دەبێت ئەم دوو حکومەتە لەسەر ئەم پرسە ڕێك بکەون».

● سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر عێراق ئەوەیە،هەر دوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێم لەسەر ڕیفۆرم بەردەوام بن، بەتایبەتی ڕیفۆرمی سیستمی بانکی و دابنیکردنی زەمینەی سەقامگیر بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە سەرانسەری عێراقدا.

ئەم چەند ڕەهەندە گرنگەی لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە عێراق ئاماژەمان پێ کردن، لە کۆی دیدارەکانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئیدارەی سەرۆك بایدن ڕەنگدانەوەیان هەبوو و ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە و، هەنگاوی پراکتیکیشی بە دوای خۆیدا هێناوە. دوای ئەم سەردانەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، لە سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقیش جارێکی دیکە ئەم بوارانە گرنگیان پێ دراوە و ڕێککەوتنی زۆر باشیشیان لەسەر کراوە و، ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی کە شاندە تایبەتمەندەکانی ئەمریکا سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستان بکەن، کە سەردانی جیفری بایت، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری وزە و شاندە یاوەرەکەی بۆ عێراق و کوردستان بەرهەمی ئەو وەرچەرخانەیە کە لە سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای شوباتی ٢٠٢٤ هاتە ئاراوە.

**● شاندی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و فراوانکردنی وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت و گازدا**

سەبارەت بە سەردانەکەی جیفری بایت، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری وزە و شاندە یاوەرەکەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، مارك بایت پسپۆڕ لە سیاسەتی ئەمریکا، لە لێدوانیکیدا بۆ کەناڵی کوردستان ٢٤ ڕایگەیاند «سەردانی جیفری بایت بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان گرنگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمریکا مەبەستێتی ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدا لە سێکتەری نەوت چارەسەر بکات». ئەمەش لەبەر ئەوەیە پرۆسەی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق یارمەتی بازاڕی ئابووری و وزەی جیهانی دەدات.

لەسەر ئاستی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، مسرور بارزانی سەبارەت بەم سەردانە ڕایگەیاند: «بە خۆشحاڵییەوە گوێبیستی ئەوە بووین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرنگی بە کەرتی وزە و پێشخستنی کەرتی وزە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەدات و پێیان ڕاگەیاندین کە پشتیوانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبن، بۆ ئەوەی لەم کەرتانەدا بتوانین

**سەردانی جیفری بایت، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری وزە و شاندە یاوەرەکەی بۆ عێراق و کوردستان بەرهەمی ئەو وەرچەرخانەیە کە لە سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای شوباتی ٢٠٢٤ هاتە ئاراوە**

**مسرور بارزانی سەبارەت بەم سەردانە ڕایگەیاند: «بە خۆشحاڵییەوە گوێبیستی ئەوە بووین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرنگی بە کەرتی وزە و پێشخستنی کەرتی وزە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەدات**

هەنگاوی باشتر و پێشکەوتنی باشتریش بەدەست بهێنین. لەسەر ئەم پرسەش گفتوگۆی زۆر کراوە، بۆ ئەوەی چۆن بە یەکەوە هاوکاری بکەین و ئەوان چۆن بتوانن پشتیوانیی ئێمە بکەن». لەم چوارچێوەیەدا خاڵی هاوبەش لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەم سەردانەی شاندی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە چەند خاڵێکدا چڕکراونەتەوە کە بریتین لە:

- شاندی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دوای ئەوەی سەردانی وێستگەکانی کارەبای ماس گلۆبەڵیان لە شارەدێی پیرداود و خۆرمەڵە کرد، کە لەلایەن هەردوو کۆمپانیای کار گرووپ و ماس کاریان تێدا دەکرێت، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و نەوت و گاز، باشتر بە ژێرخانی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان ئاشنا بوون.
- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشت و هەماهەنگ دەبێت لەبەرەوپێشەوەبردنی کەرتی وزە بە شێوەیەکی گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش لە بواری وزەی پاک و نوێبوونەوە.
- هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی دەستپێکردنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان کە بە هۆی ڕاگرتنی ئەم نەوتە چەندین ملیار دۆلار زیان بە داهاتی گشتیی عێراق کەوتووە.
- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پاڵپشتیی ویستگە گازییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، لە دووبارە بەکارهێنانەوەی گازی بەفیڕۆچوو و بەکارهێنانی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای ٢٤ کاتژمێری لە هەرێمی کوردستاندا.
- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشتیی سەربەخۆیی وزە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات.

ئەوەی لە ئاکامی ئەم سەردانەی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری وزە و شاندە یاوەرەکەی دەخوێنرێتەوە، ئەوەیە:

١. هاتنی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری وزە و شاندەکەی یاوەری، ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە، لە پشت ئەم سەردانەوە بڕیاری سیاسیی ئیدارەی ئەمریکی



و ڕێککەوتنی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ واشنتۆن هەیە، ئەم شاندە پسپۆڕ و پرۆفیشناڵە تایبەتمەندە هاتووە بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتن و بڕیارە سیاسییە جێبەجێ بکات.

٢. دیدی سیاسەتی ئەمریکا بۆ ستراتیژیەت و ئاسایشی وزە لە جیهاندا بەوجۆرەیە کە دەبێت ئەمریکا بە خۆی سەرکردایەتیی ئەم ستراتیژیەتەی ئاسایشی وزە بکات، بێگومان وەك جیفری بایتیش ئاماژەی پێکرد «عێراق یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمهێنەرانی وزە لە جیهاندا، توانای ئەوەی هەیە کە لە بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە زۆر کاراتر بێت، بەشێوەیەك سوود بە هەموو هاووڵاتیانی بگەیەنێت و توانای خودبەرهەمێنی و توانای کۆمپانیا عێراقییەکان بە کۆمپانیاکانی کوردستانیشەوە زیاد بکات». ئەم وتانەی جیفری بایت، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەمریکا کەرتی وزەی عێراق بە بەشێك لەو ستراتیژیەتەی ئاسایشی وزەی جیهانی سەیر دەکات، کە خۆی سەرکردایەتی دەکات.

٣. سەقامگیریی عێراق بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گرنگە، بەتایبەتی کە هەتا ئێستا عێراق وەك دەوڵەت نەیتوانیوە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێتەوە و وەك دەوڵەتێکی بەهێز لە ناوچەکە دەربکەوێت، بۆیە بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی بەهێزی فیدڕاڵی لە ناوچەکە و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

ئەوەی لە دوماهیی ئەم دێڕانەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە زۆر گرنگە ئیدارەی ئەمریکی هاوکاری زیاتر حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی عێراق بن، بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانن یاسایەکی نەوت و گازی فیدڕاڵی دابڕێژن و لەپەرلەمانی عێراق پەسند بکرێت. دەرچوونی ئەم یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵییەی عێراق دەبێتە سەرەتایەك بۆ کردنەوەی هەموو کێشەکان و ڕێکخستنەوەی هەر دوو سێکتەری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا.

**ئەمریکا، پاڵپشتیی ویستگە گازییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، لە دووبارە بەکارهێنانەوەی گازی بەفیڕۆچوو و بەکارهێنانی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای ٢٤ کاتژمێری لە هەرێمی کوردستاندا**



## دڵشاد شەهاب
وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان چەتری کۆکەرەوەی هەمووانە و بە سوپاسەوە لایەنە سیاسییەکانیش بەدەنگەوەهاتنی باشیان هەبووە

### پرسی مووچە هەنگاوی زۆر باشی ناوە و لە ئینفاقی فیعلی و پشکی بودجە و ناکۆکیی سیاسی جیا کراوەتەوە

### لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان گەشبینین بەوەی هەوڵەکان سەردەگرێت و هەڵبژاردنێکی باش و سەرکەوتوو ئەنجام دەدەین

دیدار و چاوپێکەوتنەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەریەك لە بەغدا و تاران و بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، کۆتایی بە هەموو ئەو دەنگۆیانە هێنا کە وا نیشان بدرێت فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان بەرەو سنووردارکردن دەچێت و، ڕۆڵ و پێگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێوخۆی عێراق و ناوچەکەدا تێگەیشتنێکی نوێی لەلایەن زۆر لە لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی عێراق لێکەوتەوە، بەوەی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان پێویستە و بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستانیش بۆ عێراق گرنگە، ئەوەتا لەسەر ئاستی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لێکتێگەیشتنی باش دروست بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەمە وێڕای ئەوەی بۆ جارێکی دیکە بابەتی پێکەوەژیانی نێوان هەموو پێکهاتەکانی عێراق بووە زەروورەتێکی ئەم قۆناغە، لەلایەکی دیکەوە واچاوەڕوان دەکرێت لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نێوماڵی کورد ڕێك بخرێتەوە و پرسێکی هاوبەش بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دروست بێت، لەسەر هەموو ئەم پرسانە و چەند تەوەرەی دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دڵشاد شەهاب وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان سازدا. لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاودەکەینەوە.



**ڕۆڵ و پێگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێوخۆی عێراق و ناوچەکەدا تێگەیشتنێکی نوێی لەلایەن زۆر لە لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی عێراق لێکەوتەوە**

**هەر جارەو سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات، هەنگاوێکی نوێی بەرەوپێشچوون ڕوودەدات**

**دانوستان و ڕێککەوتنەکانیش لەسەر داهاتە نانەوتییەکان ئەنجام و ئاراستەیەکی باشیان وەرگرتووە**

*** با سەرەتای پرسیارەکەمان لە سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ محەمەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ دەست پێبکەین، کە پێشتریش جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زنجیرەیەك سەردان و دیدار و گفتوگۆی لە بەغدا لەگەڵ سەرۆك وەزیران و گەورە بەرپرسان هەبووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا تاچەند ئەم هەنگاوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئومێدبەخشە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتری نێوان هەولێر و بەغدا؟**

- سەردان و دیدارەکانی ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا و حزووری بەڕێزیان لەگەڵ دەسەڵاتداران و بڕیاربەدەستدانی دامەزراوە فەرمییەکان، کە پێکهێنەری حکومەتن و خۆیان لەناو هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەبیننەوە، بە تەئکید کاریگەرییەکی زۆر ئەرێنی و باشی لێکەوتووەتەوە، بۆ دۆخی گشتی عێراق و هەرێمی کوردستان و پرسە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولا بەتایبەتی. ئەوە بوو لە دوا سەردانیدا لەسەر دۆسیێ هاوبەشەکان و پلان و ستراتیژیی پێشخستنی ئابووری و پەرەپێدان لە تەواوی عێراق گفتۆگۆی جددی کرد. هەڵبەتە ئەزموونی فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەزموونێکی نوێیە و تاکە هەرێمی فیدراڵییە لە ناوچەکەدا، هەرچەندە ئەم فیدراڵییە لە شێواز و پێکهاتن و ڕێککەوتندا لە چوارچێوەی دەستوورێکی دەنگ پێدراوی گەلانی عێراقدا دانی پێدا نراوە، بەڵام هێشتا جۆرێك لە بیرکردنەوە هەیە بەوەی چۆنیەتی مامەڵەی دروستی هەرێمێکی فیدراڵی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ئیتحادی ڕێك بخرێتەوە. ئاشکرایە دەستوور هێڵە گشتییەکانی داناوە و بەشێکی بۆ یاساکان و دواتر بۆ ڕێنمایی و ڕاسپاردەکان و بابەتەکانی دیکەی بەجێ هێشتووە. ئەوە بوو لەم چەند مانگەی ڕابردوودا بەهۆی کەڵەکەبوونی کێشەکان و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی وا، گوایە هەرێمی فیدراڵی کوردستان دەسەڵاتەکانی بەرەو لاوازی و سنووردار دەبرێت و تەنانەت لەنێو هەندێك ناوەندی سیاسی و فیکری و میدیاییدا باس لە نەمانی فیدراڵییەتەکەش دەکرا و قسەوباسی وا دەورووژێنرا، گوایە فیدراڵییەت بۆ عێراق گونجاو نییە، هەرچەندە لە دەستووردا فیدراڵییەت چەسپێنراوە و لەسەر ئەم بنەمایە عێراقی نوێ دامەزراوەتەوە. لەناو هەموو ئەم کێشە و ئاڵۆزییەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونێکی دیپلۆماسییانەی سەرکەوتووانەی خۆی لە گەیاندنی هەقیقەت و دیدگای گەلی کوردستان بۆ پێکەوەژیان و بەرژەوەندیی هاوبەش و سەقامگیری ناوچەکە و دڵنیاییدان بە دراوسێکان لە ناوچەکەدا توانی ڕۆڵی ڕاستەقینەی پێگەی هەرێمی کوردستان لەناوچەکەدا بەهێزتر بکات، بەوەی کوردستان ببێتە کاراکتەر و فاکتەری ئارامی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوە و کاریگەرییان لە بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا دەبێت.

*** کەواتە، دەتوانین ئومێد لەسەر کردنەوەی گرێ کوێرەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەڵبچنین و ئەم قۆناغە بەستەڵەکەی نێوان هەردوولا تێپەڕێنین؟**

- کردنەوەی گرێ کوێرە و ئاراستەی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی بە تەواوەتی لە دوو مانگی ڕابردوودا دیارە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو لێکتێگەیشتنانەی بەتایبەتی لەلایەن بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق و دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەری و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران و بەڕێز سەرۆك کۆمار و سەرۆکی دادگای فیدراڵی و لایەنە سیاسییەکان هەیە، کە گۆڕانکاریی باش ڕووی داوە لە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەی چارەسەرکردنی کێشە و ئاستەنگەکان و گەیشتن بە قۆناغی هاریکاری و هاوکاریی نێوان هەولێر و بەغدا هەر لە پارێزگاریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و چارەسەرکردنی کێشەی بودجە و مووچە و نەوت و سامانە سروشتییەکان و چەندین بابەتی دیکەوە، هەر جارەو سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات، هەنگاوێکی نوێی بەرەوپێشچوون ڕوودەدات.

*** وەکو ئاماژەت پێدا، ئاساییبوونەوە و لێکتێگەیشتنەکانی نێوان هەرێم و عێراق قۆناغی**

**باشی بڕیوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەموو پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، کەچی هەر کاتێك لێکنزیکبوونەوە دەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، ئاستەنگ و کێشەی نوێ دەخوڵقێنرێت. ئایا تا چەند ئێوە لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئومێدتان هەیە، هەموو ئەو کێشانە ڕوو لە چارەسەرکردن بکات؟**

- بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤وە تاکو ئێستا، تەنانەت یەك ساڵیش نەبووە بە ڕێکوپێکی بدرێتە هەرێمی کوردستان، واتە ١٠ ساڵ تێپەڕ بووە بەسەر هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی بۆ هەرێمی کوردستان خوڵقێنراوە. ئێمە مەبەستمان نییە بگەڕێینەوە سەر هۆکارەکانی، هێندەی ئەوەی مەبەستمانە کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکەین. واقیعی ئەو ١٠ ساڵە لە ئەنجامدا کەلێنێکی گەورەی لێکەوتووەتەوە، لە نەبوونی گفتوگۆ و لێکتێنەگەیشتنی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی فیدراڵیی عێراق. بۆچوون لە عێراق هەیە، بەوەی ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت لە کۆنفیدراڵی زیاترە و هەندێکجاریش ئێمە پێمان وایە ئەو مامەڵەی لەگەڵ ئێمە دەکرێت، لە مامەڵەی پارێزگایەکیش کەمترە. بۆشایی و کەلێنێکی زۆر گەورە لەنێوان هەردوو بۆچوون و تێڕوانینەکەدا هەیە. لە ئێستادا ئەرکی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە ڕێگای ئەم دیدار و گفتوگۆیانە ئەو کەلێنە کەم بکاتەوە. ئەوەتا لە بابەتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان هەنگاوی زۆر باش نراوە، لە دەرئەنجامی دیدار و گفتوگۆکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورە بەرپرسانی بەغدا، ئەوەتا مووچە لە ئینفاقی فیعلی جیا کراوەتەوە و لە ڕێژەیەك کە لە یاسای بودجەی گشتی لە پشکی هەرێم لە ١٢،٦٪ پرسی مووچەکە جێگیر کراوە و لەم پشکە دەربازی بووە و لە ئێستادا ئاراستەیەکی دروستی وەرگرتووە و بەلانی کەمەوە لە ناکۆکییە سیاسییەکان جیا دەکرێتەوە. لەسەر بەبانکیکردنی مووچە و دانانی سیستەمێکی ڕێکوپێك بۆ دابەشکردنی مووچەکان بە هەماهەنگی لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و ناوەند گفتوگۆیەکی زۆر جددی و باش هەیە و، تەنیا هەندێك وردەکاری ماونەتەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بەدادگای فیدراڵییەوە، بە شێوەیەکی گشتی بەبانکیکردنی مووچە لە چوارچێوە گشتییەکەیدا ڕێککەوتن لەسەر هێڵە گشتییەکان کراوە. دانوستان و ڕێککەوتنەکانیش لەسەر داهاتە نانەوتییەکان ئەنجام و ئاراستەیەکی باشیان وەرگرتووە. واتە ئێمە پابەندییەکانی خۆمان جێبەجێ کردووە و بەرەوپێشچوونی باش هەیە. دیدارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بۆ بەغدا ئومێدی زۆری لێکەوتووەتەوە. بەگشتی ئومێدمان زۆرە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی چارەسەر بکرێت، مادام ئاراستەیەکی دروست و ئیرادەیەکی سیاسی و ئیداریی باش هەیە، سەرۆکی هەرێمیش لە دیدارەکانیدا لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق و سەرۆکی دادگای فیدراڵی بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە نابێت پرسی مووچە تێکەڵ بە ناکۆکی و گرژیی نێوان هەردوو حکومەت بکرێت.

*** سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران، سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەتایبەتی دیدارەکانی لەگەڵ ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان، ئایا ئەو دەرئەنجامانە چین کە بەهۆی ئەو دیدارانەوە ڕوو دەدەن؟**

- سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران سەردانێکی باش و گرنگ بوو. بەتایبەتی کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و شورای ئەمنییەت. ئێمە پەیوەندییەکی مێژوویی و هاوبەشی پێکەوەمان هەیە و سنوورێکی دوور و درێژمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە و ئاڵوگۆڕێکی بازرگانیی گەورەشمان لەنێواندا هەیە، هاوکات تێکەڵاوییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان کوردەکانی هەردوو سنوور هەیە و ڕۆژێك لە ڕۆژان کۆماری ئیسلامیی ئێران پەناگەی سەدان هەزار ئاوارە و بنکەیەکی بەهێزی پێشمەرگە و ئۆپۆزسیۆنی عێراق بووە. بە تەئکید لە چاوپێکەوتنەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕابەری کۆماری ئیسلامیی

**ئاشکرایە دەستوور هێڵە گشتییەکانی داناوە و بەشێکی بۆ یاساکان و دواتر بۆ ڕێنمایی و ڕاسپاردەکان و بابەتەکانی دیکەی بەجێ هێشتووە**

**ئێمە هێشتا لە پیادەکردنی ئەم پرۆسە دیموکراتییەدا لەقۆناغی پێگەیشتنداین و ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەندمان نییە**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر چوار بنەمای سەرەکی لە نێوخۆدا کار دەکات، ئەویش (پارێزگاریکردنە لە ژینگە پێکەوەژیان، پارێزگاریکردن لە ئازادییەکان و پارێزگاریکردن لەمافی ئافرەت و خێزان) لەگەڵ گرتنەبەری ڕێگایەکی دروستی گفتوگۆ**

**دیدارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا ئومێدی زۆری لێکەوتووەتەوە. بەگشتی ئومێدمان زۆرە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی چارەسەر بکرێت**

**هەندێکجار ئێمە پێمان وایە ئەو مامەڵەی لەگەڵ ئێمە دەکرێت، لە مامەڵەی پارێزگایەکیش کەمترە**

**هەرێمی کوردستان فاکتەری ئاشتی و سەقامگیری و ئارامی و پێکەوەژیانە لە ناوچەکەدا و نابێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ دراوسێکانی**

ئێران پشتگیری ئەوەی کردووە، هەموو کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، نابێت ئەو ڕۆڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەبیر بکەین کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕۆڵیان هەبووە لە ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری لە عێراق و بونیادنانی دەوڵەتی ئێستای عێراق. ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێم بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران وەرچەرخان بوو بەڕووی کرانەوە و دڵنیایی دوو لایەنەی نێوان هەرێم و کۆماری ئیسلامیی ئێران. دڵنیایی بە لایەنی ئێران دا، کە هەرێمی کوردستان فاکتەری ئاشتی و سەقامگیری و ئارامی و پێکەوەژیانە لە ناوچەکەدا و نابێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ دراوسێکانی، لەلایەکی دیکەوە لایەنە سیاسییەکانی عێراق، بەتایبەتی ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی شیعە کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە و لەم وڵاتە دەتوانن ڕۆڵی گەورە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوو لا ببینن، هەموو ئەمانە واقیعێکن و وجوودیان هەیە لەم جوگرافیایە و لەو گەمە سیاسییەی کە لە ناوچەکەدا هەیە. بۆیە ئەم وەرچەرخانە لەپەیوەندییەکان ڕەنگدانەوەی باشی بووە و هەموو ئەمانەش لە بەرژەوەندیی هەرێم و خەڵکی کوردستان و ئێرانیشدایە.

*** ڕا و بۆچوونی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەسەر پرسی هەڵبژاردنەکان چۆنە و، بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم پرسە لە چیدایە و ئایا لەبەرنامەدایە گفتوگۆکان لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی دەست پێ بکەنەوە؟**

- کارێکی ئاساییە کە نزیك دەبینەوە لە هەڵبژاردن و ئەنجامدانی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ئاستی ناکۆکی و گرژییەکان و لێدوانەکانی نێوان حزبە سیاسییەکان و کاراکتەرەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن زیاتر بێت. ئەوەش ئاساییە کە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسەر دەسەڵات توندتر دەبن و حزبەکانی فەرمانڕەواش باسی دەستکەوتەکان دەکەن و هەموو ئەم ململانێیە کارێکی نائاسایی نییە. ڕاستە ئێمە یەکەمین هەڵبژاردنمان لەساڵی ١٩٩٢ بووە و زیاتر لە ٣٠ ساڵی تێپەڕاندووە، بەڵام بەراورد بە زەمەنی پیادەکردنی دیموکراتی و قووڵیی ئەم پرۆسەیە بەتایبەتی ئەگەر بەراورد بکرێت بە ئەزموونەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئێمە هێشتا لە پیادەکردنی ئەم پرۆسە دیموکراتییەدا لەقۆناغی پێگەیشتنداین و ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەندمان نییە. سەبارەت بە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دیدگای ئێمە بەم شێوەیەیە کە بۆ هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووانە زەمینە سازی باشی بۆ بکرێت و هەمووان هەست بەدڵنیایی بکەن و لە پێشیانەوە هاووڵاتیانی کوردستان. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا زۆر بە ڕوونی وتی: «ئێمە هەڵبژاردن دەکەین بۆ ئەوەی پێکەوە کار بکەین و نابێت هەڵبژاردن ببێتە هۆی لێکترازانی زیاتری هەرێمی کوردستان». بەپێچەوانەوە دەبێت هەڵبژاردن ببێتە خاڵی کۆکەرەوەو لێك نزیکبوونەوە. هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە ڕای میللەتی خۆت وەربگری دەربارەی کێبڕکێیەکی سیاسی و لە دەرئەنجامیش حکومەت دابمەزرێت. ئێ خۆ نابێت ئەو کەلێنانەی لە کاتی هەڵبژاردن ڕوودەدات، ئەوەندە گەورە بن، ببنە ئاستەنگ لەبەردەم دوای هەڵبژاردنەکە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی ٢٠٢٢ـەوە تاکو ئێستا بەردەوام مەرسووم و هەوڵەکانی لەم ئاراستەیە بەردەوامە و بە ئاراستەی زەمینەسازی بووە بۆ هەڵبژاردن، نەك تەنیا دیاریکردنی بەروارێك بۆ هەڵبژاردن. ڕاستە بۆ هەڵبژاردن زۆر دواکەوتووین، بەڵام بە ئومێدەوە دەڕوانینە هەنگاوەکان، ئەوەتا بەردەوام ڕێنمایی نوێ دەردەچێت. هەر لە هەفتەی ڕابردوو بوو ڕێنمایی دیکە لە کۆمیسیۆن دەرچووە، بۆ ئەوەی ئەو دەیان هەزار دەنگدەرەی هەیە لە ئامێرەکانی دەنگدان، کێشەی پەنچە مۆریان هەیە و ناخوێنرێتەوە، جارێکی دیکە سەر لەنوێ دەرگا دەکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی، ئەمەش یەکێکە لە لێکەوتەکانی ئەم بارودۆخە و سوودی لێ وەردەگیرێت. لە ئێستادا دوای ئەوەی دادگای فیدراڵی بڕیارێکی دەرکردووە لەسەر داوایەکی ڕێزدار سەرۆك وەزیران بووەتە هۆی ئەوەی پرۆسەکەی ڕاگرتووە ئەم ڕاگرتنەش ئاساییە، چونکە پەیوەستە بە هەندێك

ئیجرائاتەوە. ئەگەر ئەم ئیجرائاتەی کۆمیسیۆن ڕانەگیرایە، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق تووشی بارگرانییەکی زۆر دەبوون. ئەم داوایە دوو بەشە، بەشێکی ڕاگرتنی ئیجرائاتەکانە بەشەکەی دیکەی پێداچوونەوەیە لە پێداچوونەوەی کورسییەکان بە شێوەیەکی دادوەرانە و بەپێی دەستوور و بە زامنکردنی مافی پێکهاتەکان، هەروەکو ئەوەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان هەیە. خۆ ئەگەر کۆمیسیۆن کارەکانی ڕانەگرتایە، ئەوا بە دەیان ملیۆن دۆلار بە هەدەر دەدرا، بۆ نموونە ئەگەر بڕیاری دادگای فیدراڵی دەرچوو پشتیوانیی ئەو داوایەی جەنابی سەرۆك وەزیرانی کرد، بەشێکی زۆری ئەو ئیجرائاتەنەی دەبێت کۆمیسیۆن دووبارەی بکاتەوە. لەم هەفتەیە چاوەڕوان دەکرێت، دەست بە دانیشتنەکانی بڕیاردان لەسەر داواکەی سەرۆك وەزیران بکرێت. خۆ ئەگەر وەڵامی داواکە هەبوو، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان دەبێت دووبارە خشتەی خۆی ڕێك بخاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هەنگاوی ئیجابی نراوە، بۆ نموونە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تەمەنی تەشریعی خۆی لە ماوەی مانگێك درێژ کردووە، یەکێك لەو ئامانجانەی بۆ ئەوەی بتوانێت هەمواری یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بکاتەوە، تاوەکو کۆمیسیۆن بتوانێت لەکارەکانی بەردەوام بێت، لە کاتێکدا گۆڕانکاری لە وادەی هەڵبژاردنەکان ڕوو بدات، تووشی کێشەی یاسایی نەبێت. بە شێوەیەکی گشتی من ئومێدم زۆرە، ئاراستەیەکی دروستی وەرگرتووە و گەشبینم لەوەی ئەم هەوڵانە سەردەگرن و پشتیوان بەخوا هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو ئەنجام دەدەین.

*** سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان تا چەند لە گفتوگۆدایە لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و دیاریکردنی وادەیەك بۆ هەڵبژاردن؟**

- بە خۆشحاڵییەوە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیچ کات لە بۆشاییەکی وا نەبووین کە لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکان دوور بین. لەدەستپێکی کارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا سەرۆکایەتیی هەرێم بووە ئەو چەترەی کۆکەرەوەی هەمووانە، لە بەرانبەریشدا لایەنە سیاسییەکان بەدەنگەوەهاتنی باشیان هەبووە و لە باروودۆخە سەخت و قورسەکاندا حزبە سیاسییەکان کە زۆر زەحمەت بووە لەگەڵ یەکدا کۆببنەوە، هاتوون و لێرە لە سەرۆکایەتی کۆبوونەتەوە . ئێستا لایەنە پێکهێنەرەکانی حکومەتی فیدراڵی کە لە هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کۆدەبنەوە، ناکۆکیی زۆریان هەیە، بەڵام شوێنێك هەیە کۆدەبنەوە و گفتوگۆ دەکەن. سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەردەوامی بەو نەهجە دەدات و ڕێز لە ڕاوبۆچوونی هەموان دەگرێت و حزبەکانیش ئامادەیی باشیان تێدایە و تەنانەت بۆ یەکجار نەبووە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوەتی لایەنەکانی کردبێت و ئامادە نەبووبن، خۆشمان سەردانمان کردوون و سەردانی دیکەمان دەبێت و هیچ لایەنگیرییەکیش بۆ هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی نییە، تەنیا ئامانجی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پارێزگاریکردنە لەو پێگە دەستوورییەی هەرێمی کوردستان کە جوانییەکەشی لەوەدایە کە ئەزموونێکی جوانی دیموکراتی و ئازادی پێشکەش بکەین و هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو بەڕێوە ببەین. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر چوار بنەمای سەرەکی لە نێوخۆدا کار دەکات، ئەویش (پارێزگاریکردنە لە ژینگە، پێکەوەژیان، پارێزگاریکردن لە ئازادییەکان و پارێزگاریکردن لەمافی ئافرەت و خێزان) لەگەڵ گرتنەبەری ڕێگایەکی دروستی گفتوگۆ، جەنابیان هەمیشە پێی وایە کەوا هیچ دەرگایەکی داخراو بە هەمیشەیی نییە و هەموو دەرگایەك کلیلێکی هەیە و کلیلی هەموو دەرگا داخراوەکانیش کە هەمیشە بەڕێزیان هەڵیدەبژێرێت، گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنە.

جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ناوەندە جیهانییەکان و ئیقلیمییەکان بەتایبەت لە هاتنی سەرۆك کۆماری تورکیا و سەردانە سەرکەوتووەکەی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەردانە بەردەوامەکانی کە لەگەڵ دەسەڵاتە ئیتحادییەکان لە بەغدا هەیەتی، هەمووی لە دواجاردا پارێزگاریکردنە لە بەهێزیی پێگەی هەرێمی کوردستان و پاراستنی مافە دەستوورییەکانی و لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و پێگەی هەرێم شکاوەتەوە.

**ئاساییە کە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسەر دەسەڵات توندتر دەبن و حزبەکانی فەرمانڕەواش باسی دەستکەوتەکان دەکەن و هەموو ئەم ململانێیە کارێکی نائاسایی نییە**

**دەبێت هەڵبژاردن ببێتە خاڵی کۆکەرەوەو لێك نزیکبوونەوە. هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە ڕای میللەتی خۆت وەربگری دەربارەی کێبڕکێیەکی سیاسی و لە دەرئەنجامیش حکومەت دابمەزرێت**

**سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پارێزگاریکردنە لەو پێگە دەستوورییەی هەرێمی کوردستان کە جوانییەکەشی لەوەدایە کە ئەزموونێکی جوانی دیموکراتی و ئازادی پێشکەش بکەین**



کورسیی کۆتاکان لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بووە کێشە لە نێوان فراکسیۆنەکان و لە خولی پێنجەم تەشەنەی کرد و گەیشتە ئەو ئاستەی کە لەلایەن یەکێتییەوە لە دادگای فیدراڵی سکاڵایان تۆمار کرد و سەرئەنجام بە بڕیارێك دادگای فیدراڵی کورسیی کۆتاکانی نەهێشت و بەم هۆیەشەوە پارتی و بارزانی بەشداریکردنی پەرلەمانی کوردستانیان بایکۆت کرد. بۆ ئەو پرسە و چەندین پرسیاری دیکە گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ عیرفان کەرکوکی سەرۆکی حزبی گەلی تورکمان ئەنجام دا.

## عیرفان کەرکووکی

سەرۆکی حزبی گەلی تورکمان بۆ گوڵان:

# ئەو ماف و بەرژەوەندییانەی بۆ نەتەوە و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەدەست هاتوون لە سایەی پاڵپشتیی جەنابی سەرۆک بارزانی بووە

*** بۆچی کورسیی کۆتاکان بووە خاڵی ناکۆکی لەناو پەرلەمانی کوردستان و خۆت وەك سەرۆکی حزبی گەلی تورکمان هۆکارەکان بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟ ئەو هۆکارانە چی بوون کە لایەنێکی سیاسیی کوردی دژی کورسیی کۆتاکان پرسەکەی بردە دادگای فیدڕاڵیی عێراق؟ ئەم بڕیارەی دادگای فیدڕاڵی تا چەند مەترسی لەسەر پێکەوەژیان لە کوردستان دروست دەکات؟**

- ئێمە لە پارتی گەلی تورکمانی هەمیشە باوەڕمان زۆر بەو پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەیی هەیە کە لە کوردستان زۆر بە جوانی ڕەگی داکوتاوە و بەرجەستە بووە، ئێمەش هەموو کاتێك هەوڵ و جەختمان لەسەر ئەو پێکەوەژیانە کردووەتەوە و لەگەڵ ئەو کار و بەرنامەیەین کە حکومەتی کوردستان بەتایبەتی کابینەی نۆیەم تەوەر و کار و پلان و بەرنامەی تایبەتی بۆ گەشەکردن و زیاتر بەرەوپێشەوەچوونی پێکەوەژیان دارشتووە. ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە کە خۆی لە هەموو پرس و جومگە سیاسی و دامەزراوەکانی حکومەت دەبینێتەوە، بووەتە هۆکاری ئەو ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیرییەی کە لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت. ئێمە وەکو حزبی گەلی تورکمان کە لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزراوین و چەندین ڕۆڵە و کەسی دڵسۆزمان بوونەتە قوربانی و شەهید لە پێناو نەتەوەی تورکمان و تەواوی گەلی کوردستان و خۆمان بە هاوبەشی پێهکاتەکانی دیکە بەتایبەتی کوردو کریستیان و ئایین و ئایینزاکان دەزانین، بۆ زیاتر بەرەوپێشەوەچوون و جێگیربوونی ئەو پێکەوەژیانە و ئەو ئاشتی و لێبوردەییەی کە بە درێژایی مێژوو لە کوردستان لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسی بەتایبەتی بارزانیی نەمر کار و هەوڵی جددی بۆ دراوە. بەڵام هۆکاری ئەو ناکۆکییەی لەسەر کورسیی کۆتا دروست بوو، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێ سیاسییەی کە لەلایەن حزب و لایەنە کوردستانییەکان هەیە و لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان زیاتر لەناو پەرلەمان لەلایەن حزب و لایەنی سیاسی کوردستانی تەشەنەی کرد، واتە زیاتر موزایەدەی سیاسی بوو، ئەگینا ئێمە قەت وەکو تورکمان و کریستیان و پێکهاتەکانی دیکە کێشە و مەترسی نەبووین لە هەموو ڕووەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو ئەو کورسیی کۆتایانە پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستانی لە دیدی جیهان و پرۆسەی دیموکراتییەوە زۆر جوانتر کردووە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو کێشە و گرفتە کە پێویستی نەدەکرد، گەیەندرایە دادگای فیدڕاڵی، کە خۆی لە تانە و سکاڵاوە بینییەوە، سەرئەنجام دادگای فیدڕاڵی بڕیاری دا بە نەمانی کورسیی کۆتاکان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو بڕیارەش پێش هەموو شتێك بڕیارێکی سیاسی بوو، لە دژی پێکەوەژیان و قەوارەی فیدڕاڵی هەرێمی کوردستان. کە بە هەموومان ببووینە سمبولێکی جوان بۆ پێکەوەژیان و دیموکراتی. ئەم نموونە جوانە نەوەکو تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە ناوچەکە و لە جیهانیشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، چونکە ئێمەی نەتەوە و پێهکاتەی تورکمان و ئەوانی دیکەش لەناو ئەو پەرلەمانی کوردستان کە بە خوێنی سەدان و هەزارن ڕۆڵەی قارەمانی کوردستان هاتووەتەدی و هەموو لایەکمان وەکو یەك و هاوبەش بەشداری لە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان دەکەین. ئەگەرچی بەداخەوە ناحەزانی ئەو هەرێمە جوان و ئەو پێکەوەژیانە و ناحەزانی ئارامی و ئاشتی و ناحەزانی ئاوەدانی و بونیادنانی ئازادی و دیموکراتی کوردستان، هەستان کێشە و ململانێی نێوخۆییان گەیاندە دەرەوەی هەرێمەکەمان، بەتایبەتی گەیاندیانە ئەو دادگایە کە سەرئەنجام بڕیارێکی زۆر سیاسی درا، پێش ئەوەی دەستووری بێت، چونکە بڕیارێکە زۆر سیاسییانە بووە لە دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان، بە نەمانی کورسیی کۆتاکانیش بە تەئکید کەلێنێك لەناو پێکەوەژیانەکە دروست دەبێت و کاریگەریی خۆی لەسەر پێکهاتەکان دروست دەکات. دەتوانین بڵێین بە پشتگیریی جەنابی سەرۆك بارزانی نەبێت، ئەوە مەترسییەکی زۆر گەورە لەسەر پێکەوەژیانەکەش دروست دەکات، بەڵام لە هاتنەدی کورسیی کۆتا و شادبوون و گەیشتنمان بە مافە ڕەواکانمان، بەتایبەتی وەکو نەتەوەی تورکمان بە پاڵپشتی و داکۆکیی جەنابی سەرۆك بارزانی بوو، وەکو کەسایەتی و کاریزمای خۆی و مەرجەعی گەورە و سەرەکیی گەلی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ هەموو نەتەوەو لایەن و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان

**بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی بە نەمانی کورسیی کۆتاکان دروستکردنی کەلێن و مەترسییە لەسەر ئەو پێکەوەژیانە جوانەی لە کوردستان هەیە**

**ئێمە لە پارتی گەلی تورکمانی هەمیشە باوەڕمان زۆر بەو پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەییە هەیە کە لە کوردستان زۆر بە جوانی ڕەگی داکوتاوە**

**کابینەی نۆیەم تەوەر و کار و پلان و بەرنامەی تایبەتی بۆ گەشەکردن و زیاتر بەرەوپێشەوەچوونی پێکەوەژیان دارشتووە**

**هۆکاری ئەو ناکۆکییەی لەسەر کورسیی کۆتا دروست بوو، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێ سیاسییەی کە لەلایەن حزب و لایەنە کوردستانییەکان هەیە**

کردووە، هەر ئەمەشە وای کرد، نەتەوەی تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە بگەن بە ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانیان لە هەرێمی کوردستان. لەلایەکی دیکەوە ئەو سکالا و تانەیەی لە دادگای فیدراڵی تۆمار کرا، کە ئەو بڕیارەی لە هاتەدی کە هیچ خزمەتێکی بە کوردستان و هیچ حزبێك نەکردووە، تەنانەت خزمەتی بەو لایەنەش نەکردووە کە سکالاکەی کردووە. بەڵکو پێویست بوو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان خۆمان لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشتباین و چارەسەری ئەو گرفت و کێشانەمان بکردایە کە هەبوون، نەك کێشەی نێوخۆی ببەینە دەرەوەی ئیرادە و دەسەڵاتی خۆمان کە کێشەکانی گەورەتر و زەحمەتتر کردووە.

*** بەڵام ئێستا و دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، کورسیی کۆتاکان ڕەت کراونەتەوە و تورکمانەکانیش بەشداریکردنیان لە پەرلەمانی کوردستان نامێنێت. ئایا ئێوە وەك تورکمان و کلد و ئاشووری و سریان و ئەرمەن، هەوڵەکانتان گەیشتووەتە کوێ بۆ ئەوەی کورسیی کۆتاکان بگێڕنەوە؟**

- ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەش چەندین کۆبوونەوە و گفتوگۆی تێر و تەسەل و کاریگەرمان ئەنجام دا و لەگەڵ یۆنامی کۆبووینەوە و دەنگمان و بیر و هەست و ناڕەوایی ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی عێراقمان پێیان ڕاگەیاند، لەپاشان بە نووسراو دەنگی خۆمان گەیاندە نوێنەر و کونسوولگەریی وڵاتان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ لە دنیادا بەتایبەتی ئەوانەی نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە، واتە بە هەموو لایەکمان ڕاگەیاند، مەبەست لەو بڕیارە سیاسییە و دەستتێوەردانە لە پرۆسەی دیموکراتی و ئازادیی هەرێمی کوردستان و نانەوەی کێشە و دروستکردنی کەلێنە لەو پێکەوەژیانە جوانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە. بێگومان بە پشتیوانیی پارتی و بارزانی هەوڵی جددی و زۆرمان داوە، وەکو پێکهاتەکان بۆ ڕاگرتنی ئەو بڕیارە ناهەق و سیاسییەی دادگای فیدراڵی کە لە دژی ئێمە و هەموو گەلی کوردستان داویەتی. چاوەڕوانین هەوڵەکانیشمان بەرهەمی خۆی هەبێت.

*** لەناو تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا تەنیا سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی توندیان لەسەر ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتاکان وەرگرت و ڕایانگەیاند ئەگەر کورسیی کۆتاکان نەمێنن، ئەوا پارتیش لە هەڵبژاردنەکان بەشداری ناکات و بایکۆتی دەکات. ئایا ئێوە وەك تورکمان چۆن سەیری ئەم هەڵوێست و پشتگیرییەی سەرۆك بارزانی دەکەن؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانی تەئکیدیان لەوە کردووە، ئەگەر مافی نەتەوەی تورکمان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان نەگەڕێتەوە ناو پەرلەمانی کوردستان، کە (١١) کورسیی کۆتایە و نوێنەرایەتیی واقیعی و هەقیقەتی نەتەوە و پێکهاتەکان دەکەن جگە لەوەی ئەوە قابیلی قبووڵ نییە، ئێمەش بەشداریی پرۆسەی ئەو خولەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ناکەین، چونکە پرۆسەکە لە دیموکراتییەت دەردەچێت و خزمەت بە ئایندە و ئێستای کوردستان ناکات. لە هەقیقەتدا جەختکردنەوەی جەنابی بارزانی لەو کارەدا متمانەیەکی تەواو و گەورەی بە پێکهاتەکان داوە و ڕۆحیەتێکی زیندووی دایەوە بە نەتەوەی تورکمان و کریستیان و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان، کە بە هیچ جۆرێك کەس ناتوانێت زوڵممان بەرانبەر بکات، تاوەکو جەنابی سەرۆك بارزانی پاڵپشت و داکۆکیکاری مافەکانمان بێت، کە نەك هەر لە ئێستادا، بەڵکو لەو کاتەی کە دەستووری هەمیشەیی عێراق ئامادە دەکرا، جەنابی سەرۆك بارزانی سەرپەرشتیی ئەو پرۆسەیەی دەکرد، کە ئێمەش نوێنەرمان وەکو تورکمان تێیدا بەشدار بوو. لەو کاتەیی دیباجەی دەستوورەکە دەبەنە خزمەت جەنابی سەرۆك بارزانی دەیگێڕێتەوە و دەفەرموێت: «دەبێت مافی نەتەوەی تورکمان وەکو ئەوەی خۆیان دەیانەوێت لەناو دەستوورەکە جێگیر بکرێت»، کە ئەمە پاڵپشتییەکی زۆر گەورە و بەهێز بوو، چونکە نوێنەری خۆمان لە لیژنەکە بوو، نەیتوانیبوو ئەوە بکات. جەنابی سەرۆك بەوپەڕی لەخۆبوردەیی و خەمخۆری جێبەجێی کرد. بۆیە هەموو کات ئێمە جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعی

**بە نەمانی کورسیی کۆتاکان کەلێنێک لەناو پێکەوەژیانەکە دروست دەبێت و کاریگەریی خۆی لەسەر پێکهاتەکان دروست دەکات**

**جەنابی سەرۆک بارزانی بوو، وەکو کەسایەتی و کاریزمای خۆی و مەرجەعی گەورە و سەرەکیی گەلی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ هەموو نەتەوەو لایەن و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان کردووە**

**بە نووسراو دەنگی خۆمان گەیاندە نوێنەر و کونسوولگەریی وڵاتان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ لە دنیادا بەتایبەتی ئەوانەی نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە**

**بە پشتیوانیی پارتی و بارزانی هەوڵی جددی و زۆرمان داوە، وەکو پێکهاتەکان بۆ ڕاگرتنی ئەو بڕیارە ناهەق و سیاسییەی دادگای فیدراڵی کە لە دژی ئێمە و هەموو گەلی کوردستان داویەتی**

گەلی کوردستان و کەسایەتی و کاریزمایەکی کەم وێنە دەبینین لە پاڵپشتی و داکۆیکردن لە ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانی ئێمەی نەتەوەی تورکمان، بە هەمان شێوە بۆ هەموو پێهکاتە و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان و هەموو عێراقییش، ئەوەی سەرۆك بارزانی بۆ ئێمەی کردووە مێژوو شاهیدیەتی و دەبێت بە زێڕ بنووسرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ عێراقش مەرجەعە، چونکە لەپاش هەموو هەڵبژاردنێك بۆ پێکهێنانی حکومەت و ڕێککەوتنەکان دەگەڕێنەوە لەلای جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ سەقامگیری و جێبەجێکردنی دەستوور و یاسا، ئەمەش بۆ ئێمە سەروەرییەکی زۆر گەورە و لەبیر نەکراوە.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان و پێکهاتەکان زۆرینەن لە پەرلەمانی کوردستان، ئایا ئەگەر وەك بڕیارتان داوە بەشداریی هەڵبژاردن نەکەن، بە ڕای ئێوە هەڵبژاردن لە کوردستان دەکرێت؟**

- هەر چەندە ئێمە وەك حزبی گەلی تورکمان لە کۆمیسیۆنی باڵا بۆ بەشداریی هەڵبژاردن ناوی خۆمان تۆمار کردبوو، بەڵام لەپاش ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی کە کورسیی کۆتاکانی ڕەت کردەوە لە پەرلەمانی کوردستان، کە بڕیارەکە زۆر سیاسی بوو و هیچ مۆرکی یاسایی پێوە نەبوو، هەر بۆیە ئێمەش بایکۆتی هەڵبژارنەکەمان ڕاگەیاند. سوپاسی هەڵوێستی پارتی و جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەین، کە هەمان هەڵویستیان هەبوو کە بەبێ کورسیی کۆتاکان لە هەڵبژارن بەشداری ناکەن. هەر بۆیە لەو کاتەی دەستنیشان کراوە، هەڵبژاردن ناکرێت و باوەڕمان وایە پارتی کێشەی لە هەڵبژاردن نییە، بەڵام بەشداری لە هەڵبژاردنێك ناکات، ئەگەر هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان وەکو مافێکی خۆیان لە هەڵبژاردنەکە بەشدار نەبن.

*** لەدوای ١٣ ساڵ جارێکی دیکە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەردانی بەغدا و هەولێری کرد، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە کە سەرۆك کۆماری تورکیا مەبەستی ئەوەیە پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەبێت، ئایا ڕەنگدانەوەی ئەم سەردانەی سەرۆك کۆماری تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- سەردانەکەی بەڕێز ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ بەغدا و لە هەمان کاتدا کە هاتە هەولێری پایتەختی کوردستان و کۆبوونەوە و دانیشتنی لەگەڵ کاربەدەست و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا، زۆر گرنگ بوو. لەبیری نەکەین پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا زۆر گەورەیە و سنوورێکی دوور و درێژیشی لەگەڵ تورکیا هەیە. لە دوای ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی بازرگانیی بەهێز و بەردەوامیان بە قەبارەیەکی زۆری دارایی لەگەڵ هەرێم هەیە، لەلایەکی دیکەوە پێگەی وڵاتێکی وەك تورکیا لە دنیادا زۆر گەورەیە، بەتایبەتی کە لە هاوپەیمانیی ناتۆدایە، بۆیە هاتنی ئەردۆگان بۆ هەرێمی کوردستان مێژوویی و گرنگ بوو، ئەمەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە هەرێمی کوردستان لە هەر ڕێککەوتن و گفتوگۆیەکدا لەگەڵ عێراق کرابێت، ئەوە هەرێمیش وەکو ناوچە و هەرێمێکی فیدراڵی تێیدا هاوبەش و بەشدارە.

*** پرسی نەمانی کۆتای تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان تا چەند جێگەی بایەخی سەرۆك کۆماری تورکیا بوو؟ هێندەی ئێوە ئاگادارن، ئایا ئەم پرسەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقی باس کردووە؟**

- ئەوەی کە من ئاگادارم زۆر شت باس کراون و پێش ئەوەی جەنابی سەرۆك کۆماری تورکیا بێتە عێراق و کوردستان، کورسیی کۆتاکان یەکێك بووە لەو خاڵانەی کە باس بکرێت. لەلایەکی دیکەوە تورکیا هەموو کاتێك ویستوویەتی پارێزگاری لە پەیوەندییە هەمە لایەنییەکانی بکات، چ لەگەڵ عێراق و چ لەگەڵ هەرێمی کوردستان، چونکە باش دەزانێت هەرێمی کوردستان هۆکار و هەرێمێکە بۆ سەقامگیری لە ناوچەکەدا، هەموو کاتێکیش هەرێم و حکومەتەکەی لە هەوڵی باشتکردنی پەیوەندییەکانیان بوون لەگەڵ تورکیا و هەموو وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دنیا، تورکیاش زۆر باش دەزانێت، کە هەرێمی کوردستان نموونەیەکی جوان و باشی پێکەوەژیان و ئاشتی بووە لە ناوچەکدا، بۆیە بە پێویستی دادەنێت، ئەو پێکەوەژیانە جوانە بەردەوام بێت، کە یەکێك لە بنەما و هۆکارەکانی بوونی نوێنەرانی پێکهاتەکان بووە لە پەرلەمانی کوردستاندا.

**بە هیچ جۆرێک کەس ناتوانێت زوڵممان بەرانبەر بکات، تاوەکو جەنابی سەرۆک بارزانی پاڵپشت و داکۆکیکاری مافەکانمان بێت**

**لەپاش هەموو هەڵبژاردنێک بۆ پێکهێنانی حکومەت و ڕێککەوتنەکان دەگەڕێنەوە لەلای جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ سەقامگیری و جێبەجێکردنی دەستوور و یاسا، ئەمەش بۆ ئێمە سەروەرییەکی زۆر گەورە و لەبیر نەکراوە**

**پارتی کێشەی لە هەڵبژاردن نییە، بەڵام بەشداری لە هەڵبژاردنێک ناکات، ئەگەر هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان وەکو مافێکی خۆیان لە هەڵبژاردنەکە بەشدار نەبن**

**تورکیا هەموو کاتێک ویستوویەتی پارێزگاری لە پەیوەندییە هەمە لایەنییەکانی بکات، چ لەگەڵ عێراق و چ لەگەڵ هەرێمی کوردستان**


حکومەتی هەرێمی کوردستان
حكومة إقليم كوردستان

ڕێبوار تاڵەبانی
سەرۆکی ئەنجومەنی پێشووی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# لە کەرکووک لە بری جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کار بۆ بەشیعەکردن و تێکدانی دیموگرافیاکەی دەکرێت

**لە دوای (١٦)ی ئۆکتۆبەر بەو پیلانە خیانەتکارەی بەسەر شارەکەدا هاتووە، بارودۆخێکی نادەستووری و نایاسایی و نائاسایی بەسەر کەرکووکدا سەپاوە**

**هیچ هەڵبژاردنێکی ئازاد و متمانەپێکراو لە بارودۆخێکی نائاسایی و نایاسایی وەکو شاری کەرکووکدا ناتوانرێت ئەنجام بدرێت**

**کورد بۆچی ماوەی چەندین ساڵە داوای پۆستی سەرۆکی دەستە، یان سەرۆکی لیژنەی باڵای ماددەی (١٤٠) ناکەن؟**

**محەمەد شیاع سوودانی لەبەرنامە وەزارییەکەیدا لێژنەی باڵای ماددەی ١٤٠ی کارا کردەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییە ١٣ خاڵی دانا، جێی داخە تا ئێستا ئەو ماددەیە لە ڕووی پراکتیکییەوە کەمترین کاری بۆ کراوە، لەلایەکی دیکەوە ماوەیەکی زۆرە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کراوە، بەڵام ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك نەیتوانیوە پارێزگارێك دەستنیشان بکات، لە شاری کەرکوك جگە لە تەعریب ئێستا کارێکی زۆری بە شیعەکردن دەکرێت و دیموگرافیای شارەکە بە تەواوی ئەو تەعریب و بەشیعەکردنەی پێوە دیارە، لەسەر ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ئەنجام دا.**

* یەکێك لە بڕگەکانی ئەو پڕۆگرامە وەزارییەی حکومەتەکەی د.محەمەد شیاع سوودانی لەسەر دامەزرا، کاراکردنەوەی لێژنەی ماددەی ١٤٠ بوو. ئەم ماددە دەستوورییەش جێبەجێکردنی دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، ئایا تا چەند کاری هاوبەشی لەسەر دەکرێت و تا چەند هەنگاوەکانی بەرەوپێشەوە چوون؟

- بێگومان دکتۆر محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق و سەرۆك وەزیرەکانی پێشووتریش، عادل عەبدولمەهدی و کازمی و هەموو ئەوانی دیکەش، کە هاتوون بەرنامەی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ خستووەتە ڕوو، کێشەی کوردیش لەوەدایە کە متمانەی خۆیان پێ دەدەن و متمانەی سەرکردایەتیی کوردییش گرنگە، بەڵام بەداخەوە کورد پێنجەم خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە کە مارانگاز دەبێت و باکیشی نییە، لەمەدا نازانم کورد کەمتەرخەمە، یان ڕێککەوتنی سیاسییە دەمانگەیەنێتە ئەو بارودۆخە، دەتوانم بڵێم هەموو سەرۆك وەزیرانەکانی عێراق کە هاتوون و ڕۆیشتوون یەك لە دوای یەك، دوای خستنەڕووی بەرنامەکانیان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ فرت و فێڵیان لە کورد کردووە، چونکە دیتمان مالیکی لە خولی یەکەمدا لە بڕگەی(١٨) و لە خولی دووەم لە بڕگەی(٢٣) باسی کرد کە لە ماوەی ساڵێکدا جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هەمووی تێپەڕ دەکەم، ئەگەرچی هەموو سەرۆك وەزیرەکان ڕۆیشتن و هیچ بڕگەیەك لە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرا. محەمەد شیاع سوودانی کە هات بۆ پلانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئەو (١٣) خاڵەی خستە ڕوو، گوایە لە ماوەی شەش مانگدا هەمووی جێبەجێ دەکات، ئەوە ساڵیش زیاتر ڕۆیشت، نە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعس لابرا و نە ڕێککەوتنی شنگالیش جێبەجێ کرا، هاوکات ئەو لێژنە باڵایەی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کارا کرایەوە، تا ئێستا هیچ کارێکیان نابینین و بەداخەوە ئەوە بووە ماوەی (٣٠) ساڵ کورد بۆ یەکجار داوای سەرۆکایەتیی دەستە و لێژنەیەی ماددەی ١٤٠ی نەکردووە، لە کاتێکدا بارزانیی نەمر شۆڕشێکی لەپێناو کەرکووکدا دانا، هەموو کاتێك دروشمی هەموو سەرکردەکانمان بۆ کەرکووك جوانترین دروشم بوون، کەچی هەموو کاتێك سەرۆك و بەرپرسی ئەو دەستە و لێژنەیە عەرەب بوون، چ شیعە چ سوننە، ئەگەرچی دەزانین لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئەوەی دژایەتیی کوردی کردووە هەر شیعە و سوننەی عەرەب بوون، تەئکید دەکەمەوە لێژنەی دانوستاندنکاری کورد بۆ یەکجار داوای سەرۆکی ئەو لێژنەیە ناکەن، ئەوە چەندین ساڵ و خولە ئەو لێژنەیە و دەستەیەی ماددەی ١٤٠ هەیە، کەچی لە ٥٪ی ماددەکە جێبەجێ نەکراوە و نەچووەتە پێش و هەموو خولەکانیش (٦٠) ئەندام پەرلەمانمان لە بەغدا هەبووە، کەچی یەکێکیان لەو ماددەیە و هەنگاوەکانی و جێبەجێکردنیان نەپێچاوەتەوە،

**کورد پێنجەم خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە کە مارانگاز دەبێت و باکیشی نییە، لەمەدا نازانم کورد کەمتەرخەمە، یان ڕێککەوتنی سیاسییە دەمانگەیەنێتە ئەو بارودۆخە**

**دوای کارەسات و خیانەتی(١٦)ی ئۆکتۆبەر پارتی متمانەی بە یەکێتی نەماوە، لەبەر ئەوەی پێشتر پارێزگاری کەرکووک کە دکتۆر نەجمەدین بوو، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش بوو، خیانەتیان لەویش کرد**

بۆ یەکجاریش سەرۆك وەزیرانیان بانگهێشتی پەرلەمان نەکردووە و قسە و گفتوگۆیان لەسەر ئەو مادده یاسایی و دەستوورییە نەکردووە، تا ئەو ڕاددەی کە بتوانن متمانەی لێ وەربگرنەوە، ڕاستە لیژنەی ماددەی (١٤٠) کارا کراوەتەوە، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەیە کە پارە و قەرەبووی تێدایە، ئەگینا هیچ یەکێك لەو (١٣) خاڵە کە سوودانی لە بەرنامەکەیدا پلانی بۆ داناوە، جێبەجێ نەکراون، لە لایەکی دیکەوە لە قەرەبووەکەدا بە قەبارەیەکی زۆر و چەندین ملیار دینار عەرەبی ناوەڕاست و خوارووی عێراق سوودیان لێ وەرگرتووە، کەچی کورد لێی بێبەشن و جووتیارانی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە گوێمان لە خواست و قسەکانیان دەبێت، دەڵێن کورد و سەرکردایەتیی کورد و بەرپرسانی کورد جددی نین لە جێبەێکردنی ماددەی ١٤٠ دا، بە تەئکید ئەمەش کەمتەرخەمیی کورد و حکومەت و بەرپرسانی کوردستانە، لەلایەکدا بەرانبەر جووتیار و خەڵکی کورد و کوردستانی ئەو ناوچانە و، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئێمەی کورد لەو ماددەیەدا گەڕانەوەی خاك گرنگە، کە مێژوو هەموو سەنەد و وەسایقەکان سەلماندوویانە کە ئەو ناوچانەی کێشەلەسەرن، کە لە چوارچێوەی ئەو ماددەیەدان کوردستانییە، هەر لە کەرکووك تا دەگاتە شنگال و سنوورەکانی دیکە.

*** لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ هەتا ئێستا پارێزگاری کەرکووك بەوەکالەت بەڕێوە دەچێت، لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەدا سیمای کوردبوونی کەرکووك لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی ئەو پارێزگایە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ئایا کورد لە کەرکووك لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەدا تاچەند لە دامەزاروەکانی ئەو شارەدا پەراوێز خراوە و دوور خراونەتەوە؟**

- ئەمە یەکێك لە پرسیارە گرنگ و جەوهەرییەکانە کە بەڵگەی تەعریب و بەردەوامیی ئەو پڕۆسەیە دەسەلمێنێت. بێگومان زیاتر لە (١٠٠) بەڕێوەبەری کوردمان لە پۆست و کارەکانیان لابراون، ئەمەش پێچەوانەی ئەو پڕوپاگەندانەیە کە حکومەتی عێراقی و پێکهاتەکانی کەرکووك دەیکەن، لەوەی کە پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایی لە شاری کەرکووکدا هەیە، تاوەکو ئەو ڕێککەوتنە سادانەی لەلایەن سیاسییەکانەوە کرا، کە دەبێت و پێویستە لە (١٣) خاڵەکەی سوودانییش هەیە، کە دەبێت پۆستەکانی پارێزگای کەرکووك بە دادپەروەری بەسەر پێهکاتەکاندا دابەش بکرێن، کورد لە زۆر پۆست و دامەزراوەی پارێزگای کەرکووکدا لا براون و بێبەش کراون، بە ڕاددەیەك وەك ئەوەی کورد لە کەرکووك کەمینە بێت، حزب و لایەنە کوردستانییەکانی ئەو شارە لە ئاستێکی زۆر لاواز و کزۆڵەدان و هیچ دەسەڵاتێکیان نییە، لێرەدا نموونەیەکی زیندوو دەخەینە ڕوو، لەو کاتەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان داوای کرد بارەگای مەکتەبی سیاسیی کەرکووك وەربگرێتەوە، کەچی بە دوو خێمە نەیانهێشت ئەو بارەگایە وەربگیرێتەوە، ئەگەر ئەو دوو خێمەیە هێز و لەشکرێکی زەبەلاحی حکومەتی عێراقی و ملیشیای چەکداری لەپشت نەبێت، چۆن دەتوانێت ئەو کار و ڕێگرییە بکات، ئێستا کورد لە گەڕەکەکانیان سەدان خێمە دادەنێن بۆ ئەوەی غەدریان لێ نەکرێت، سوودی نییە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە حزبە کوردستانییەکان لە کەرکووك دەسەڵاتیان نییە و نادادپەروەرییش لەوپەڕی خراپیدایە، لە لایەکی دیکەوە دوو خێمە توانی خۆپیشاندانێکی وەك ڕەحیماوە دابمرکێنێتەوە کە داواکردنی مافەکانیان بوو، کە بەداخەوە چوار شەهیدمان دا، هەر بۆیە پێویستە بڵێین و بیخەینە ڕوو کە کورد لە کەرکووك زۆر بێدەسەڵاتە، هەر بۆیە حاشاهەڵنەگرە کە کورد لە پۆست و دەسەڵاتی دامەزراوەکانی ئەو شار و پارێزگایەدا زۆر لاواز و بێدەسەڵاتە، هەر بۆ سەلماندنی ئەوە ڕۆژانە هاووڵاتیانی کوردی کەرکووك پەیوەندییان پێوە دەکەن، دەڵێن: کاتێك بۆ مامەڵەیەك دەچینە فەرمانگەیەك زۆر بە زەحمەت و بە دروستکردنی کێشە بۆمان، مامەڵەکانمان بۆ ڕادەپەڕێنن، لە کاتێکدا بۆ نەتەوە و پێهکاتەکانی دیکەی ئەو شارە زۆر بە ئاسانی و بێ گرفت مامەڵەکانیان بۆ جێبەجێ دەکرێت.

**هەموو سەرۆك وەزیرانەکانی عێراق کە هاتوون و ڕۆیشتوون یەك لە دوای یەك، دوای خستنەڕووی بەرنامەکانیان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ فرت و فێڵیان لە کورد کردووە**

**ئەو لیژنە باڵایەی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کارا کرایەوە، تا ئێستا هیچ کارێکیان نابینین**

**هیچ یەکێك لەو (١٣) خاڵە کە سوودانی لە بەرنامەکەیدا پلانی بۆ داناوە، جێبەجێ نەکراون**

**زیاتر لە (١٠٠) بەڕێوەبەری کوردمان لە پۆست و کارەکانیان لابراون، ئەمەش پێچەوانەی ئەو پڕوپاگەندانەیە کە حکومەتی عێراقی و پێکهاتەکانی کەرکووك دەیکەن**

**وەک ئەوەی کورد لە کەرکووک کەمینە بێت، حزب و لایەنە کوردستانییەکانی ئەو شارە لە ئاستێکی زۆر لاواز و کزۆڵەدان و هیچ دەسەڵاتێکیان نییە**

**حزبی سیاسیی کوردستانیش هەیە بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی خۆی بەو بارودۆخە نائاسایی و نادەستوورییە رازییە و ئەوەیان پێ باشترە لە یەکریزیی کورد و رزگاربووونی خەڵکی شاری کەرکووک**

**بارودۆخی کەرکووک دوای (١٦)ی ئۆکتۆبەر نادەستووری و نایاسایی و نائاساییە، چونکە هەڵبژاردن دەبێت لە کەشێکی ئازاددا ئەنجام بدرێت و خەڵک دڵنیا بێت لە ژیان و ماڵ و مافەکانی خۆی**

**خەڵکی رەسەنی کەرکووک چەندین رژێمیان بەرێ کردووە و لە کاتی خۆیدا خەڵک راپەرینی خۆی دەکات و ئەو ستەم و بارودۆخەی لەسەر نامێنێت**

*** لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی بە عەرەبکردن و داگیرکردنی موڵك و ماڵی جووتیارانی کورد هەر بەردەوامە، بەڵام ئێستا گۆڕینی مەزهەبییش زیادی کردووە، باس لەوە دەکرێت کە بە دەیان حوسەینییە کراونەتەوە، ڕێژەیەکی زۆری ئاوارەی پارێزگاکانی دیکە لەو شارە نیشتەجی بوون و حکومەتی عێراق بە ئەنقەست نایانگێڕێتەوە، ئایا ئەم هۆکارانە تا چەند دیموگرافیای کەرکوکی شێواندووە؟**

- لای کورد و کەرکووکیی ڕەسەن ئاشکرایە کە کەرکووك پایتەختی ویلایەتی شارەزوور بووە، سەرژمێریی عوسمانییەکان دەیسەلمێنێت کە کەرکووك ٩٣٪ی کورد بووە، کە شەمسەدین شەمسی کردوویەتی و ٧٪ ی پێکهاتەکانی دیکەیە، بەڵام بەداخەوە حکومەتی عێراقی بەتایبەتی حزبی بەعسی ئەوەی پێی کرا کاری لەسەر کرد، لە ئەنجامدا توانی سیمایی دیموگرافیای بگۆڕێت، بەتایبەتی لە ڕێگەی هێنانی ئەو خێزانە عەرەبانەی کە پارچەیەك زەوی و (دە) هەزار دیناریان پێ دەدان، کە پێیان دەگوترا عەرەبە دەهەزارییەکان، کە ئەو عەرەبە هاوردانە لە مەزهەبی شیعە بوون و تا ڕووخانی ڕژێمی سەدامیش ڕێژەی عەرەبی شیعە لە کەرکووك تەنیا ٥٪ بوو، ئەو کات تەنیا یەك حوسەینییە هەبوو، لە دوای (١٦)ی ئۆکتۆبەر و ئەو پیلان و خیانەتە گەورەیەی بەرانبەر کورد کرا، حوسەینییە زۆر زۆر بووە و ئەو مەراسیمە شیعە و حوسینییانە زاڵ بوون بەسەر هەموو بۆنە و مەراسیمی پێکهاتەکانی دیکەی ئەو شارەدا، خۆ ئەگەر سەیری کەرکووك بکەین، دەبینین بە تەواوی دیموگرافیاکەی گۆڕانکاریی پێوە دیارە و مەزهەبی شیعەی بەسەریدا زاڵ بووە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت جگە لە تەعریب شاڵاوی بەشیعەکردن زۆر بە بەرنامە و پلان لەو شارە دەستی پێکردوە و کاریگەریی تەواوی لەسەر گۆڕانکاریی دیموگرافیاکەیەوە دەرکەوتووە.

*** لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی بەعس هەتا ئێستا تەنیا دوو هەڵبژاردن لە کەرکووك ئەنجام دراوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ لیستی برایەتیی کوردستانی زۆرینەی ئەنجومەنی پارێزگای پێك دەهێنا، بۆیە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگاری کەرکووك کورد بوون، لە هەڵبژاردنی ئەم جارە لەگەڵ ئەوەی پارتی و یەکێتی بە لیستی جیاواز دابەزین، بەڵام کورد نەبووەوە بە زۆرینە و، ئەوە چەند مانگیشە نەتوانراوە پارێزگارێك بۆ کەرکووك هەڵبژێردرێت، ئایا نەبوونی پارێزگارێکی شەرعی ئایندەی کەرکووك بەرەو کوێ دەبات؟**

- بارودۆخی کەرکووك دوای (١٦)ی ئۆکتۆبەر نادەستووری و نایاسایی و نائاساییە، چونکە هەڵبژاردن دەبێت لە کەشێکی ئازاددا ئەنجام بدرێت و خەڵك دڵنیا بێت لە ژیان و ماڵ و مافەکانی خۆی، بە دڵنیاییەوە لە دوای ئەو خیانەت و کارەساتەی کە لە پیلانە گەورەکەی (١٦)ی ئۆکتۆبەر بەسەر شاری کەرکووکدا هات، بەتایبەتی بۆ گەل و پێکهاتەی کورد کەشوهەوایەکی زۆر خراپ و مەترسیدارە و ئازادیی بە هەموو جۆرێك نەهێشت و عەسکەرتارییەت باڵی کێشاوە بەسەر تەواوی شارەکە و پارێزگای کەرکووکدا، هەر بۆیە حزب و لایەنە کوردستانییەکان داوای ئەویان کرد کە ئەو عەسکەرتاری و بارودۆخە ناسەقامگیرییە نەمێنێت، تا بتوانن بە ئازادی دەنگ بدەن، ئەگەرچی بەداخەوە ئاساییان نەکردەوە، بەم شێوەیەش خەڵکی ڕەسەنی شاری کەرکووك دەنگیان نەداوە تاوەکو بتوانن نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، بۆیە دوای (١٦)ی ئۆکتۆبەر لە کەرکووك هەر هەڵبژاردنێك بکرێت یاسایی و ئاسایی نییە و شەرعیەتی نییە، ئەمەش وا دەکات لە کاتێکی وادا هەموو ئەندامەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکەش کورد و کوردستانی بوونایە، هەر سوودی نەبوو، چونکە کەرکووك داگیرکراوە و عەسکەرتاریەت بەسەریدا زاڵە، لەبەر ئەوەی لەو بارودۆخەدا داپەروەری و یاسا ناتوانێت ڕۆڵی خۆی لەو شارەدا بگێڕێت، لەو بارودۆخەدا ئەگەر پارێزگارەکەشی کورد بێت، ئەجێندای کورد و کوردستان جێبەجێ ناکات، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی پرۆسەکە بە ئاراستەی ئازادی و یاسایی و ئاساییدا

نەڕۆیشتووە، بەمەش بارودۆخێکی تەدروست نایێتەدی، بەڵکو بە پێچەوانەی خواستی خەڵکی کەرکووکەوە بارودۆخەکە بەڕێوە دەچێت. لەلایەکی دیکەوە لەم بارودۆخەدا کە بەردەوامە، نەتوانراوە پارێزگارێکی کورد و شەرعی دابنرێت، ئەوەش لە بەرژەوەندیی ئەو پارێزگارە سەپێندراوە بەوەکالەتەیە، حزبی سیاسیی کوردستانیش هەیە بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی خۆی بەو بارودۆخە نائاسایی و نادەستوورییە ڕازییە و ئەوەیان پێ باشترە لە یەکڕیزیی کورد و ڕزگاربوونی خەڵکی شاری کەرکووک لەو ستەمەی چەندین ساڵە لەسەریانە، بەتایبەتی پێکهاتە زۆرینەکەی کە کوردی ڕەسەنی شارەکەن.

بە یەکێتی نەماوە، لەبەر ئەوەی پێشتر پارێزگاری کەرکووک کە دکتۆر نەجمەدین بوو، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییش بوو، خیانەتیان لەویش کرد، هەر بۆیە ئەو بێ متمانەییە لە نێوان پارتی و یەکێتی حاڵەتێکی سرووشتییە، خۆزگە کۆبوونەوەی بەردەوام بکرایە و ئەو گلەییەی لە نێوان هەردوو حزبەکەدا هەیە نەمایە و لاپەڕەیەکی تازەیان هەڵبدایەتەوە و بیانتوانیایە بە ڕێککەوتنی هەردوو لا و ڕازیبوونی میللەتی کورد، پارێزگارێکی کوردیان دابنایە، بەڵام بەهۆی ئەو بێمتمانەییە گەورەیەوە نەتوانرا ئەوە بکرێت و بارودۆخەکە زۆر بە نایاسایی و خراپ ماوەتەوە، بەتایبەتی بەهۆی ئەو



*** پرسی هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووک خەریکە کێشەی تێ دەکەوێت و دەبێتە قوربانیی کۆمەڵێک پڕۆژەی جیاواز، پێش هەمووان پارتی و یەکێتی لەسەر کەسێکی بێلایەنی کورد بۆ پارێزگاری کەرکووک ڕێك ناکەون، لە لایەکی دیکەش نەتەوەکانی دیکە (عەرەب و تورکمان) داوای ئەوە دەکەن کە پۆستی پارێزگاری کەرکووک هەر ماوەیەك لای پێکهاتەیەك بێت، ئایا ئەمەش هەنگاوێکی دیکە نییە بۆ داماڵینی ناسنامەی کوردبوون و کوردستانیبوونی کەرکووک؟**

- بێگومان بێ متمانەیی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا شتێکی ڕوونە، چونکە دوای کارەسات و خیانەتی (١٦)ی ئۆکتۆبەر پارتی متمانەی

پارێزگارە بەوەکالەتە ناشەرعی و نائاساییەوە، بەڵام ئەو بارودۆخەی کەرکووک وەکو ئێستا نامێنێت، چونکە خەڵکی ڕەسەنی کەرکووک چەندین ڕژێمیان بەڕێ کردووە و لە کاتی خۆیدا خەڵك ڕاپەڕینی خۆی دەکات و ئەو ستەم و بارودۆخەی لەسەر نامێنێت، ئەو حاڵەتەی ئێستا لە کەرکووک هەیە لەلایەن هەموو پێکهاتە ڕەسەنەکانەوە نامۆیە و جێگەی قبووڵ نییە، شیعە و سوننە و کورد و عەرەبی ڕەسەن و تورکمان و کریستیانەکانیش ئەو بارودۆخەی چەند ساڵە هەیە، بە تایبەتی دوای (١٦)ە ئۆکتۆبەر بەسەری هاتووە، پەسندی ناکەن و لەگەڵی ناگونجێن.

عەبدولواحید فەیلی
کەسایەتیی ناسراوی کوردی فەیلی بۆ گوڵان:

# ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەردەوام خواستی کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردیان لە ناو بەغدا هەبووە

## کوردانی فەیلی بەهۆی پاڵپشتی و هاوکاری لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەوە



# بە هۆی تەشەنەکردنی توندڕەویی ئیسلامییەوە لەناو کورد، بەشێکی زۆری مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی و شەبەک و فەیلیمان لەدەست داوە

**مێژوو و ڕەسەنایەتیی کوردی فەیلی بۆ زیاتر لە ١٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، مێژووەکەی تێکەڵ بە شارستانییەتی ساسانی و میدییەکان و سومەرییەکان بووە، کەچی لەگەڵ ئەم ڕەسەنایەتییەدا لەبەر کوردبوون و شیعەبوونیان لە عێراقدا ڕووبەڕووی دڕندەترین جینۆساید بوونەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ عەبدولواحید فەیلی کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردانی فەیلی ئەنجام دا، کە لەساڵی ٢٠٠٥ -٢٠١٦ سکرتێری گشتیی حزبی وەحدەی دیموکراتی کوردانی فەیلی بووە، پێشتریش لە ساڵانی هەشتاکاندا سەرکردەی بزووتنەوەی موسڵمانانی کوردی فەیلی بووە و دانیشتووی وڵاتی کانەدایە.**

*** جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە عێراقدا بە یەکێك لەو دۆسیە گرنگ و تاوانە نێودەوڵەتییانە دادەنرێت کە لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا وێنەی نەبووە. وەکو کەسێکی شارەزا کە گرنگیت بە لایەنی مێژوویی کوردانی فەیلی داوە و خێزانەکەشت یەکێك بووە لەوانەی بۆ ئێران دەرکراون، دەکرێت باسێکی ئەو مێژووە ڕەسەنەی کوردانی فەیلی و جینۆسایدەکەمان بۆ بکەیت؟**

- پێش ئەوەی باسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بکەین، پێم خۆش بوو، پرسیارەکەتان لە مێژووی ڕەسەن و دەوڵەمەندی کوردانی فەیلییەوە دەست پێکرد، بۆ ئەوەی وردەکارییەکانی ئەو ڕاستییە هەڵ بدەینەوە کە چۆن لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١ میللەتێکی ڕەسەنی خاوەن ئەم خاکە، قۆناغ بە قۆناغ لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە هۆی کوردبوونیانەوە کۆمەڵکوژ کراون و مافی هاووڵاتیبوونیان لەدەست داوە. کوردی فەیلی پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی کوردین و تایبەتمەندێتی نەتەوەیی و ئایینزایان هەیە و بە بەشێك لە کوردستانی گەورە دادەنرێن، ڕاستە بەشێکی زۆریان شیعە مەزهەبن بە ڕێژەی ٧٥٪، بەڵام کوردی فەیلی سوننە و مەسیحی و ڕەنگە جووشیان تێدا بووبێت، بۆ نموونە کوردی فەیلی لەسەر مەزهەبی سوننە هەن کە سەر بە هۆزی زەنگەنەن، هەروەکو چۆن هۆزی شوان لە کەرکووك سوننەن، بەڵام لە کوت و بەغدا و عەمارە و بەسرا شیعە مەزهەبن، هەمەوەندیش لە چەمچەماڵ سوننەن، بەڵام لە خانەقین و بەغدا و کوت شیعەن، کوردانی فەیلیی ئەو دەمە ناوچەکانیان لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئێرانیدا بووە، ئەمەش واقیعێکی وای دروست کردبوو کە کوردی فەیلی وەکو هاووڵاتی دەرەجە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، لەو سەردەمەشدا پێنج پاشکۆ هەبوو، کە ئێرانی و عوسمانی و لەگەڵ چەند پاشکۆیەکی بچووکی دیکە کە پێیان دەگوترا پاشکۆی ئەفغانی و پاکستانی و هیندی، ئالێرەدا بەریتانییەکان ئیمتیازی زیاتریان دا بەوانەی پاشکۆی عوسمانی بوون، ئەوە بوو لە دوای دەرچوونی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی لە ساڵی ١٩٢٤ کوردانی فەیلیی لە مافی هاووڵاتیبوون بێبەش کران، چونکە کوردانی فەیلیی بە پاشکۆی ئێرانی دانا، بەمەش کوردی فەیلی هەر لە سەردەمی مەلیکییەوە کۆچیان پێ کراوە، ئەو دەمە لەسەردەمی ڕەشید عالی گەیلانی کە

**کوردی فەیلی پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی کوردین و تایبەتمەندێتی نەتەوەیی و ئایینزایان هەیە و بە بەشێک لە کوردستانی گەورە دادەنرێن**

**لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیشەوە فەیلییەکان قەرەبووی ماددی و مەعنەوی نەکراون**

**بەعس لە پاڵپشتی و پشتگیریی کوردانی فەیلی بۆ شۆڕشی ئەیلول ترسیان لێ نیشتبوو، کە لە ناو جەرگەی بەغدا ئەو ژمارە زۆرەی کوردی فەیلی هەبوون**

بە دەیان خێزان دەرکران و دواتر لە سەردەمی نووری سەعید و لە شەستەکان لە دوای کودەتاکەی بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا لەلایەن حەرەس قەومی و عەبدولسەلام عارفەوە، لە دوای شۆڕشی ئەیلوولیش حکومەتی بەعس شاڵاوەکانی زۆر فراوانتر و توندتر کرد، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیشەوە فەیلییەکان قەرەبووی ماددی و مەعنەوی نەکراون.

*** ڕژێمی بەعس کە زۆرترین تاوانی بەرانبەر کوردی فەیلی لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩٠ ئەنجام دا، ئەمە لە ژێر چ پاساوێکدا بوو؟ ئایا ئەم جینۆسایدە چ قاڵبێکی تاوانی نێودەوڵەتیی وەرگرتبوو؟**

- جینۆسایدی سەرەتای هەشتاکان زۆر جیاوازتر بوو لە پاکتاوی ڕاگواستنی کوردانی فەیلیی لە سەردەمی ڕژێمەکانی دیکە، بەعس لە پاڵپشتی و پشتگیریی کوردانی فەیلی بۆ شۆڕشی ئەیلوول ترسیان لێ نیشتبوو، کە لە ناو جەرگەی بەغدا ئەو ژمارە زۆرەی کوردی فەیلی هەبوون و پاڵپشتی شۆڕشیان کردووە و هەستی کوردبوونیان بەرزە، ئەم جینۆسایدە بۆ پاڵپشتیکردنی کوردانی فەیلی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، بەتایبەتی شۆڕشی ئەیلوول دەگەڕێتەوە، بۆیە سیناریۆی تەقینەوەی زانکۆی موستەنسرییە درۆیەکی پیاوانی موخابەراتی بەعس بوو، کە تێیدا سەمیر غولام عەلی و خێزانەکەی بوونە قوربانیی ئەو سیناریۆیە، چونکە سەمیر لە هیچ ڕێکخستنێکی ئیسلامیدا نەبوو، بگرە کەسێکی قەومیی کورد بوو، تەنانەت ئەو تەقەمەنییەی فڕێ درایە ناو زانکۆکەوە، لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە بوو، سەمیر غولام عەلی ئەو ڕۆژە هەر لە زانکۆش نەبوو، بەم پاساوەوە ڕاپێچکردنی کوردانی فەیلیی بە زۆرەملێ دەستی پێکرد و دەست بەسەر ماڵ و سامانیاندا گیرا و خانووەکانیان فرۆشرا بە کاربەدەستانی حکومەت، گەنجەکانیش لە زیندانەکاندا بێسەروشوێن کران و تاقیکردنەوەی کیمیاییان لەسەر جێبەجێ کرا و تا ئەمڕۆ زیاتر لە ٢٣ هەزار گەنجی فەیلی بێسەروشوێنن، لە ناو زیندانەکاندا ژمارەیەکی کەم توانیی دەربازیان بێت، چونکە زیندانەکانی ڕژێمی بەعس ئەوەندە قەڵەباڵغ بوو، بۆ کەمکردنەوەی زیندانییەکان بەردەوام شاڵاوی لە سێدارەدانیان تێدا ئەنجام دەدا. تەنانەت لە شەڕی عێراق – ئێراندا گەنجە فەیلییەکانیان بە جلوبەرگی سوپای ئێرانەوە دەخستە ناو کێڵگەی لوغم و بە گوللە لێیان دەدان و فیلمی سەنگەرەکانی شەڕیان پێ دروست دەکرد، دواتریش لە وێنەکانی شەڕدا کوژراوەکانیان بەشێوەی سەرکەوتنەکانی سوپای عێراق نیشان دەدا، بۆیە بە هەموو پێوەرەکان جینۆسایدەکە قاڵبێکی تاوانی نێودەوڵەتیی وەرگرتووە.

*** ئەم شاڵاوەی ساڵانی هەشتاکان، ئایا تا چەند کاریگەریی لەسەر گۆڕینی تۆپۆگرافیای دانیشتووانی بەغدا و تەواوی ناوچەکانی کوردانی فەیلی هەبووە؟**

- کوردانی فەیلیی لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە ناو جەرگەی بەغدا خاوەن پێگەیەکی بەهێز بوون، دیوە ڕۆشنبیری و مەدەنییەکەی بەغدا بوون و فەرمانبەر و کاسبکار و بازرگانەکانی ئەو شارە بوون، ئەوان بەشێکی دانەبڕاو بوون لە نەتەوەی کورد و لە دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە بوون، ڕۆڵیان لەناو هەموو حزبە کوردستانی و عێراقییەکاندا هەبووە، بەشدارییان لە شۆڕشی کورد و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هەبووە و شوێن و پێگەیان لە ناو شۆڕشی ئەیلوول و حزبە کوردستانی و عێراقییەکاندا دیار و بەرچاو بووە. خۆ ئەگەر کوردانی فەیلییان لە ساڵی ١٩٨٠ بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران نەکردایە، ئەوا ئێستا ژمارەی کوردانی فەیلی لە ٧ ملیۆن کەس تێپەڕی دەکرد، چونکە ئەو سەردەمە ٧٠٠ هەزار کوردی فەیلی کۆچیان پێ کرابوو لەگەڵ ٢٣ هەزار گەنجی کورد کە بێسەروشوێن کران، ئەم ژمارانەش بۆ ئەو ساڵانە بەراورد بە ڕێژەی دانیشتووانی عێراق ژمارەیەکی زۆر بوو، بۆیە بەعسییەکان بە لێدانی کوردانی فەیلیی، توانییان بوونی کوردی فەیلی و شیعە لە ناوجەرگەی بەغدا کەم بکەنەوە. ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق حکومەتەکان تا پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەردەوام لە پیلاندا بوون، بۆ ئەوەی ڕێژەی کورد و شیعە لە ناو جەرگەی بەغدا کەم بکەنەوە و، لە بەرانبەردا عەرەبی سوننە کە حاکم و فەرمانڕەوا و کەمینە

**سیناریۆی تەقینەوەی زانکۆی موستەنسرییە درۆیەکی پیاوانی موخابەراتی بەعس بوو، کە تێیدا سەمیر غولام عەلی و خێزانەکەی بوونە قوربانیی ئەو سیناریۆیە، چونکە سەمیر لە هیچ ڕێکخستنێکی ئیسلامیدا نەبوو**

**گەنجەکانیش لە زیندانەکاندا بێسەروشوێن کران و تاقیکردنەوەی کیمیاییان لەسەر جێبەجێ کرا و تا ئەمڕۆ زیاتر لە ٢٣ هەزار گەنجی فەیلی بێسەروشوێنن**

**زیندانەکانی ڕژێمی بەعس ئەوەندە قەڵەباڵغ بوو، بۆ کەمکردنەوەی زیندانییەکان بەردەوام شاڵاوی لە سێدارەدانیان تێدا ئەنجام دەدا**

**لە شەڕی عێراق – ئێراندا گەنجە فەیلییەکانیان بە جلوبەرگی سوپای ئێرانەوە دەخستە ناو کێڵگەی لوغم و بە گوللە لێیان دەدان و فیلمی سەنگەرەکانی شەڕیان پێ دروست دەکرد**

بوون، زیاد بکەن. ئەمە پاکتاوکردنێکی ڕەگەزی و نەتەوەیی بووە و تەنانەت ڕێژەی چڕی دانیشتووانی کوردی لە بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە تێک دا.

*** دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بۆچی حکومەتی عێراق هەنگاوی جدی نەناوە بۆ قەرەبووکردنەوەی کوردانی فەیلی، ئەمە لە کاتێکدا دادگای تاوانەکانی عێراق و پەرلەمان دداینیان بەم جینۆسایدەی کوردی فەیلیدا ناوە؟**

- بە هەموو پێوەرە ئەخلاقی و یاسایی و نێودەوڵەتییەکان، ئەم پاکتاوی نەتەوەییە تاوانی نێودەوڵەتییە و دەکرێت کاری زۆر گەورەی لەسەر بکرێت، من بە حوکمی پەیوەندییەکانم لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی لە نزیکەوە زۆر جار پێشنیار و بۆچوونەکانم خستووەتە ڕوو، بەوەی پێویستە مافی ئەم پێکهاتە ڕەسەنەی کورد لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق بگەڕێندرێتەوە، تاوەکو چیتر هیچ ڕژێم و کەسێک جورئەت نەکات کۆمەڵکوژی و قڕکردنی کورد و تەرحیل و تەعریبیان لەسەر بکات، قەرەبوونەکردنەوە و گەڕانەوەی مافی ماددی و مەعنەوی بۆ کوردانی فەیلی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە:

١. سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی جدی نەبوون لەسەر گرنگیدان بەم تاوانە نێودەوڵەتییەی کۆمەڵکوژییەی کوردانی فەیلی، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵبوونیانەوە بە حزبایەتی و شەڕی ناوخۆ و ململانێ و کۆمەڵێک دەستکەوتی ماددیی کاتی لە عێراقدا.

٢. حزبە شیعەکانی عێراق ڕاستگۆ نەبوون لە بەڵێن و پەیمانەکانیاندا، کە بە زۆرێک لە هۆزەکانی کوردانی فەیلیی دابوویان، بەڵکو زیاتر سەرقاڵی خۆ بەهێزکردن و چەسپاندنی پایەکانی حوکمیان بوون لە عێراقدا.

٣. ترسی حزبە شیعەکان بەوەی لە کاتی گەڕانەوەی کوردانی فەیلیی و پێدانی مافەکانیان دووبارە بەهۆی بەرزیی هەستی نیشتمانپەروەرییانەوە پێگەی کورد لە بەغدا بەهێز بێت.

٤. هەرچی خێزانەکانی کوردانی فەیلیی هەبوون، بە هۆی ئەوەی لە دوای ڕووخانەکە کاری تیرۆر و تۆقاندن و دوایی شەڕی عەرەبی سوننە و شیعە هەبوو، متمانەیان نەبوو جارێکی دیکە بارودۆخی عێراق سەقامگیر دەبێت، بۆیە زۆربەیان ڕێگەی هەندەرانیان هەڵبژارد.

٥. کار و ئیجرائاتەکانی دادگاکانی یەکلاکردنەوەی ململانێی موڵکداری تاقەتپڕووکێن بوون، تەنانەت دامەزراوەکانی ڕەگەزنامە و خودی دادگاکان هاوکاری گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی نەبوون.

٦. لە پێگەکانی حکومەتدا لە عێراق، حزبە کوردییەکان کەمتر گرنگییان بە کوردانی فەیلی داوە، لە کاتێکدا کوردی فەیلی نیشتەجێی بەغدا و دیالە و کوت و شارەکانی ناوەڕاستی عێراقن و خاوەنی هۆزی گەورەن و زەحمەتە شۆڤێنییەکان بتوانن جارێکی دیکە بە زۆرەملێ ڕاپێچی هەرێمی کوردستان، یان ئێرانیان بکەنەوە.

من توێژینەوەیەکی بڵاونەکراوەم لەسەر بارودۆخی کوردانی فەیلی هەیە کە ٤٠ ساڵە سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری و داتا و هەقیقەتەکانم و سوودێکی زۆرم لە کتێبەکەشم وەرگرتووە. ئەو سەردەمە کتێبەکەم بۆ کۆنفرانسی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە هەولێر نارد، لە ساڵی ٢٠٠٥ لە کۆنگرەی دژایەتیکردنی تیرۆر لە هۆتێل خانزاد لە هەولێر بانگهێشت کرابووم، ئەو کاتە وتم پێشنیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکە جێبەجێ نابێت، هەر واش دەرچوو، تاکو ئێستا یەک ڕاسپاردەی کۆنگرەکە جێبەجێ نەبوو و وەکومەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە، بەداخەوە لە ناوچەیەکی دەوڵەمەند و پێگەیەکی ستراتیژیی وەک ناو جەرگەی بەغدا لە ڕووی سیاسییەوە نەتوانراوە کار لەسەر هێزی کوردانی فەیلی بکرێت، بەپێچەوانەوە حزبە شیعەکان سوودیان لێ وەرگرتووە. هەروەکو چۆن لە قۆناغە مێژووییەکاندا کورد بەهۆی توندڕەویی ئیسلامییەوە کوردانی مەسیحی و ئێزدی و شەبەکی لەدەست دا، بە واتایەکی دیکە کوردی توندڕەوی موسڵمان زیانی بە برایانی کوردیە ئێزدی و فەیلی و مەسیحی و کاکەیی گەیاندووە.

**بەعسییەکان بە لێدانی کوردە فەیلییەکان، توانییان بوونی کوردی فەیلی و شیعە لە ناوجەرگەی بەغدا کەم بکەنەوە**

**سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی جدی نەبوون لەسەر گرنگیدان بەم تاوانە نێودەوڵەتییەی کۆمەڵکوژییەی کوردانی فەیلی**

**حزبە شیعەکانی عێراق ڕاستگۆ نەبوون لە بەڵێن و پەیمانەکانیاندا، کە بە زۆرێک لە هۆزە کوردە فەیلییەکان دابوویان**

**بەداخەوە لە ناوچەیەکی دەوڵەمەند و پێگەیەکی ستراتیژیی وەک ناو جەرگەی بەغدا لە ڕووی سیاسییەوە نەتوانراوە کار لەسەر هێزی کوردانی فەیلی بکرێت**



# بەهای جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژیی کوردستان



پرۆفیسۆر د. فوئاد حەمە خورشید

بۆ گوڵانی نووسیوە

شوێن و هەڵکەوتە لە توێژینەوەکانی جوگرافیادا گرنگییەکی تایبەت و جیاوازی خۆیان هەیە، ئەمەش لەبەر ڕۆڵی بەرچاویان لە شرۆڤەکانی جوگرافیادا، هەروەها لە پیشاندانی ئەنجام و لێکەوتەکانی ئەو شوێنە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری و جیۆسیاسییەوە، هاوکات ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر چارەنووسی دانیشتووانەکەی و داهاتووی سیاسییان، جا ئەو شوێنە هەرێمێك بێت، یان دەوڵەتێك، یان کیشوەرێك بێت بە تەواوی، هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان بە درێژایی

میژوو و شوێن، شایەنی بەهای جیۆستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی گەورە بووە، بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- هەڵکەوتە جوگرافییە مەترسیدارەکەی، کە جوگرافیا مێژووییەکەی کردووەتە گۆڕەپانێکی جیۆپۆلەتیکی بۆ دیاریکردنی دەرئەنجام و چارەنووسی زۆرێك لە شەڕە ئیمپراتۆرییەکان، دژی زۆرێك لە نەتەوە داگیرکەرەکان (چونکە کەوتوونەتە لێواری ئەو ئیمپراتۆرییەتانە و لە خاڵی بەیەکگەیشتنی شارستانییەتەکاندا، بەم شێوەیە پردێك کە تەپۆڵکەی ئەنادۆڵ بە تەپۆڵکەی ئێرانەوە دەبەستێتەوە، کە لە ڕێگەیەوە شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بۆ گوێزراوەتەوە، وەك پرۆفیسۆر سۆلکی دەڵێت: «ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاڵی بەیەکگەیشتنی ئەو ڕێگە جیهانیانە بێت، ئەوا کوردستان دڵی ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەیە»، لەمەوە چاوتێبڕینی حکومەتەکان و وڵاتانی دراوسێ و گرنگیدانیان بە خاکی کوردستان و شاخەکانی و سامانەکەی سەرچاوە دەگرن، چونکە کوردستان بازنەی پەیوەندیی جوگرافیای نێوان ئاسیای ناوەڕاست و باشووری ڕۆژئاوا لە لایەك و لە نێوان کیشوەرەکانی جیهانی کۆنە لە لایەکی دیکەوە. هەروەها ئەو فراوانییە کیشوەرییە پێك دەهێنێت کە زۆربەی ئەو درێژکراوە جوگرافییانە پڕ دەکاتەوە، کە چوار ئاو بەیەکەوە دەبەستنەوە (دەریای قەزوین، دەریای ڕەش، دەریای ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبی)، بۆیە ئەم درێژبوونەوە جیۆستراتیژییەی ئەم وڵاتە ئەوەیە کە بایەخدانی ئیمپراتۆرییەتە کۆنەکان و زلهێزە هاوچەرخەکانە بە کوردستان، وەك ڕووسیای قەیسەری، پاشان یەکێتیی سۆڤیەت، دوای ئەوانیش دەوڵەتانی ئەوروپی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

٢-ڕووبەری کوردستان بە (٥٠٠،٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشە مەزندە دەکرێت، کە بە یەکێك لە قەبارە گەورەکانی دەوڵەتان دادەنرێت، بەپێی پۆلێنبەندییە جیۆپۆلەتیکییەکان. زۆربەی ئەم ناوچەیە بە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ئەنتی تۆرۆس داپۆشراوە، کە درێژییەکەی نزیکەی ١٩٠٠ کم لە کوردستاندایە و لە جەرگەی کەنداوی ئەسکەندەروونە لە ڕۆژئاوا تا گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کەنداوی عەرەبی درێژ دەبێتەوە، یەکێکە لە پایە هێزەکان بۆ ئەم وڵاتە لە ڕووی بەرگری و ئابوورییەوە، بەهۆی درێژبوونەوەی شاخی فراوانی زەریاوە، جگە لەوەی لە چاخەکانی مێژووەوە هەبووە و تا ئێستاش هەر ماوەتەوە بە (نیشتمانی نەتەوەیی نەتەوەی کورد) و (یەکەم نیشتمانی کورد) دێتە ئەژمار.


**هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان بە درێژایی مێژوو و شوێن، شایەنی بەهای جیۆستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی گەورە بووە**

لە جوگرافیای سیاسیدا ئەو ڕووبەرە فراوانە لە کاتی هەژمارکردنی توخمەکانی دەسەڵاتی جوگرافیای هەر ناوچەیەك، یان دەوڵەتێکدا، گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەر پارچەیەکی دەتوانێت لە داهاتوودا سەرچاوە سرووشتییە نەدۆزراوەکانی تێدا بێت، وەك ئەوەی لەم سەردەمەدا لە نەوتی کوردستاندا هەیە، ئەزموونە مێژووییەکان سەلماندوویانە، وەك پرۆفیسۆر جەمال حەمدان جەختی لەسەر دەکاتەوە کە «هەر بستێك زەوی بەهای سیاسی هەیە، دیار و نەبینراو، شاراوە، یان هەبوو، لۆژیکی ڕووبەر قووڵاییەکی ستراتیژیی گرنگ و چارەنووسسازە و مەرجێکە بۆ پاراستن»، دواجار دۆزینەوەی نەوت لە کوردستان لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا بەها و هێزێکی زیادەی بەم خاکە و پێگەکەی و ڕووبەرەکەی بەخشی.

٣- گرنگیی ستراتیجی لە کۆنترۆڵکردنی دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێڕەوەکانی و کلیلی تێپەڕبوون، کە لە چاوی داگیرکەراندا گرێیەکی زەمینی بووە، کە ڕێگر بووە لە بەدیهێنانی تەماحە فراوانخوازییەکانیان بەلای ڕۆژهەڵات، یان ڕۆژئاوادا، چونکە شاخەکانی کوردستان لە سەردەمی سەرجۆنی ئەکەدییەوە (٢٣٧١-٢٣١٦ پ.ز) بەربەستێکی سرووشتی بوون لە بەردەم فراوانبوونی ئیمپراتۆرییەکەیدا، هەروەها ئیمپراتۆرییەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئوور و ئاشوور و بابلییش نەیانتوانی بە تەواوی بەربەستی شاخەکانی کوردستان بەتەواوی ببڕن، ئەم شاخانە بەربەست و ئاستەنگی گەورەیان بۆ هەموو داگیرکەران دروست کردووە، جا مەغۆل، تەتەر، بیزەنتین، تورك، یان عەرەب بووبن.

**کوردستان بازنەی پەیوەندیی جوگرافیای نێوان ئاسیای ناوەڕاست و باشووری ڕۆژئاوا لە لایەك و لە نێوان کیشوەرەکانی جیهانی کۆنە لە لایەکی دیکەوە**

باقیج خاوەنی کتێبی (کوردستان وپرسی کورد) دەڵێت: «تەماحی دەوڵەتانی جۆراوجۆر




كوردستان قلب الشرق الاوسط و بحاره الخمس


**دۆزینەوەی نەوت لە كوردستان لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا بەها و هێزێكی زیادەی بەم خاكە و پێگەكەی و ڕووبەرەكەی بەخشی**

بەرانبەر كوردستان، سەرەتا لە گرنگیی پێگەی ستراتیجی وەك ناوچەیەكی بەرگری بۆ ناوچەی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا و ئێران سەرچاوەی گرتووە»، هەروەها بەرگریكارانە و جۆرێكی تایبەتە بۆ خودی كورد، ڕووبەرە گەورەكە و سرووشتە شاخاوییەكەی و خەڵكە ئازاكانی بەهای زیاتر بە گرنگیی ستراتیژیی شاخەكانی كوردستان بە درێژایی هەموو قۆناغەكانی مێژووی كۆن و سەدەی ناوەڕاست و هاوچەرخ بە هەمان شێوە دەبەخشن، بۆیە ماریا بە دروستی سەبارەت بە گرنگیی ستراتیژیی كوردستان دەڵێت: «هەڵكەوتەی كوردستان مێژووی خۆی سەلماند، گرنگیی هەرێمی و جیهانی دیاری كرد، فاكتەری سەرەكییە بۆ شكستهێنان لە بەدەستهێنانی دادنپێدانانی نێودەوڵەتی بە ناسنامەی خۆی وەك دەوڵەت».

ڕەنگە دیارترین قسە سەبارەت بە گرنگیی ستراتیژیی كوردستان وەك هەرێمێكی بەرچاو لە چوارچێوەی پانتایی جوگرافیای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، ڕۆڵی جیاكانی لە پاراستنی گەلی كورد و سەربەخۆیی شارستانی و كەلتوورییدا، لێدوانی مەیجەر بێرتۆن بێت، كە دەڵێت: «هەموو ئەو ئیمپراتۆرییەتە گەورانەی دەركەوتن و لە دەوریاندا بوون، ڕووخان و هەموو ئەو داگیركەرانەی كە لە زێدی خۆیانەوە پەڕینەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و بە پێچەوانەشەوە، هەموویان شكستیان هێنا لە ڕامكردنی كورد و سەپاندنی كەلتووری خۆیان بەسەریاندا»، ئەوانیش هەر یەك لە ئاشوورییەكان و یۆنانییەكان، ڕۆم و بارسی و فارس و عەرەب و مەغۆل و تورك، ئەوەیان تاقی كردەوە و نەیانتوانی ئەم گەلە شاخاوییە ملكەچ بكەن .

**ئیمپراتۆرییەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئوور و ئاشوور و بابلییش نەیانتوانی بە تەواوی بەربەستی شاخەکانی کوردستان بەتەواوی ببڕن، ئەم شاخانە بەربەست و ئاستەنگی گەورەیان بۆ هەموو داگیرکەران دروست کردووە**

٤- ئەركی جیۆپۆلەتیكی دەرخەری جیاكەرەوە، وەك زنجیرە شاخەكان بە یەكەوە بەستراونەتەوە لە شێوەی كەوانەیەكی گەورەی چێوەییدا، بۆ ڕەگەزە جیاوازەكان، وەك هیندۆئەورووپی، تۆرانی، و سامی لە لایەك و، لە نێوان شارستانییەت و كەلتوورە جیاوازەكاندا بە هەمان شێوە، وەك توركی، فارسی و عەرەبی، لە لایەكی دیكەوە و، لە نێوان هەرێمە ژینگەییە جیاوازەكانی وەك تەپۆڵكەی ئێران و بیابانەكانی ناوەوەی، تەپۆڵكەی ئەنادۆڵی نیمچە وشك و بیابانە وشكەكانی عەرەب، بۆیە ژینگەی شێدار و نیمچە شێداری كوردستان و كەشوهەوای دەریای ناوەڕاست و دەوڵەمەندبوونی لە گیا و گیاندار و كشتوكاڵ و درێژبوونەوەی لە نێوان دوو ژینگەی هەژاردا، كە دانیشتووانەكەی وەدەر دەنێن، هەرێمێكی سەرنجڕاكێشتری بۆ زلهێزە دەرەكییەكان پێك هێنا و، هەر ئەمەش




بوو کە بە درێژایی مێژوو بەهایەکی گەورەی بە پێگەی جوگرافیای خۆی بەخشی، لێرەوە فشارە سیاسییەکان لەسەر نەتەوەی کورد بەردەوام بوون، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی کوردستان چەندین جار بووەتە قوربانیی سیاسەتی زلهێزە داگیرکەرەکانی دەرەکی، چ لە نزیک و چ لە دوور، ئەمەش لەوەدا ڕوون دەبێتەوە کە فێرگریف خاوەنی کتێبی (جوگرافیا و سەروەریی جیهانی) دەڵێت: «دیاردەی دەرچوونی گرووپە شوانکارە داگیرکەرەکان بە درێژایی مێژوو لەو ژینگە وشکانەوە بەرەو ئەم وڵاتە شاخاوییە دەوڵەمەندە بە سامانە سرووشتییە جۆراوجۆرەکانی، بۆ بڵاوکردنەوەی تیرۆر و ئاژاوە لە نێو دانیشتووانە کوردەکەیدایە، کە لە لێواری ئەو کوێستانانە لە کوردستاندا دەژین، تا زیاتر لە ساڵانی وشکەساڵی و برسێتیدا، لە برسێتی و بێبەشیدا ئازاریان چەشت».

پرۆفیسۆر ڕایت، مامۆستای جیۆلۆجی لە زانکۆی مینیسوتای ئەمریکی سەبارەت بە ئەرکی جوگرافیای کوردستان دەڵێت: «ئەم شاخانە، دەشتەکانی میزۆپۆتامیا لە تەپۆڵکەکانی ئێران و ئەنادۆڵ جیا دەکەنەوە و لە ڕووی جیۆلۆجی و فیزیۆگرافی و کەشوهەوا و کەلتوورییەوە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا دابەش دەکەن، هەروەها وەك بەربەستێکی کاریگەر بۆ دەستێوەردانی کەلتووری لە نێوان گەلانی میزۆپۆتامیا و گەلانی ناو ئەو تەپۆڵکانەدا، لەوەڕگەیەکی بەپیت پێك دەهێنێت، کە بۆ کۆچەری و خەڵکی نیمچە کۆچەری، دانیشتووانی ئەو زەوییە نزمانەی دەوروبەری لە هەمان کاتدا قەڵای پاراستنی سەلامەتی بۆ دانیشتووانی کوردی شاخاوی خۆی دابین کردووە».

بەهۆی ئەم ئەرکە جیاکەرەوە جوگرافییە بۆ کوردستان، هەروەها درێژبوونەوە بەرفراوانەکەی، لە کەنداوی ئەسکەندەروونەوە تا کەنداو بە درێژی و لە چیای ئاراراتەوە تا چیای حەمرین بە پانی، بەهۆی ئەو شوێنە بەرچاوەی کە هەیەتی، وەك ماریا ئۆشی دەڵێت: «کوردستان بەم شوێنە دەوروبەرییە لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکییەوە ئەرکی هەرێمێك، یان ناوچەیەکی جیاکەرەوە دەبینێت، چونکە شوێنێکی بەرکەوتەی نێوان هەرێمگەلێکی زۆر لە شارستانییەت و ڕەگەزەکان دەگرێتە خۆ. لە یاساکانی ئەرکی جیاکەرەوە لە جوگرافیای سیاسیدا ئەوەیە، کە زۆرجار وەك خاتوو سامپڵ دەڵێت: «لێیەوە دەوڵەتێکی جیاکەرەوە دروست دەبێت»، دەکرا شاخەکانی کوردستانیش بەو شێوەیە بن.

**هەموو ئەو داگیرکەرانەی کە لە زێدی خۆیانەوە پەڕینەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و بە پێچەوانەشەوە، هەموویان شکستیان هێنا لە ڕامکردنی کورد و سەپاندنی کەلتووری خۆیان بەسەریاندا**

**کوردستان بەم شوێنە دەوروبەرییە لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکییەوە ئەرکی هەرێمێک، یان ناوچەیەکی جیاکەرەوە دەبینێت، چونکە شوێنێکی بەرکەوتەی نێوان هەرێمگەلێکی زۆر لە شارستانییەت و ڕەگەزەکان دەگرێتە خۆ**

دیمانەی تایبەت

ستیڤن بلانک، توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی ئیرۆئاسیا لە ئەنستیتوتی توێژینەوەی سیاسەتی دەرەکی، شارەزا و تایبەتمەند و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، کاروبارە سیاسی و سەربازییەکانی ئاسیا و ئەورووپا و ئاسایشی نێودەوڵەتی، لەم ڕووەوە چەندین کتێب و توێژینەوە و وتاری نووسیوە، هەروەها لە لایەن ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگریی ئەمریکا و چەندین ناوەندی توێژینەوەوە ڕاوێژی پێ کراوە. بۆ شرۆڤەکردن و تاوتوێکردنی پەرەسەندن و پێشهاتەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئاقار و ئاراستەکانی ئەم شەڕە و، پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ئێران و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

## ستیڤن بلانک

توێژەر و تایبەتمەندی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا بۆ گوڵان:

# پەیوەندیی نێوان ڕووسیا و ئێران هاوبەشییە نەک هاوپەیمانێتی



*** باس لەوە دەکرێت ئەم شەڕەی کە ڕووسیا لە دژی ئۆکرانیا بەرپای کردووە و درێژەی پێداوە، لە چوارچێوەی هەوڵەکانی سەرۆک پوتینە بۆ دروستکردنی سیستمێکی نوێی جیهانی، بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا ڕایگەیاند کە ڕووسیا و چین کار بۆ سیستمێکی نوێی نێودەوڵەتی دەکەن کە لەسەر بنەمای یاسای نێودەوڵەتی و هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکان بنیاد نرابێت، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە و ئایا وڵاتی چین هاوکاریی ڕووسیا دەکات بۆ ئەم ئامانجە و تا چەند چین پشتیوانیی ڕووسیای کردووە لە شەڕەکەدا؟**

- ئەوە ڕوونە کە چین پشتیوانی و پاڵپشتیی ڕووسیا دەکات، بەڵام ئەم پشتگیرییە لە شێوەی دەستەبەرکردن و پێدانی چەکدا نییە، چونکە چین نایەوێت بە ئەنجامدانی کارێکی لەم چەشنە ڕووبەڕووی سزا و ڕێکاری ئابووری و دارایی ببێتەوە لەلایەن ڕۆژئاواوە، بە دیاریکراویش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەرەستە و کەلوپەلیان بۆ دابین دەکات و هەڵمەتی پڕوپاگەندی چینیش بە تەواوەتی لە بەرژەوەندیی ڕووسیا و بۆ پشتوانیکردنی ئەو وڵاتەیە، لە لایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین کە گەورەترین پشتیوانی کە چین بۆ ڕووسیای دەستەبەرکردبێت بریتییە لە کڕینی نەوت و غازی ئەو وڵاتە.

**گەورەترین پشتیوانی کە چین بۆ ڕووسیای دەستەبەرکردبێت بریتییە لە کڕینی نەوت و غازی ئەو وڵاتە**

*** هەر لە پەیوەندی بە بارودۆخە نێودەوڵەتییەکە و ئەو سیستمە نوێیەی کە سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین) کار بۆ بەدیهێنانی دەکات، دەگوترێت کە لە ئێستادا هەلومەرجێکی لەبار هەم بۆ ڕووسیا و هەم بۆ چین هاتووەتە ئاراوە، بۆ ئەوەی برەو بە**

بەرژەوەندی و کارنامەی خۆیان بدەن، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرقاڵ کراوە بە دەستەبەرکردنی هاوکاری و پشتیوانییەوە بۆ شەڕ، شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و شەڕی غەززە، دید و بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەو بۆچوون و لێکدانەوەیەی کە پێی وایە چین سوودمەندی سەرەکییە لەو بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە، بەتایبەتی کە ئەگەر لە ڕوانگەی هاوپەیمانێتیی نێوان ڕووسیا و چین لەم مەسەلەیە بڕوانین، ئەوا دەرکەوت کە ئەم هاوپەیمانێتییە هێندە جێی متمانە نییە، هەروەها لە ئەنجامی شەڕی (نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیادا دەرکەوت کە ڕووسیا هێندە بەهێز نییە، وەك ئەوەی مەزەندە دەکرا، لەبەر ئەوە من قەناعەتم بەو لێکدانەوەیە نییە کە ئەوان سوودمەندی سەرەکی بن لەو هەلومەرجەی هاتووەتە ئاراوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

*** هەروەك ڕوونە کە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ئۆکرانیا تووشی پاشەکشە و فشارێکی زۆر بووەتەوە لە بەرەکانی جەنگدا، ڕووسیاش لە چەندین شوێن پێشڕەویی کردووە، یەکێك لە هۆکارەکانیش ئەوەیە کە ئۆکرانیا پێویستی بە هاوکاریی زیاتری سەربازی هەیە، کە دەستەبەرکاری سەرەکیی ئەم هاوکارییانەش ئەمریکایە، بەڵام ڕوونە کە ئەمریکا هاوکاری بۆ ئیسرائیلیش دەستەبەر دەکات لە شەڕەکەیدا لە غەززە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا شەڕی غەززە هیچ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر پێشهات و پەرەسەندنەکانی شەڕی ئۆکرانیا؟**

- بە تێڕوانینی من کار و کردەوەکانی سەرۆك پوتین بوونە سەرچاوەی ئیلهام بۆ بزوتنەوەی حەماس، تەنانەت بۆ من جێی سەرسوڕمان نییە، ئەگەر ڕووسیا تێوەگلابێت لە هاوکاریکردنی بزووتنەوەی حەماس بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل، هەرچەندە دەبێت لەم ڕووەوە ئەوەش بڵێم کە کەس بەڵگەیەکی بنەبڕی بەدەستەوە نییە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بانگەشەیە، هەرچۆنێك بێت ئەوەی لەم ڕووەوە ڕوونە ئەوەیە کە ڕووسیا پشتیوانیی لە بزووتنەوەی حەماسی فەلەستین و لە حزبوڵڵای لوبنانی کردووە، و تەنانەت چەکی بۆ حزبوڵڵاش دەستەبەر کردووە، هەروەها بۆ حوسییەکانی یەمەنیش، تەنانەت زۆرێك لەو چەکانەی کە بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی شەڕیان پێ دەکات، چەکی ڕووسین، کە ئەمە جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە.

*** چۆن لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ئێران دەڕوانن، بەتایبەتی کە لەگەڵ بەردەوامبوون و هەڵکشانی زیاتری شەڕەکەی ڕووسیا لەگەڵ ئۆکرانیا، پەیوەندییەکانی ئێران و ڕووسیاش چوونەتە قۆناغێکی دیکەوە، بەتایبەتی لە ڕووی دەستەبەرکردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ ڕووسیا لەلایەن ئێرانەوە، پرسیارەکە بە دیاریکراوی ئەوەیە، ئایا ئەمە هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژییە، یان تەنیا یەکگرتنێکی کاتیی بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە؟**

- ئەوە ڕوونە کە بۆ چەندین ساڵە ئێران لەژێر گوشاری ڕێکار و سزا دارایی و ئابوورییەکاندایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی ڕێگە و شێوازێك بدۆزێتەوە بۆ خۆدزینەوە لەو سزایانە، هەروەها کاتێك سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە و تاکلایەنانە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێران کشایەوە، ئەوا دەرگا و دەروازە بە ڕووی ئێراندا واڵا کرا، بۆ ئەوەی چەندین ڕێککەوتنی پەیوەست بە چەکەوە ئەنجام بدات لەسەر ئاستی جیهان، هەم بە ئاشکرا و هەم بە نهێنی.

*** بەڵام پرسیارەکەی ئێمە زیاتر پەیوەست بوو بە سرووشتی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ئێران لەم ساتەوەختەدا، ئایا تەنیا لێك نزیکبوونەوەیەکی کاتییە، یان هاوپەیمانێتییەکی درێژخایەنە؟**


- ئەوەی لە نێوان ڕووسیا و ئێراندا دەگوزەرێت، هاوپەیمانێتی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە هاوبەشی و شەراکەتێکی بەهێز هەیە لە نێوانیاندا لەم ساتەوەختەدا، بە چەشنێك بە بێ فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران، ڕووسیا لە پەیوەندی بە شەڕەکەیەوە لەگەڵ ئۆکرانیا لە بارودۆخێکی زۆر خراپتردا دەبوو، هەروەها نابێت لەم ڕووەوە ئەوە نادیدە بگرین،

**لە ئەنجامی شەڕی (نێویان ڕووسیا و ئۆکرانیادا دەرکەوت کە ڕووسیا هێندە بەهێز نییە، وەك ئەوەی مەزەندە دەکرا**

**جێی سەرسوڕمان نییە، ئەگەر ڕووسیا تێوەگلابێت لە هاوکاریکردنی بزووتنەوەی حەماس بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل**

**ڕووسیا پشتیوانیی لە بزووتنەوەی حەماسی فەلەستین و لە حزبوڵڵای لوبنانی کردووە، و تەنانەت چەکی بۆ حزبوڵڵاش دەستەبەر کردووە**

**بە بێ فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران، ڕووسیا لە پەیوەندی بە شەڕەکەیەوە لەگەڵ ئۆکرانیا لە بارودۆخێکی زۆر خراپتردا دەبوو**



کە ئێرانیش خوازیاری ئەوەیە لە بەرانبەردا هاوکاری و پشتیوانیی سەربازیی ڕووسیا بۆ خۆی بەدەست بهێنێت. کەواتە ئەگەر بمەوێت وەسفی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە بکەم، ئەوا من پێم وایە هاوبەشییەکی مەترسیدارە، بەڵام ناتوانین بڵێین هاوپەیمانێتییەك لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا دروست بووە.

*** هەروەك ئاشکرایە کە لە ئێستادا باس و خواس لەسەر هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا دروست بووە، ئەوەش ڕوونە کە کاندیدی کۆمارییەکان سەرۆکی پێشوو (دۆناڵد ترەمپ)ـە، دید و تێڕوانینی جیاوازیش لەبارەی ترەمپەوە هەیە و خۆی ئاماژەی بەوە کردووە کە ئیدارەیەکی جیاوازی هەردوو دۆسیەی شەڕی ئۆکرانیا و شەڕی غەززە دەکات، کەواتە ئەگەر ترەمپ براوەی هەڵبژاردنەکان بێت، چ گۆڕانکارییەك بەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم دوو شەڕەدا ڕوو دەدات.**

- سەرەتا من ئومێد و تەمەننای ئەوە ناکەم کە دۆناڵد ترەمپ براوەی هەڵبژاردنەکان بێت، واتە خوازیارم نەتوانێت ببێتەوە بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، خاڵی دووەم کە لێرەدا شایەنی ئەوەیە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە کەسایەتیی دۆناڵد ترەمپ بە چەشنێکە کە بە هیچ شێوەیەك پێشبینی ناکرێت، هەروەك ماوەیەك پێش ئێستا ڕایگەیاند کە بوار بە کۆمپانیای چینی دەدات لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کار بکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتر وا وێنای خۆی دەکرد، وەك ئەوەی دژ بە چین بێت، کەواتە دووپاتی دەکەمەوە کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت پێشبینیی هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی ترەمپ بکرێت، سەرباری ئەوەش ئەو تەواو بێئاگایە لە واقیعی سیاسەتی دەرەوە.



**ستیڤن زونێس**
پرۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ بۆ گوڵان:

# ئەمریکا نایەوێت ناکۆکیی گەورە و کراوە لە نێوان هەولێر و بەغدا ڕوو بدات

# دیمانەی تایبەت

**ستیڤن زونێس، پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك (پرسی ناتوندوتیژی، چارەسەرکردنی ناکۆکی، سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیهانگەرایی)، دامەزرێنەر و یەکەم بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و بە دیاریکراوی لە دوای هێرش و هێرشی پێچەوانەی نێوان ئێران و ئیسرائیل، و پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراق و ئەگەری بینینی ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتی و هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

**ئێران دەیەوێت سوود لەو تووڕەییە بەدەست بهێنێت کە لە جیهانی موسڵماناندا دژ بە ئیسرائیل دروست بووە، بەتایبەتی بە هۆی شەڕی غەززەوە**

*** وەك ئاشکرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین کێشە و قەیران و تەنگژەوە دەناڵێنێت، بەم دواییەش چەندین پێشهات و پەرەسەندن و هەڵکشانی بەرچاو ڕوویان دا، بەتایبەتی کوشتنی چەند فەرماندەیەکی سەربازیی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە و پاشان هێرشی ئاسمانی لەلایەن ئێرانەوە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکی بالیستی بۆ سەر ئیسرائیل، هێندەی دیکە دۆخەکە ئاڵۆز بوو، ئێوە چۆن لە بارودۆخی ئێستای ئەم ناوچەیە دەڕوانن؟**

- ئاشکرایە کە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوەی دیپلۆماتیی ئێرانی لە دیمەشقی پایتەختی وڵاتی سووریا، بە پەرەسەندن و هەڵکشانێکی گەورە هەژمار کرا و لێك درایەوە، چونکە تەنانەت ئەگەر ئەو فەرماندە سەربازییانەی سوپای پاسدارانی ئێران پشتیوانی و پشتگیریی ئەنجامدانی چەند ئۆپەراسیۆنێکیان کردبێت لە هەردوو وڵاتی عێراق و سووریا، بەڵام ئەوان لە زەمینەیەکی دیپلۆماتیدا بوون، واتە ئەوان لەسەر خاکی ئێران بوون، لەو ڕوانگەیەی کە دامەزراوە دیپلۆماتییەکان بە بەشێك لە خاکی وڵاتەکە دادەنرێت و نابێت پێشێل بکرێن. کەواتە لەبەر ئەوەی ئێران ئەم هێرشانە و کوشتنی ئەم فەرماندەیانەی بە پەلاماردان بۆ سەر خاکی وڵاتەکەی لێك دایەوە، ئەوا بڕیاری دا کە پەرچەکردار و کاردانەوەکەی بریتی بێت لە پەلاماردانی خاکی ئیسرائیل، ئەگەرچی هێرشێکی سنووردار بوو، بە چەشنێك کە ئیسرائیل توانی بەرپەرچی بداتەوە، ئەوە بوو ئیسرائیلیش کاردانەوەی خۆی لە سنوور و مەودایەکی بچووکدا کورت کردەوە

**بوونی بارگرژیی زیاتر لە نێوانی ئیسرائیل و ئێراندا لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلیشدایە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی هاوسۆزیی جیهانی لەگەڵ ئیسرائیل**

**بە داگیرکردنی عێراق لایەن ئەمریکا و پاشان جێهێشتنی ئەم وڵاتە لە نێو دۆخێکی پڕ لە پشێویدا، دەرفەتی دروست کرد بۆ دروستبوونی ئەو گرووپانەی کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانییان لێ دەکرا**

**ئەمریکا بە خوێن و خەرجی تێوەگلاوە لە عێراقدا و دەیەوێت ئەوەندەی دەکرێت کاریگەر و دەستڕۆیشتوو بێت لە عێراقدا**

و نەیویست دۆخەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر ببات. هەرچۆنێك بێت ئێران و هاوپەیمانەکانیشی نایانەوێت دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی و پشێویی زیاتر ببەن، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی ئیسرائیل توانایەکی باڵاتری سەربازیی هەیە و دەکرێت زیانێکی زۆر بە بەرانبەرەکانی بگەیەنێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئێران دەیەوێت سوود لەو تووڕەییە بەدەست بهێنێت کە لە جیهانی موسڵماناندا دژ بە ئیسرائیل دروست بووە، بەتایبەتی بە هۆی شەڕی غەززەوە، هەروەها لە تووڕەیی ئەم جیهانە لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هۆی پشتیوانیکردنی بۆ ئیسرائیل لەم شەڕەیدا. بە هەمان شێوە تووڕەییان دژی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا، لەبەر ئەوەی هاوشان بە سیاسەتی ئیسرائیل هەنگاو هەڵدەگرن، لە کۆتاییشدا تووڕەییان لە دژی دەوڵەتە عەرەبییەکانی ناوچەکە، لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە کارێکی ئەوتۆ بکەن بۆ کۆتاییهێنان و ڕاگرتنی شەڕەکە. کەواتە ئەمە دۆخێکە کە لە ڕووی سیاسییەوە لە بەرژەوەندیی ئێراندایە. ئێوە بڕوانن کە سەرباری ئەوەی حزبوڵڵای لوبنانی (کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت) ڕووبەڕووی بۆردومان و هێرشی بەردەوام دەبێتەوە لەلایەن ئیسرائیلەوە، بەڵام هێشتا (بە چەشنێك خودی ئێران خۆی) پەنای نەبردووەتە بەر بەکارهێنانی تەواوی جبەخانەی چەکەکانی و کاردانەوەکانی کورت کردووەتەوە لە چەند هێرشێکی سنوورداردا بۆ سەر باکووری ئیسرائیل، کە ئاشکرایە حزبوڵڵا توانای ئەوەی هەیە هێرشی کاریگەرتر ئەنجام بدات، بە چەشنێك کە زیانی گەورەتر و زیاتر بە ئیسرائیل بگەینێت. لە لایەکی دیکەوە بوونی بارگرژیی زیاتر لە نێوانی ئیسرائیل و ئێراندا لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلیشدایە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی هاوسۆزیی جیهانی لەگەڵ ئیسرائیل، یان بەلای کەمەوە دەبێتەهۆی ئەوەی کە سەرنجی جیهان کەمتر لەسەر پرسی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بێت و پتر لەسەر ناکۆکی و بارگرژی نێوان ئیسرائیل و ئێران چڕ ببێتەوە. کەواتە ئەگەر لەسەر کاریگەرییەکانی هێرش و هێرشی پێچەوانەی ئەم دواییەی نێوان ئێران و ئیسرائیل ڕابوەستین، ئەوا دەکرێت بڵێین بووە هۆی ئەوەی سەرنجەکان کەمتر تەرکیز لەسەر شەڕی غەززە و بەرەوپێشچوونەکانی بکەن.

*** ئەگەر لە پرسێکی دیکە بدوێین، کە پەیوەستە بە ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، یان بە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە، ئایا پێتان وایە دۆخی پەیوەندیی نێوانیان چۆنە؟ ئایا دەکرێت بڵێین پەیوەندییەکی هاوسەنگە و لە بەرژەوەندیی هەردوو لادایە، بەتایبەتی کە باس لەوە دەکرێت ئەمریکا و ئێران هەوڵی برەودان بە دەستڕۆیشتووی خۆیان دەدەن لەم وڵاتەدا و لەم ڕووەوە لە ڕکابەرییەکی سەختدان؟**

- ئەوە ڕوونە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا سنووردار بکات و کەمی بکاتەوە، بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە سەیرە ئەوەیە کە بە داگیرکردنی عێراق لایەن ئەمریکا و پاشان جێهێشتنی ئەم وڵاتە لە نێو دۆخێکی پڕ لە پشێویدا، دەرفەتی دروست کرد بۆ دروستبوونی ئەو گرووپانەی کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانییان لێ دەکرا، پاشان خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەم گرووپانەدا هاوکاریی کرد، لە پێناو تێکشکاندنی داعشدا، ئێستاش ئەوەتا نیگەرانییەکانی ئەمریکا پەیوەستە بەم گرووپانە و بە هێرشەکانیان بۆ سەر سەربازەکانی لە سووریا و عێراق و ئەردەن. هەرچەندە ئەم پرسە مایەی مشتومڕە لە نێو خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە باس لەوە دەکرێت کە هێشتنەوەی کۆمەڵە سەربازێکی کەم لەو وڵاتانە مایەی ئیستیفزازکردنە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕووبەڕووی هێرش و بە ئامانجگرتن ببنەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەمریکا بە نیازی هێشتنەوەی ئەم سەربازانەیە، ئەویش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم گرووپانە و بۆ بەرپەرچدانەوەی پاشماوەکانی داعش.

*** کەواتە بە دیاریکراوی چۆن لە ڕۆڵی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڕوانن لە عێراقدا؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەمریکا بە خوێن و خەرجی تێوەگلاوە لە عێراقدا و دەیەوێت ئەوەندەی دەکرێت کاریگەر و دەستڕۆیشتوو بێت لە عێراقدا، هەندێ لە عێراقییەکانیش



ئەم ڕۆڵەی ئەمریکا بە پێویست دەزانن بۆ پارسەنگڕاگرتنی دەستڕۆیشتوویی هەڵکشاوی ئێران لە وڵاتەکەیاندا، هەروەها بوونی ئەمریکا بە پێویست دەزانن بۆ هاوکاریکردنی سوپای وڵاتەکە و دەستەبەرکردنی دارایی بۆ هەندێ لە پڕۆژەکان، لە هەمان کاتدا تووڕەییش هەیە لە نێو هەندێ لە عێراقییەکاندا بەرانبەر بە ئەمریکا، لەو ڕووەوە کە ئەمریکا بە بەرپرسیار دەزان و ئۆباڵی چەندین کوشتار و کاولکاری دەخەنە ئەستۆی.

*** لەم دواییانەدا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاشان سەرۆك وەزیرانی عێراق سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان کرد، چەندین دیدار و کۆبونەوەیان ئەنجام دا، ئایا ئێوە چۆن لە ڕۆڵی ئەمریکا دەڕوانن لەم ڕووەوە و پێتان وایە ئەمریکا دەتوانێت و دەیەوێت ڕۆڵێکی ئەرێنی ببینێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا؟**

- من دەمەوێت بە ڕوونی ئەوە بڵێم کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەندبوونێکی پتەوی ئەخلاقیی لە ئاست گەلی کورددا نییە، چونکە چەندین جار لە مێژوودا ئەوە بەدی کراوە، کە ئەمریکا پشتیوانی و هاوکاریی کوردی کردووە، کاتێك پێی وا بووە ئەمە دەبێتە هۆی برەودان بە بەرژەوەندییەکانی، هەر کاتێکیش پێی وا بووێت خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ناکەن، ئەوا پشتی تێکردوون، لەگەڵ ئەوەشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نایەوێت و خوازیاری ئەوە نییە کە ناکۆکییەکی کراوە و ڕووبەڕووبوونەوەیەك ڕوو بدات لە نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەولێردا و نایەوێت لەم ڕووەوە شتێك ڕوو بدات کە مایەی ئاڵۆزی و ئیستیفزاز بێت، کەواتە ئەمریکا لە لایەکەوە دەیەوێت کورد هان بدات کە دەست بۆ سەربەخۆیی نەبات، لە هەمان کاتدا هانی حکومەتی عێراقیش دەدات کە دەست نەبات بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو خاکانەی لە ئێستادا لەژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان، کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا ئەمریکا دەیەوێت درێژە بەو دۆخەی ئێستا بدات و دەتوانین بڵێین تا ڕاددەیەکیش لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بووە، چونکە توانیویەتی کارێك بکات کە ڕێگری لە ڕوودانی ناکۆکیی گەورەتر بکات لە نێوان هەولێر و بەغدا.

**ئەمریکا لە لایەکەوە دەیەوێت کورد هان بدات کە دەست بۆ سەربەخۆیی نەبات، لە هەمان کاتدا هانی حکومەتی عێراقیش دەدات کە دەست نەبات بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو خاکانەی لە ئێستادا لە ژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان**

مەلا سەڵاحەدین عەزیز
وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی
سەڵاحەدین لە پیرمام بۆ گوڵان:

# لە ئیسلامدا خاک و نیشتمان زۆر بە پیرۆزی دانراون و دابەشکردنی ئیسلامیش بەسەر سیاسەت و عیبادەت زۆر مەترسیدارە



**لەدوای نەمانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا و لەپاشان ئەو فکرە بووە جیهانی و بوونە هۆکاری ئەوەی کە ئیسلام بۆ سیاسەت و عیبادەت دابەش بکەن، ئەمەش مەترسییەکی گەورە لەسەر ئیسلام دروست دەکات، هەروەها هەندێ گرووپ و لایەنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان هەن، باوەڕیان بەوەیە کە کوردی موسڵمان دووبارە بە ئیسلامی بکەنەوە و ڕێز لە خاك و نیشتمان و پیرۆزییەکانی نەتەوەی کورد ناگرن. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مەلا سەڵاحەدین عەزیز وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی سەڵاحەدین لە پیرمام و شارەزا و خاوەنی نامەی ماستەر لە عەقیدەی ئیسلام ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** لەدوای رووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش بێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی تاچەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- بێگومان ئایینی ئیسلام وەکو دین خوای گەورە هەر لەگەڵ دروستکردنی مرۆڤایەتییەوە بەرنامەی بۆ داناوە، بەپێی پلەبەندییەوە پێغەمبەرانی ناردووە و بەرنامەی هەموو پێغەمبەران ئیسلام بووە، ئیسلامیش واتە ئاشتی و سەلامەتی و پێکەوەژیان لەسەر ئەو زەمینەدا. دوا پەیامی خوا بۆ دوا پێغەمبەری مرۆڤایەتی محەمەد(د.خ) بوو، کە دابەزی و پێغەمبەری ئیسلامیش لە دوا پەیام و وتاری لە ڕۆژی عەرەفە لە کێوی عەرەفە لە ڕۆژی هەینیدا لە حوجەتەلوداع رایگەیاند بە ئومەتی ئیسلام کە دەست بەو قورئانە پیرۆزەوە بگرن و ئێوە هەمووتان برای یەکترن و کەستان لەکەس گەورەتر نین جگە لەو کەسەی کە زیاتر و باشتر خواپەرستی دەکات (ان اکرمکم عند الله اتقاکم)، لە پاشان فەرمووی، دەست بە قورئان و سوننەت و فەرموودەکانی بگرن. هەر کاتێك ئێوە تەفرەقە و دووبەرەکیتان لەنێوان خۆتان دروست کرد، ئەوە شکۆتان نامێنێت و، هیچ کەسێك حیسابتان بۆ ناکات، ئەو کات وەکو رانە مەڕێکتان لێدێت و گورگ بە ئارەزووی خۆی لێتان دەخوات و لەناوتان دەبات، هەروەها خوای گەورەش دەفەرموێت (واعتصموا بحبل الله جمیعا ولا تفرقوا). بۆیە خوای گەورە ئەو میللەتەی ئاگادار کردووەتەوە لە مەترسیی ناکۆکی و دووبەرەکی کە شتێکی زۆر مەترسیدارە، چونکە دوژمنانی ئیسلام گەورەترین چەك لەدژی ئیسلام بەکاریانهێنابێت، ئەوە دووبەرەکییە بووە. بۆیە نابێت ئیسلام هیچ کاتێك بە هەر بیانوو و هۆیەك لەلایەن هەر گرووپ و زانا و ئیمامێك بە ئارەزوو بە مەزهەبی خۆی کار بکات بۆ دابەشکردنی ئیسلام بەسەر سیاسەت و عیبادەت و ئەو دابەشکردنە زۆر مەترسیدارە لەسەر ئیسلام و میللەتەکەشی، هەر بۆیە ئیسلامی سیاسی لەو کاتەی بە بیروباوەڕی جۆراوجۆر ئەو هەوڵانەیان دابێت، بە مەبەستی دووبەرەکی، ئەوە مەترسییە گەورەکەیە کە لەسەر دینەکەمان دروست بێت. هەروەها فەوزا و بێسەروبەری دروست دەبێت و کەس حیساب بۆ کەس ناکات و دەگاتە ئەو ڕاددەیەی کە دەمارگیری و توندوتیژی دروست دەبێت، میللەتیش زەلیل دەبێت لەژێر دەستی ئەو لایەن و گرووپانە و ئیسلامییش ناشیرین دەکەن.

**ئەو لایەن و حزبانەی ئیسلامی سیاسی کە حیساب بۆ خاک و نیشتمان و نەتەوە ناکەن، لەناو دڵی میللەتی کورد دروست نەبوون**

**فەتوا تەنیا لەلایەن ئەو لێژنە بالایەوە دەدرێت، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دایناوە**

**هەر کەسێک بێ زانست و بێ شارەزایی تەواوی لە شەریعەتی ئیسلام فەتوا بدات، ئەوە دەرچوونە لە بنەماو شەریعەتی ئیسلام**

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمان چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- ئیسلام خاك و نیشتمانی زۆر بە پیرۆزی داناو، هەروەها وەکو دەڵێن خاك دایکی مرۆڤە و هەر مرۆڤ و کەسێك حیساب بۆ خاك نەکات

ئەوە لە هەقیقەتدا کەسێکی زۆر تێنەگەیشتووە و ویژدانیشی نییە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خۆشەویست(د.خ) مەککەی زۆر خۆش دەویست لەو کاتەی کافر و موشریك و قوریشەکان پێغەمبەریان (د.خ) لە شاری مەککە دەرکرد، پێغەمبەری خۆشەویست فەرمووی: «وەڵاهی ئەی مەککە ئەگەر ئەمری خوای نەبوایە، قەت قەت جێم نەدەهێشتی». هەر پێغەمبەر دەفەرموێت «هەر کەسێك لەسەر بەرگری لە خاك و ماڵی خۆی بکوژرێت شەهیدە»، بەڵام هەر گروپێك یان لایەنێکی ئیسلامی سیاسی بڵێت خاك و نیشتمان هیچ نییە و ڕێز لە پیرۆزییەکانی نەگرێت ئەوە لادانە لە ئیسلام، چونکە کاتێك خاك و شوێنێك نەبێت، ئەوە عیبادەت و دینداریش ناکرێت، بەڵکو تووشی سەدان لادانیش دەبێت و خوای گەورە لە سورەتی حجرات دەفەرموێت: (وجعلناكم شعوبا و قبائل لتعارفوا)، واتە ئێوەمان کردووەتە گەل و هۆز بۆ دراوسێیەتی و یەکتر ناسین و ئاوەدانکردنەوەی خاکە، نەك بۆ شەڕ و یەکتر سڕینەوە و سفرکردنی یەکتر. لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئایین و شەریعەتی ئیسلام دراوسێیەتی ئەرك و هاوکاری یەکتریان لەسەرە، بەداخەوە ئەو دەوڵەتە ئیسلامییانەی دراوسێی میللەتی کورد بوون، لەبری ئەوەی هاوکاریی کوردیان کردبێت، خاك و نیشتمانی کوردی موسڵمانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە. پێغەمبەری خۆشەویست محەمەد (د.خ) دەفەرموێت «حەزرەتی جبرائیلی ئەمین ئەوەندە ئامۆژگاری منی لەسەر ڕێز و مافی دراوسێ کرد، هەر بۆیە من وا تێگەیشتم کە دراوسێ دەبنە میراتگری یەکتر، بەڵام ئەو لایەن و وڵاتانەی کە ئاومان لەسەر دەبڕن و درۆنمان دەنێرنەسەر و خاکمان وێران دەکەن و ئەوانەی نایانەوێت میللەتی کورد بژی، لە ڕاستیدا ئەوە زوڵمێکی زۆر گەورەیە و هیچ پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانی تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات؟**

- هۆکاری سەرەکی ئەوەیە ئەوانە خێڵکێك دروستی کردوون و لەناو میللەتی کورد دروست نەبوون، چونکە دوژمنانی کورد هەموو کاتێك ویستوویانە بە هەموو چەکێك لە کورد بدەن، دیتمان بە کیمیایی لێ دراین و ئەنفال و جینۆسایدیان کردین و هەرچی لە دەستیان هات، لەگەڵ کوردیان کرد، بەڵام ئەو میللەتە هەر ماوە، ئەگەرچی ئەو دوژمنانە لە ڕێگایەکی دیکەوە دیانەوێت میللەتی کورد ڕەش بکەنەوە و لەناوی ببەن، ئەویش بە نانەوەی ناکۆکیی ناوخۆمانە. مامۆستا مەلا مەسعودی بێبەش خوا لێی خۆش بێت، شیعرێکی زۆر جوانی هەیە و دەفەرموێت: (دوژمنی کورد کوردە تەنیا ئەگەر هەبێ کورد دوژمنی، با بزانن ئەگەر نەزانن خاینی کوردی دەنێ، عەقڵتان بێت چاوەکەم بێگانە هەر بێگانەیە، حەیفە ئیتر وامەکەن بێگانە پێتان پێ بکەنێ). بۆیە دیتمان دوژمنانی کورد داعشی تیرۆریستیان بۆ کورد دروست کرد کە بە ناوی جیهادەوە چییان بە میللەتی کوردی موسڵمان کرد و ئیسلامیان چەند ناشیرین کرد، هەر بۆیە ئەو لایەن و حزبانەی ئیسلامی سیاسی کە حیساب بۆ خاك و نیشتمان و نەتەوە ناکەن، ئەوانە لەناو دڵی میللەتی کورد دروست نەبوون، بەڵکو لە دەرەوەی کورد لەلایەن ناحەز و دوژمنانی کوردەوە دروست کراون و بەرنامەش لە دوژمنان وەردەگرن و هیچ ڕۆژێك ئەوانە حیساب بۆ پرس و دۆزی کورد ناکەن.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت لە فیکری ئیخوان موسلمین و ئیسلامی ئوسوولی، تەنانەت باس لەوە دەکرێت، یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی سەید قوتب بە ناوی «تەنزیمی سری» دامەزراوە. ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**


- هەر کاتێك دەمارگیری لەناو هەر نەتەوە و میللەتێك هەبوو، بەتایبەتی ئوممەتی ئیسلام، ئەوە ئەو ئوممەتە هەر هەمووی هەڵدەوەشێنێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئیسلامیش ناشیرین دەکات و دەگاتە ئەو ئاستەی کە خەڵك متمانەی بە ئیسلام نەبێت و خەڵك پشت لە ئیسلام بکات و بەرەو گرووپەکانی دیکە بڕۆن. هەر بۆیە

**خاك دایکی مرۆڤە و هەر مرۆڤ و کەسێک حیساب بۆ خاک نەکات ئەوە لە هەقیقەتدا کەسێکی زۆر تێنەگەیشتووە و ویژدانیشی نییە**

**ئەو دوژمنانە لە ڕێگایەکی دیکەوە دیانەوێت میللەتی کورد ڕەش بکەنەوە و لەناوی ببەن، ئەویش بە نانەوەی ناکۆکیی ناوخۆمانە**

**ئەو دەوڵەتە ئیسلامییانەی دراوسێی میللەتی کورد بوون، خاک و نیشتمانی کوردی موسڵمانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە**

**هەر گرووپێک یان لایەنێکی ئیسلامی سیاسی بڵێت خاک و نیشتمان هیچ نییە و ڕێز لە پیرۆزییەکانی نەگرێت ئەوە لادانە لە ئیسلام، چونکە کاتێک خاک و شوێنێک نەبێت، ئەوە عیبادەت و دینداریش ناکرێت**



دەگوترێت و بەڵگەش زۆرن کە ئەمەش هەر دوژمنانی ئیسلام دروستیان کردووە، تاوەکو ئیسلام بێ هێز بکەن و هەیبەت و شکۆی نەمێنێت.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسی مەسەلەی دووبارە تەفسیرکردنەوەی «فەتوا»دانە، لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان ئەمیری موئمنین فەتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت، هەر کەسێك دەتوانێت فەتوا بدات و خەڵك بکوژێت، ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە نییە لە کۆمەڵگە؟**

- فەتوا شتێکی زۆر پیرۆزە و وەکو وتوویانە موفتی لە جێگای خودا واژوو دەکات، بۆیە هەر کەسێك بێ زانست و بێ شارەزایی تەواوی لە شەریعەتی ئیسلام فەتوا بدات، ئەوە دەرچوونە لە بنەماو شەریعەتی ئیسلام. هەموو کاتێکیش ئەگەر کەسەکە تەنانەت زانست و شارەزایی لە شەریعەتی ئیسلامیش هەبێت، ناکرێت فتوا بدات، چونکە هەندێ فەتوا دەبێتە هۆکاری کێشە و گرفت و تەفریقە لەناو کۆمەڵگەدا، بۆیە فتوا دەبێت بەپێ پێویست بێت، هەر وەکو پێغەمبەری خۆشەویستیش دەفەرموێت (إن الله لا يقبض العلم انتزاعاً ينتزعه من العباد، ولكن يقبض العلم بقبض العلماء، حتي إذا لم يُبقِ عالماً، اتخذ الناس رؤوساً جهالاً، فسُئلوا، فأفتوا بغير علم، فضلوا وأضلوا)، واتە خوای گەورە علم و زانیاری لە خەڵك وەرناگرێتەوە، بەڵکو علم و زانیاری وەردەگرێتەوە بە وەرگرتنی لە زانایان هەروەها لە کاتێك زانایان نەمان، خەڵك چەند سەرۆك و کەسێکی نەزان بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن و پرسیان پێ دەکەن، کە ئەوانیش بەبێ زانست و نەبوونی شارەزایی لە شەریعەتی ئیسلام بە ئارەزووی خۆیان فەتوا دەدەن. ناکرێت هەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی و مەنهەجی حزبی خۆی فەتوا بدات، بەتایبەتی ئەو حزب و لایەنە ئیسلامییە سیاسییانەی کە لیژنەی فەتوای تایبەت بەخۆیان داناوە بە ئارەزووی خۆیان و لە بەرژەوەندیی خۆیان فەتوا دەدەن، کە ئەمەش مەترسیەکی زۆر گەورەیە بۆ سەر میللەت و ئایینی ئیسلامی پیرۆزیش، بەڵکو فەتوا تەنیا لەلایەن ئەو لیژنە بالایەوە دەدرێت، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دایناوە.

ئەوین ئومێد:

# خانمانی گەنج ئەوەندە کارامەن کە دەتوانن تەنانەت لە ژوورەکەی ماڵی خۆیانەوە خزمەت بە کۆمەڵگەیەک بکەن

ئەوین ئومێد، کچە گەنجێکی بەتوانا و لێهاتووی شاری سلێمانییە، تەمەنی ٢٦ ساڵە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە. بەهۆی خولیای زۆری بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی، بەر لە تەواوکردنی خوێندن و شانبەشانی خوێندنی زانکۆ، وانەی ئینگلیزی بە قوتابییانی ئاست و تەمەنە جیاوازەکان دەڵێتەوە. وەك خۆی باسی دەكات، پەیجێك بۆ فێرکاری زمانی ئینگلیزی دادەنێت و هەر لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی ببێتە خاوەن کاری خۆی. لەم دیمانەیەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان زیاتر باسی کار و ژیانی خۆی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



ئەوین ئومێد، لەبارەی چۆنیەتیی تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار دەڵێت «هەر لە هاوینی قۆناغی دووی زانکۆوە دەستم کردووە بە کاری مامۆستایی و وانەوتنەوە بە خوێندکارانی ئاست و تەمەنە جیاوازەکان، دواتر لە مانگی یەکی ٢٠٢٣ پەیجێکم لە ئەکاونتی ئینستاگرام بەناوی (avin.englestia) دانا و بڕیارم دا، فێرکاریی زمانی ئینگلیزی دابنێم خزمەتی فێرخوازان بکەم. هەر لەو ڕێگەیەوە توانیم ببمە خاوەن کاری خۆم و خولی تایبەت و خولی بە گرووپم بۆ خوێندکاران کردەوە.

دوای تەواوکردنی زانکۆ ماوەی ساڵ و نیوێك لە قوتابخانەیەك مامۆستا بووم و ئێستەش گەڕاومەتەوە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانست بەشی Biology و Computer Science لەوێ مامۆستام».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە کاری وانەوتنەوەی لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە؟ گوتی: «لە دایکمەوە. من ئەوە وەکوو ڕستەیەکی تەواو جێ دەهێڵم و خاڵی بۆ دادەنێم، چونکە دایکم هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی من ئەم ڕێگەیە بگرم و بە خۆشحاڵییەوە دەتوانم خزمەتی فێرخوازان بکەم. دایکم هەمیشە دەیگوت: تۆ بەس ببە بە مامۆستای زمانی ئینگلیزی من هیچی ترم ناوێت.

سوپاس بۆ خودا ئەو ڕستەیە وای کرد، من ڕێگەی کاری خۆم بدۆزمەوە و بتوانم لەو بوارەی کە توانام هەیە خزمەت بکەم. زۆریش خۆشحاڵم کە خوێندکاران لەلایەن منەوە نموونەیەکی جوان و ئاسانی وانەکان وەردەگرن».

سەبارەت بەوەش کە تاچەند ئاستەنگی لەبەردەم بووە و چۆن بە ئامانجەکەی گەیشتووە؟ گوتی: هیچ ئامانجێك بێ ئاستەنگ و سەختی بەدەست نایەت، دەستپێکی کاری من لە شەونخوونیم بۆ بەدەستهێنانی نمرەی بەرز لە زانکۆ دەستی پێکرد، کە هەندێ کات تەنیا دوو کاتژمێر لە شەوەکەدا دەخەوتم. بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەم ساڵی یەکەمی زانکۆ تا خانەقین ڕۆیشتم، کە سەردەمی حەشدی شەعبی و داعش بوو. بەڵام خەونی بوون بە مامۆستا لە بوارەکەی خۆمدا لەوە گەورەتر بوو کە ئەوە پەشیمانم بکاتەوە لە بەدەستهێنانی. سوپاس بۆ خودا ئاستەنگی دەستکەوتنی کار نەهاتە بەردەمم، چونکە بێ گوێدانە مووچەیەکی گونجاو بەراورد بە ماندووبوونم دەستم بە کارکردن کرد و هەر هەلێك دەهاتە پێش ڕەتم نەدەکردەوە. هەر ئەو هۆکارەش وای کرد، دوای کەمتر لە دوو ساڵ لە تەواوکردنی زانکۆ ببمە خاوەنی کاری خۆم.

ئەوین ئومێد، سەبارەت بە کاری ئافرەت و بەڕێوەبردنی ماڵ و دەستخستنی بژێوی خێزان، ڕای وایە «لە ئێستادا پێداویستییەکانی ژیان زۆرترن لە پێشتر، بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە پیاوان سەرقاڵی کارکردنن، کاتێك لە خێزانێکدا خانمێکیش دەست دەکات بە کار، یان دەبێتە خاوەن کاری خۆی، بەدڵنیاییەوە یارمەتیدەرێکی زۆر باشە و لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی ژیاندا ڕۆڵێکی دیاری دەبێت.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆ سەرکەوتنەکانت زیاتر هاوکار و پاڵپشتت کێ بوون؟ گوتی: «بە دڵنیاییەوە مرۆڤ بە تەنیا ناتوانێ بە هەموو ئامانجەکانی ژیانی بگات. من هەموو کەسەکانی چواردەورم بە پاڵپشت دەبینم، تەنانەت ئەگەر کەسێکیش ڕۆژێك لە ڕۆژان وتبێتی ناتوانیت سەربکەویت، من وەکو پاڵپشتێك دەیبینم، چونکە وای کردووە من زیاتر سوور بم لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجەکەم. بەڵام بەگشتی یەکەم پاڵپشت خۆم بووم، چونکە هەمیشە لە هەوڵدا بووم و هیچ کاتێك نەوەستاوم. دواتر ڕۆحی جوانی دایکم کە خەونی گەورەی ئەوە بوو، من وەك مامۆستایەك لە داهاتوو ببینێت، بوو بە چرای دەستم بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکەم، باوکیشم کە هەمیشە دەیەوێت من لە هەمووان باشتربم. دواتر ئەو کەسەی ئاسانکاریی بۆم کردووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەم هاوسەرەکەم بووە، کە بۆ یەك چرکەش لە هاندان و پاڵپشتیکردنی من نەوەستاوە و هاوسەرەکەم زۆر زیاتر لەوە پاڵپشتم بووە کە خۆیشم چاوەڕێم کردووە.

سەبارەت بە پلان و بەرنامەشی بۆ گەیشتن بە خەونەکانی لە داهاتوودا گوتی: «من ئەم ساتانەی ژیانم بە سەرەتای دەستپێکی خەونەکانم دەبینم و ئەوەی کە تائێستا پێی گەیشتووم، تەنیا سەرەتای شتانێکی گەورەن کە بە پشتیوانی خوا لە داهاتوودا پێیان دەگەم. بێگومان ئەگەر مرۆڤ لە گەشەکردن بوەستێت، واتە لە ژیان وەستاوە. یەکەمین پلانی داهاتووشم خزمەتکردنی زیاتری خوێندکارانە. دووەمین شت هەبوونی پۆدکاستێکی تایبەت بە خۆمە لەپێناو خزمەتکردنی گەنجی وڵاتەکەم و یارمەتیدانیان بۆ دنیابینینێکی ڕوونتر و گەیشتن بە خەونەکانیان، ئەم شتانە لەگەڵ میوانەکانم تاوتوێ دەکەین و لە ئێستادا ئامادەکارییەکان تەواو بوون و چەند بەرنامەیەکیش تۆمار کراون. پلانەکانی دیکەش با بمێنن و بۆ ئەوانیش ڕۆژی خۆی دێت کە باسی بکەین.

لە وەڵامی ئەم دواپرسیارەشدا کە ئایا تا چەند گرنگە کچانی گەنج بێنە مەیدانی کار و تواناکانیان بسەلمێنن و چاو لەدەستی ئەم و ئەو نەبن؟ ئەوین ئومێد گوتی: «گرنگیی کارکردنی خانمان هیچی کەمتر نییە لە کارکردنی پیاوان، لە کاتێکدا ژیان پڕ بووە لە پێویستی و تاك بە داهاتێکی کەم ناتوانێت ژیان بەڕێوەبەرێت. لەبەر ئەوە من داوا لە خانمان دەکەم، خۆیان زۆر مەزن بنرخێنن و هەر توانا و بەهرەیەکیان هەیە کار بۆ بەرەوپێشچوونی بکەن. خانمانی گەنج ئەوەندە کارامەن کە دەتوانن تەنانەت لە ژوورەکەی خۆیانەوە خزمەت بە کۆمەڵگەیەك بکەن.

**دایکم هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی من ئەم ڕێگەیە بگرم و بە خۆشحاڵییەوە دەتوانم خزمەتی فێرخوازان بکەم**

**دەستپێکی کاری من لە شەونخوونیم بۆ بەدەستهێنانی نمرەی بەرز لە زانکۆ دەستی پێکرد**

**ئەوەی گومانی لەسەرکەوتنی من هەبوبێت وەکو پاڵپشتێك دەیبینم، چونکە وای کردووە من زیاتر سوور بم لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجەکەم**

**هەبوونی پۆدکاستێکی تایبەت بە خۆم گرنگە لەپێناو خزمەتکردنی گەنجی وڵاتەکەم و یارمەتیدانیان بۆ دنیابینینێکی ڕوونتر و گەیشتن بە خەونەکانیان**

# هاووڵاتیان خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ سۆشیال میدیا و بەتایبەتی بۆ «تیک تۆک» هەیە

## «خێزان و ماڵباتەکان دەبێ وردتر و وشیارتر پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن و ڕۆژانە لانیکەم بە ڤۆیس مەسجێک ئامۆژگاریی ڕۆڵەکانیان بکەن»

لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا، جیهان وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، هەرێمی کوردستانیش بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دانەڕێژراو، خزایە نێو دنیای سۆشیال میدیا و هەر دوو ڕووی ئەرێنی و نەرێنیی ئەو جیهانە ڕووبەڕوومان بوونەوە. بەڵام دەگوترێت «ئەمڕۆ ئەپی (تیك تۆك) مەترسییەکی گەورەی خستووەتە ناو خێزانەکان و هۆکارێکە بۆ تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەی کوردی»، جگە لە لایڤ و چاڵنجەکان، مۆدێلەکانیش هەر ڕۆژەی بە بەرگ و ڕووخسار و شێوازێکی نامۆ، بە هۆی لاساییکردنەوە، بەشێکی ئافرەتان لە ڕێگەی نەشتەرگەریی جوانکاریی خۆیان تووشی چەندان مەترسی دەکەن. بەشێکی پیاوانیش زۆر جار گیرۆدەی ئەو سەرلێشێواوییە دەبن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە ڕووی شەرع و پەروەردەییەوە خوێندنەوەی هەمەلایەن بۆ ئەو پرسە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی


TikTo

**ئەمڕۆ ئەپی (تیک تۆک) مەترسییەکی گەورەی خستووەتە ناو خێزانەکان و هۆکارێکە بۆ تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەی کوردی**

**ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، ڕۆژی ٢٠٢٤|٣\١٣، بە ٣٥٢ دەنگی (بەڵێ) بەرانبەر بە ٦٥ دەنگی (نەخێر)، پرۆژە یاسای قەدەغەکردنی تیکتۆکی پەسند کرد**

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ تەواوی کار و کردەوە و ئاخاوتن ڕێوشوێنی بۆ دیاری کردووین**

**بەشێکی تێک تۆک بووەتە شوێنی سووکایەتی و جنێودان و سووککردنی کەسی بەرانبەر بە تەحەددیکردنی یەکتری**

«تیك تۆك»، ئەپێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە و لەلایەن کۆمپانیای «بایتدانس»ی چینییەوە لە ساڵی ٢٠١٦ دروست کراوە. ئەپەکە بە ٤٠ زمانی جیهان بەردەستە و بەکارهێنەرانی لە ڕێگای ڤیدیۆوە بۆچوون و هەستەکانی خۆیان دەردەبڕن، کە ماوەی هەر ڤیدیۆیەك لەنێوان ١٥ چرکە تا ٣٠ خولەك دەبێت.

ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٤|٣\١٣، بە ٣٥٢ دەنگی (بەڵێ) بەرانبەر بە ٦٥ دەنگی (نەخێر)، پرۆژە یاسای قەدەغەکردنی تیکتۆکی پەسند کرد.

مامۆستا ڕەعد نووری ئۆمەربلی، بەڕێوەبەری ڕێنمایی و توێژینەوەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە کۆمەڵگەی کوردستان و زۆر شوێنی دیکە، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا خەراپ بەکاردێت. هاوکات دەڵێت: «دیارە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ تەواوی کار و کردەوە و ئاخاوتن ڕێوشوێنی بۆ دیاری کردووین، بەڵام سۆشیال میدیا بەتایبەتی تێك تۆك و سناپ و فەیسبووك و هەندێکی دیکە و زۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جیاتی سوود و قازانجی بۆ تاك و کۆمەڵگە، بوونەتە جێگای مەترسی و سەرچاوەی ئاژاوە و کوشتن و جیابوونەوە و چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا هێناوە، واتە بەشێکی تێك تۆك بووەتە شوێنی سووکایەتی و جنێودان و سووککردنی کەسی بەرانبەر بە تەحەددیکردنی یەکتری، تەنیا بۆ ئەوەی لەلایەن هەوادار و بینەرەکانیان پارە بەدەست بێنن». گوتیشی: «وەکو دیارە لە ئێستادا ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران زۆر زیاد بووە و هۆکاری سەرەکیشی سۆشیال میدیا و تێك تۆك و سناپ چات و ئەو شتانەیە». خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیاشی کە بووەتە مایەی کێشە و سەرئێشە بۆ تاك و کۆمەڵگە بەو چەند خاڵە دەستنیشان کرد:

١. سووکایەتیکردن بە یەکتری و جنێودان :

خودای گەورە دەفەرموێت: (وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ). واتە: دۆڵی وەیلی دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەیە کە ناو وناتۆرە و گاڵتە بە یەکتری دەکەن .

پێغەمبەری سەروەر دەفەرموێت: (سباب المسلم فسوق وقتاله كفر)، واتە: جنێو و سووکایەتی بە موسڵمانان فاسقییە و شەڕکردن و کوشتنیان کوفرە. بەداخەوە کە ئەم ڕەفتارە زۆر باو بووە و منداڵی بچووك لاساییان دەکەنەوە، بێ ئەوەی هەست بکەن کە ئەمە کارێکی خراپە و دوورە لە ئادابی کۆمەڵایەتی.

٢. تەحەددیکردن لەسەر ئەوەی سزا بۆ یەکتری دابنێن :

یەکێك لە کارە هەرە ناشیرینەکان ئەوەیە کە دوو کەس، یان زیاتر لایڤی تێك تۆك دەکەنەوە بۆ ئەوەی بینەریان زیاتر بێت و لایك و کۆمێنت و پۆینتیان بۆ بێت و تەحەددی یەکتری دەکەن، بۆ ئەوەی کەسی براوە هەر جۆرە سزایەك دیاری بکات، کەسی بەرانبەر جێبەجێی بکات. هەندێك لەو کارە قێزەونانە ئەمانەن : (خۆ ڕووتکردنەوە، سەر و ڕیش و سمێل و بڕۆ تراشین، یان شێواندنی، خواردنی بیبەر و تێکدانی شێوەی ڕوومەتی بە ئارد و هێلکە و هیتر، تەقڵەلێدان و خۆ قووچکردنەوە و هاوارکردن و لاساییکردنەوەی ئاژەڵ و...هتد)، کە ئەمانەش هەموی لە ڕێز و شکۆی تاکی مرۆڤ دێنێتە خوارەوە و لە ناو خەڵکی بە چاوی سووك تەماشا دەکرێن. بۆیە کەسێك بەم شێوانە بێ بە شەهیدیش، قەبووڵ ناکرێت .

٣. شانازیکردن بە جیابوونەوە و بانگەوازیشی بۆ دەکەن :

لە هەندێك چاوپێکەوتن و لایڤدا لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، هەیە شانازی دەکات کە لە هاوسەرەکەی جیا بووەتەوە و بە شتێکی نۆرماڵی دادەنێت و باس لە ئازادی دەکات، نازانێت کە ژن و پیاو، ئەوکات جوانن کە هاوسەردار بن. پێغەمبەرمان ( د.خ ) دەفەرموێت: (أبغض الحلال عند الله الطلاق). واتە : ئەو حەڵاڵەی کە خودای گەورە ڕقی لێ دەبێتەوە».

ئەو کەسایەتییە ئایینییە نیگەرانیی خۆی لەوە دەربڕی کە «زۆر کەس بە هەندێك وشەی ناشیرین و دوور لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ڕێکلام بۆ کاڵاکانیان دەکەن .یان بۆ بەدەستهێنانی پۆینت و کۆمێنت و بەدەستهێنانی نازناو، سووکایەتی بە هاوسەر و منداڵەکانی خۆیان و تەنانەت سووکایەتی و بێڕێزی بەرانبەر بە دایك و باوکیشیان دەکەن». گوتیشی: «بەداخەوە لە سۆشیال میدیا هیچ لە بەها جوان و ئەخلاقییەکان نەماون و تەنانەت سووکایەتی بە هەموو پیرۆزییەکان سەرکردە مێژووییەکانی نەتەوەش دەکرێت و گەنجان وا فێر دەکەن کە خۆشەویستییان بۆ خاك و وڵاتیان

نەبێت. بۆیە لێرەوە داواکارم لە لایەنی پەیوەندیدار، سزا و یاسای توند دەربکەن و هەموو ئەو کەسانە ڕووبەڕووی یاسا بکەنەوە، کە بەها جوانەکانی کۆمەڵگە تێك دەدەن» .

عیسا بۆتانی، نووسەری پەروەردەییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کاتێك کە کورد لە نوێوە ئاشنایی لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکرد، توێژەران و کۆمەڵناسان و شارەزایان و نووسەران سەرەڕای ڕاڤەکردنی ئەو بارودۆخە نوێیە و کاردانەوە خراپەکانی، بە ئومێدەوە باسیان لەوە دەکرد کە هەموو داهێنانێکی نوێ لە سەرەتادا کێشە بۆ بەکارهێنەرانی دروست دەکات و بە هەڵە بەکاری دەهێنن. وەکو ئەوەی دوای دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵی و ڕاهاتن و ئەزموونکردنی، ئەوا خەڵکی وشیارتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و وردە وردە دەتوانن بەسەر لایەنە نەرێنییەکانیدا زاڵ بن. ئەو بۆچوونە کاتێك ڕاستە، ئەگەر داهێنانەکان لە خاڵێکدا بوەستن و ڕۆژانە داهێنەکان (ماڵپەڕ و پێگە و ئاپەکانی سۆشیاڵ میدیا) وەکو نموونە ئەپدەیت نەکرێنەوە و بەپێی خواست و خولیا و ناسینی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نوێکاری و تایبەتمەندییان بۆ زیاد نەکرێت» . گوتیشی: «مەبەستی دروستکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە تەنیا قازانجی دارایی و کۆکردنەوەی پارەیە، بۆیە ئەو کۆمپانیایانە وەکو هەر کاڵایەکی بازرگانی بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان بەرهەمەکانیان زیاتر بە بازاڕ بکەن و سەرنجی خەڵکی ڕاکێشن بۆ ئەوەی زۆرترین کڕیاری بۆ بدۆزنەوە و فرۆشی زۆرتریان هەبێت، بۆیە لە جیاتی بازاڕی ئاسایی، بازاڕی ئەلیکترۆنی سەری هەڵدا. کە دەڵێین (بازاڕ و مامەڵەی دارایی) واتا بوارێك کە پەیوەستە بە ژیانی هەموو مرۆڤێکەوە، لە بچووکەوە تاکو گەورە و لە خوێندەوارەوە تاکو نەخوێندەوار و بە ژن و پیاوەوە، هەمووان ناچارن لەو بازاڕەدا بەدوای هەلی کاردا بگەڕێن و هەر لەو بازاڕەدا کار بکەن و پێداویستییەکانیان و کرێ و ڕۆژانەیان بەدەست بێنن. لە ئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەوە دەرچووە تەنیا هۆکارەکانی دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بن، وەکو ئەوەی ناویان لێ نراوە. لە داهاتووشدا سۆشیاڵ میدیا تەواوی دنیای مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت و بەردەوام لە گەشەسەندن و برەوی زیاتردا دەبێت، بۆ ئەوەی دەست بەسەر تەواوی ژیانی ئاسایی و تەقلیدی مرۆڤدا بگرێت».

ئەو نووسەری پەروەردەییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «سۆشیال میدیا گۆڕدرا بۆ دامودەزگا و دامەزراوە و فەرمانگە و کۆمپانیا و تەواوی ئێزگە و ڕۆژنامە و میدیا و تەلەڤزیۆن و گۆڤارەکانی هەڵتەکاندووە و خەڵك و خوێنەرانی لە بەردەم ڕەفەی فرۆشتنی ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان و شاشەی تیڤیەکان و سەماعەی ڕادیۆکان هەڵەتە کردووە. بازاڕ و قەیسەری و چێشتخانەکان خەریکە دەگۆڕدرێن و لە جووڵە دەکەون و ماتۆڕسیکلێك بەسە بۆ ئەوەی دوای مەسجێك و داواکردنی پیتزایەك، یان پانتۆڵ و شووشە عەترێك و کاڵاکان بگەیەنێتە بەر دەرگای ماڵەکان.» گوتیشی: «ئەو دەردە کوشندەیە هەموو بوار و پیشەکانی گرتووەتەوە و دەیگرێتەوە، تاکو دەگاتە قوتابخانە و شوێنی فێرکردن و پێگەیاندنی نەوەکان. هەر هەمووی لەسەر بنەمای قازانج و کۆکردنەوەی پارە و سەرمایەیە و دواجار لەسەر حیسابی هەڵوەشاندنەوە و لەبەینبردنی ئەو ژیانەیە کە مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لەسەری ڕاهاتووە. بوونی قوتابخانەو هۆبەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی بووە بە بەشێك لەو پلان و بەرنامە نوێگەرییەی بازاڕی ئەلیکترۆنی و کاتێك دەگوترێت بازاڕ، واتا شوێنێك کە سۆز و عاتیفە تێدا جێی نابێتەوە و بیرکردنەوە لە قازانج و بەدەستهێنانی پارە باڵی بەسەردا کێشاوە. سۆشیاڵ میدیا ئیتر بووەتە تەواوی دنیای مرۆڤ و ئەستەمە دەستی لێ هەڵبگیرێ. دەزگاکانی میدیایە و سەرچاوەی بیستنی هەواڵە، ئەلبوومی وێنە و ڕادیۆ و تیڤییە. چایخانە و شوێنی یاری و بینینی هاوڕێیە. فەرمانگەی حکومەتە و کاروباری فەرمی تێدا ڕایی دەکرێ. پەرتووکخانەیە و سەرچاوەی زانیاریی باش و خراپە. قوتابخانەیەکی گەڕۆکە. کامێرای چاودێریی نێو ژووری خەوتنی خێزانەکانە. مزگەوت و کڵێسایە. باخچە و حەمامە. ژووری میوان و مەتبەخ. هەموو ئەو شتانەیە کە لە دنیای مرۆڤدا هەبوون. مرۆڤ هەیە تاکو دەمرێ بنکەی پۆلیس و ژووری زیندان نابینێ و هی وا هەیە مانگانە پەلکێشی ئەوێ دەکرێ. دواجار ئەوەی پێویستە لەو دنیایەدا بگوترێ، ئەوەیە کە خێزان و ماڵباتەکان دەبێ وردتر و وشیارتر پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن و هەرنەبێ ڕۆژانە بە ڤۆیس مەسجێك ئامۆژگاریی ڕۆڵەکانیان بکەن».

**ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران زۆر زیاد بووە و هۆکاری سەرەکیشی سۆشیال میدیا و تێک تۆک و سناپ چات و ئەو شتانەیە**

**زۆر کەس بە هەندێک وشەی ناشیرین و دوور لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ڕیکلام بۆ کاڵاکانیان دەکەن**

**لە داهاتووشدا سۆشیاڵ میدیا تەواوی دنیای مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت و بەردەوام لە گەشەسەندن و برەوی زیاتردا دەبێت، بۆ ئەوەی دەست بەسەر تەواوی ژیانی ئاسایی و تەقلیدی مرۆڤدا بگرێت**

**سۆشیال میدیا گۆڕدرا بۆ دامودەزگا و دامەزراوە و فەرمانگە و کۆمپانیا و تەواوی ئێزگە و ڕۆژنامە و میدیا و تەلەڤزیۆن و گۆڤارەکانی هەڵتەکاندووە**

مەریەم پیربەند بۆ گوڵان:

# کوردستان گەنجینەی چیرۆک و سیناریۆی سینەمایە

**مەریەم پیربەند دەرهێنەر و نووسەری سینەماییە بەدواداچوون بۆ پرسەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکات. ئەو بە فیلمەکانی ڕاست، وەرزی قاوەیی، سەما لەگەڵ من، بێدەنگی، و فێرمیسک ناسراوە. لە وڵاتی ئێران دەرهێنانی فیلمی خوێندووە و درێژەی بە خوێندنی داوە تا بڕوانامەی ماستەر و، ئێستاش قوتابیی دکتۆرایە. فیلمەکانی چەندین خەڵاتیان بە دەستهێناوە لە سەرتاسەری جیهاندا.**

**مەریەم بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە سەبارەت بە ڕەوشی سینەما بە گشتی، هاوکات بیروبۆچوونی خۆیشی دەربارەی سینەمای کوردی خستەڕوو.**



*** سینەمای ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم کە ناونیشانی سینەمای ئێران ناوێکی ناسراو و جێی متمانەیە لە جیهاندا و، جێگەی خۆی هەیە، سینەمای ئێران لە ڕوانگەی منەوە ئێستا لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە بە دوو بەشی گشتی دادەنرێت، بەشێکی تەواو سەربەخۆی لە سینەمای هونەریدا، کە گرنگی و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر ئاستی جیهان، بێگومان لە ڕووی چیرۆك و شێوازی هونەرییەوە مامەڵەکردن لەگەڵ چیرۆکەکەدا، ئەگەرنا، ناتوانرێت هیچ کام لەو فیلمانەی تێیدا بەرهەم هێنراون بەراورد بکرێت لەگەڵ بەرهەمەکانی ستۆدیۆ گەورەکانی جیهاندا. بەشەکەی دیکە ئەو فیلمانەن کە یان سوودمەندن لە ئیمکانات و بودجەی حکومەت، یان پەیوەندییان بە حکومەتەوە هەیە.





*** ئایا سینەمای ڕۆژهەڵاتی دەتوانێت وەکو هۆلیوود ڕەنگدانەوەی واقیعی وڵاتان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت؟**

- هۆلیوود جیایە، چونکە تەواو پیشەسازییە، ئەمەش ڕاستیەکی ڕوونەکە هەمیشە مامەڵەیان لەگەڵ پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردووە، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا بە ڕوانگەی تایبەتی ئەو سینەماکارەیە کە لە دوورەوە سەیری ناوچەکە دەکات، زۆر جار چەمکە کلتوورییەکان تەنانەت ئایینییەکانی وڵاتانی ناوچەکە وەك پاڵپشتی و بناغەی سەرەکیی فیلمە باشەکان بەکار دەهێنن، بەتایبەتی بەرهەمە گەورەکان، کە بینەرانی ئەمڕۆ بە هۆی دینامیکییەکەیەوە لێی تێدەگەن، بەڵام بۆ سینەماکارێك کە فیلمێك لەسەر کۆمەڵگەیەك دروست بکات کە لە دوورەوە دەیبینێت، هەمیشە جیاواز دەبێت لە واقیع.

*** جیاوازیی نێوان سینەماکارانی ئەمریکی و سینەماکارانی ڕۆژهەڵات لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە، یان لە خوێندن و پێشەیبوونی هونەرمەند و دەرهێنەرەوە؟**

- جیاوازیی یەکەم جۆری چیرۆك گێڕانەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکەکانە، فیلمەکانی کۆمەڵگەکانی وەك ئێران یان کوردستان لەسەر بناغەی بەنرخی چیرۆکی قووڵ بە بەهای مرۆڤایەتی بنیات نراون، بەڵام لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە لە ئاستێکی کەمتردان لەگەڵ هاوتاکانیان، بۆ نموونە هۆلیوود.

من لە ئێران و لە ئەمریکا و وڵاتانی دیکە فیلم دروست دەکەم، دەتوانم بڵێم سیستمی فیلمسازی تەواو جیاوازە، بۆ نموونە لە هۆلیوود هەمـوو پەیوەندی و کردارەکان پێوانەتر و ئاڵۆزترن، بەڵام لە هەمان کاتدا کارەکە باشتر دەڕوات، ئەگەر ناوبانگخوازەکە بیەوێت لە هۆلیوود کار بکات، دەبێت کارەکانی بە شێوەیەکی جیاواز بزانێت و سیستمی گەورەتر و پرۆفیشناڵتر و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزتر بزانێت، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا بەم شێوەیە نییە و شتەکان زۆر ئاسانتر بەڕێوەدەچن.

*** سینەمای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست کێشەی سیناریۆ یان چیرۆکەوە دەناڵێنێت، ئایا ئەمە کێشەیە لە هۆلیوودیش؟**

- ڕەنگە هۆلیوود ئەو گەنجینەی چیرۆکەی نەبێت کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمانە و تێیدا ژیاوین، بەڵام دەزانێت چۆن چیرۆکی دروست بگێڕێتەوە. من خۆم بە هەمان شێوازی ستانداردی هۆلیوود سیناریۆ دەنووسم، کە هەمیشە سەرکەوتووە، بێگومان لە ئێرانیش بە هەمان مۆدێلی ئێرانی کارم دەکرد، لە ئەمریکا ناچار بووین فێرببین و تەنانەت درێژەم بە خوێندنیش دا،

بەڵام زۆر ڕازیم کە شێوازی کارکردنم فۆرمۆلە کراوە، چونکە هەرچۆنێك بێت من لێرەم و بۆ ئێرە کار دەکەم.

*** سینەمای ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، ئایا ئەم پێشکەوتنە لەلایەن سینەماکارانی هۆڵیۆدەوە هەستی پێ دەکرێت؟**

- ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە قەبارەی سینەمای هۆڵیۆد و بڕی بەرهەمەکانی لە ساڵێکدا زۆر بەرزە و ناتوانرێت بگوترێت کە هەموو مرۆڤەکان، یان تەنانەت زۆربەی سینەماکارانیش پێگەی سینەمای ئێران دەزانن، بەڵام سینەماکار و کەسانی خوێندەوار زۆرن کە سینەمای ئێران بە چەند فیلمێکی دیاریکراو دەناسن و سەلیقەی گەورەی شیکردنەوەی ئەو فیلمانەش لەم کۆمەڵگەیەدا دەبینرێت کە باسم کرد، ئەمەش بەو مانایەیە کە سینەمای ئێران توانیویەتی پێگەی خۆی لە جیهانی سینەمای جیهانیدا بچەسپێنێت.

*** دوایین کار و چالاکییە سینەماییەکانتان لە ئێران و ئەمریکا چین؟**

- لە ئێستادا لەلایەن کۆمپانیایەکەوە بانگهێشتکراوم و بەرپرسی نووسینی سیناریۆی فیلمی (کورشی مەزن)م، کە فیلمێکی مێژووییە، لە ئێستادا ناتوانم زانیاریی زیاتری لەسەر بدەم. دوایین فیلم کە دەرهێنەری بووم، فیلمێکی مەکسیکییە بەناوی (ڤێرتیکاڵ) کە، کە فیلمێکی ئەکشن و ترسناکە و چیرۆکەکەی کاراکتەری خانمێکی مەکسیکییە، لەم فیلمەدا چەندین ئەکتەری بەتوانای هۆڵیۆد و مەکسیك و ئەرجەنتین لەگەڵ من، کە بە ئێرانی-ئەمریکی دادەنرێم دروست کراوە، یەکێك لە کۆمپانیا ئەمریکییە باوەڕپێکراو و بەناوبانگەکان ئەرکی دابەشکردنی ئەم فیلمەی لە ئەستۆ گرتووە. فیلمی پێشووم وەرزی داندێلیۆنە (Dande-lion Season) کە لە ئەمریکا لەگەڵ ئەکتەرانی هۆڵیۆد و ئێران و چەند وڵاتێکی دیکە دروستم کردووە بە بەشداری ڕودی یۆنگبلۆد، ئەستێرەی فیلمی (Apocalypto)ی مێل گیبسۆن، لەگەڵ ئەستێرەی میسری سەعید بەدەرایە و ئەکتەری بەناوبانگی ئێرانی گەوهەر خەیرئەندیش لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی دیکەی ئەمریکی، یەکێك لە خاڵە دیارەکانی فیلمەکەم (لە وەرزی داندێلیۆن)دا من نووسەر و دەرهێنەر بووم، ئەم فیلمە لە زیاتر لە بیست فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا درەوشاوەتەوە و خەڵاتی بەدەست هێناوە، ئێستاش کۆمپانیایەکی دابەشکردنی ئەمریکی کاری دابەشکردنی ئەم فیلمەی لە ئەستۆ گرتووە، پێش ئەمەش فیلمی خەیاڵی (Formisk)م بە زمانی ئینگلیزی هەبوو، لە لۆس ئەنجلۆس بەرهەمم هێنا، کە فیلمێکی زۆر سەرکەوتوو بوو لە فێستیڤاڵەکاندا.

*** بۆ تۆ وەك سینەماکارێك لە ئێران و ئەمریکا جیاوازی چییە؟**

- لە ڕووی پیشەیی و پیشەسازییەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە، ئەوەی دەرهێنەرێك لە ئەمریکا پێویستە بیزانێت، زۆر جیاوازە لەوەی کە دەرهێنەر لە ئێران پێویستە بزانێت، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ڕوانگەی



تایبەتی هەر دەرهێنەرێك هەمیشە وشەی یەکەم و کۆتاییە، بە بۆچوونی من سینەماکاری ئێرانی دیدگایەکی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەگەر سینەماکارێك بیەوێت فیلمێك لە دەرەوەی ئێران بۆ نموونە لە ئەمریکا و لەگەڵ ئەکتەرە غەیرە ئێرانییەکاندا دروست بکات، دەبێت هەندێك شت فێر ببێت، چونکە کارکردن لە سینەمای ئەمریکیدا لەسەر هەندێك بنەما دامەزراوە.

*** ڕات لەسەر سینەمای کوردی بە گشتی چییە؟**

- من حەزم لە سینەمای کوردستان یان ڕوونتر بیڵێم زۆر حەزم لە چیرۆکەکانی کوردستانە، چەند ساڵێك لەمەوبەر کە چەند مانگێك لە هەرێمی کوردستانی عێراق بووم، لە شوێنێکدا لە چاوپێکەوتنێکدا گوتم کە کوردستان گەنجینەی چیرۆك و سیناریۆی سینەمایە و لەو ماوەی کەمەی کە لە وێ بووم لە نزیکەوە هەستم بەوە کرد، ئێستاش هەمان بۆچوونم هەیە، فیلمی کوردی زۆر باشیش دروست کراوە. بێگومان چۆن کوردستان دابەش بووە، سینەمای کوردیش دابەش بووە بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا، بەڵام هەرچۆنێك بێت، من ئەم جۆرە بەسەرهاتە مرۆڤایەتیانەم خۆشدەوێت.

*** ئایا سینەماکارانی کورد لە بواری سینەمادا توانیان سوود لەو کۆمەڵکوژی و کارەساتانە وەربگرن کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە؟**

- کاری زیاتر ماوە بکرێت، فیلمی باش دروست کراوە، لە ئێستادا دیمەنێك لە فیلمی (کیسەڵەکان دەفڕن) هاتە پێش چاوم و ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەهمەنی قوبادی کاری خۆی بە دروستی کردووە و ئەو وێنانە لە مێشکماندا هەڵکەندراوە، بەڵام هێشتا پێموایە کاری زیاتر ماوە، ماوەیەك پێش ئێستا لەلایەن یەکێك لە کۆمپانیا گەورەکانی هۆڵیۆدەوە بانگهێشت کرام و سیناریۆیەکم لە شوێنێکی دیکەوە گواستەوە بۆ کوردستانی عێراق، فیلمەکە دروست نەکرا، بەڵام زۆر هەوڵم دا لە نووسینی سیناریۆکەدا، کە لەگەڵ نووسەرێکی دیکەی ئەمریکی بوو، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست قسە لەسەر کارەکتەرە کوردەکان و پەیوەندییە ئاشناکان و ئازارەکان بکەم.

*** هەستت بە کاریگەریی سینەمای ئێران لەسەر سینەمای کوردی کردووە لە هەموو بوارەکاندا ؟**

- بەو پێیەی کارەکەم فیلمسازییە، ئەمە بەشێکە لە پیشەی ڕۆژانەی من، بەڵام دەبێت بڵێم کە ڕەنگە لە یەك دوو ساڵی ڕابردوودا بەدی کرابێت، ناتوانم ناوی کارێکی زۆر درەوشاوە بهێنم کە پرسیارەکەت لەخۆ بگرێت.

# سەردار سنجاوی داهێنانێکی هونەری لە گەلەریی جیهان نمایش دەکات

هونەرمەند «سەردار سنجاوی» لە پڕۆژەیەکی نوێدا، کە بە هونەری هاوچەرخ هەژمار دەکرێت و ناوی نراوە Sl، واتە «ڕوناکییەکان دوای گوزەر» لە گەلەریی جیهان بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەند و ڕۆشنبیران و پسپۆڕانی بواری زانستی نمایش کرد.



پڕۆژە هونەرییەکەی هونەرمەند نیشاندانی ڕووخساری مرۆڤ بوو لە شێوەی پۆستکارد و جەستەی مرۆڤ دەشارێتەوە و دەبێتە فۆتۆیەکی دەگمەن، کە ئەمەش داهێنانێکی نوێیە لە بواری هونەر و فەلسەفەی وێنەدا.

سەردار سنجاوی لە بارەی داهێنانەکەیەوە دەڵێت: پڕۆژەکەی من نیشاندانی فەیسی ئەو مرۆڤانەیە، کە وا دەردەکەوێت لە پشتی ئاوێنەکاندا خۆیان حەشارداوە، بەڵام کە نزیکتر دەبیەوە دەردەکەوێت هیچ کەسێک لە پشتی ئاوێنەکاندا نییە و بگرە ئەوە نیشاندانی ئەو هونەرەیە، کە تەنیا ڕوخساری مرۆڤ لە ئاوێنەیەکدا نیشانی بینەر دەدات.



ئامانجیشم لەم پڕۆژەیەدا ئەوەیە بە خەڵکی خۆمان بڵێین چیتر بە چاو هەڵنەخەڵەتێن، بەڵکو ئەو دیووی ڕوخسارەکان ببینن.

**کاروان کاوە**







## میرنا وەلید:

# ئامۆژگارییەکانی یوسرەم جێبەجێ نەکرد

خانمە ئەکتەری میسری میرنا وەلید لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کرد کە سەرەڕای ئەوەی بە گۆرانی وتن دەستی بە کاری هونەری کردووە، بەڵام لە کۆتاییدا نواندن لە گۆرانی وتن دووری خستەوە.ئەو هونەرمەندە میسری-لوبنانییە ڕایگەیاندووە، کە ئەو قەرەجانەی لەسەر سنووری سووریا و لوبنان دەژین کاریگەرییەکی زۆریان لەسەری هەبووە، هەروەها ”ئەو ئاهەنگانەی لەبیرە کە لەگەڵ دایکیدا بەشدارییان تێدا کردووە، و ئەوەشی لە ئامادەکاری بۆ شانۆگەری (مانگی قەرەجەکان) بەکارهێناوە کە بەشداریی تێدا کردووە، چونکە وردەکاریی ئەو ئاهەنگانە هێشتا لە خەیاڵی ئەودایە“.

میرنا لە چاوپێکەوتنەکەدا باسی لە ئەزموونی

شانۆیی خۆی کرد، گوتی: کارکردنی لە شانۆدا بە «لە ڕادەبەدەر ماندووت دەکات و ئەگەر بەشداریی لە شانۆگەرییەکیشدا بکات، دەبێت شانۆگەرییەکی تەواو بێت و ئیزافەیەکی هەبێت بۆ سەر کاروانی هونەریی. ددانیشی بەوەدانا کە «بەهۆی کارکردن لە شانۆدا، بەکاتێکی سەختدا تێدەپەڕێت، چونکە ڕۆژانە هەموو کاتی خۆی بۆ تەرخان دەکات و ڕێگری دەکات لە تەواوکردنی بەشداری کردن لە کارە هونەریەکانی دیکە، ئەمە جگە لەوەی لە سەرەتای پرۆڤەکانەوە ماندووبوونی جەستەیی هەیە.ئاماژەی بەوەشکرد: یوسرا ئامۆژگارییەکی پێدام، بەڵام جێبەجێم نەکرد و پەشیمان نیم، ئەویش ئەوەیە دڵی هونەرمەند شوێنی کەسێکی دیکەی تێدا نابێتەوە، بەڵام من سەرنجم لەسەر خوێندنی ئەکادیمی بوو، دوای ئەوە بەدەستم هێنا هاوسەرگیریم کرد و بوو بە دایک و ئەولەویەتی کارەکانم بووە گرنگیدان بە ماڵ و منداڵەکانم و توانیم لەم ڕووەوە سەرکەوتووە، زۆر کاریشم ڕەتکردەوە کە ڕەنگە سوودی زیاتری بۆ من هەبوایە.سەبارەت بەو ئامۆژگارییانەی کە خانمە ئەکتەری کۆچ کردوو سوعاد حوسنی پێشکەش کردوون مێرنا دەڵێت: ئامۆژگاری کردم کە بەرهەمەکانم بە باشی هەڵبژێرم، هەروەها پێی وتم کە دوای ئەم فیلمە زۆر سیناریۆ پێشکەشتان دەکرێت، بەڵام هەڵبژاردنی باشترینەکان ڕاستترینە.سەبارەت بە پیشە هونەریەکەی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵەی خایاندووە، وەڵامی دایەوە: ژیان هەڵبژاردنە، منیش خێزانەکەم و دوو کچەکەمم وەک بەدیلێک بۆ هونەر هەڵبژارد، ڕەنگە ئەگەر لەسەر حیسابی خێزانەکەم سەرنجم لەسەر نواندن بووبایە، لە پێگەیەکی تەواو جیاوازدا دەبووم، بەڵام لە هەموو ئەو شتانەی کە لە ژیانی پیشەیی و خێزانەکەمدا بەدەستم هێناوە ڕازیم.





# بەدلەکەی نیکۆڵ کیدمان بۆ فرۆشتنە

پێدەچێت هەواداران و جەماوەری خانمە ئەکتەری ناسراوی ئوسترالی نیکۆڵ کیدمان بتوانن کەرەستە و جلوبەرگی ئەم خانمە ئەکتەرەیان دەست کەوێت بەتایبەتی ئەوەی لە دیمانە گرنگەکەی لە ریکلامێکی کەناڵی (AMC) ی ئەمریکی پێی دەرکەوت. یەکێک لە پلاتفۆرمە نێودەوڵەتییەکانی زیادکردنی ئاشکرا بڕیاریدا ئەو بەدلەیە بخاتە مەزادی ئاشکرا و لە ڕێگای سایتەکەیان بیفرۆشێت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێک کە لەلایەن ڤاریتی بڵاوکراوەتەوە، ئەو بەدلەیەی کە کیدمان زیاتر لە ساڵێک لەمەوبەر لەبەری کردبوو، ئێستا لەلایەن کۆمپانیای سۆزیبی ئینتەرناشناڵ ئۆکشن هاوسەوە لە زیادکردنێکدا نمایش دەکرێت و نرخەکەی لە نێوان ٥ هەزار بۆ ١٠ هەزار دۆلارە وەک بەشێک لە زنجیرە نوێیەکەی سۆتیبی.

بینەرانی سینەما عاشقی ئەو ڕیکلامە بوون کاتێک بۆ یەکەمجار پەخشکرا پێش ئەوەی فیلمەکان لە چەندین سینەمای AMC لە سەرانسەری ئەمریکا نمایش بکرێن، ڕیکلامەکە سەرنجڕاکێش بوو و جەماوەر و جەماوەر و هەوادارانی نیکۆڵ کیدمان پێشوازییەکی گەرمیان لێی کرد.

ئەو بەدلەیەی لە ریکلامەکە لەبەری کردبوو پشمی خۆڵەمێشی و کشمیرە وردەکارییەکانی بریقەداری پێنستریپی تێدایە و بەشێک بووە لە کۆمەڵەی پاییز/زستانی ٢٠٢١ی ٤٠ ساڵەی مایکل کۆرس. و دوور نییە یەکێک لە هەوادارانی نیکۆڵ ببێتە خاوەنی.

کیدمان لە ریکلامەکەدا لە کۆمەڵگەی AMC نزیک دەبێتەوە و دەڵێت: «ئێمە بۆ سیحر هاتووینەتە ئەم شوێنە». ئاماژەی بەوەشکردووە، "ئێمە دێینە شانۆکانی AMC بۆ ئەوەی خۆشمان بوێت، بگرین و گرنگی پێبدەین، چونکە هەموومان پێویستمانە. ئەو هەستە وەسف نەکراوە کە کاتێک گلۆپەکان دەست دەکەن بە کاڵبوونەوە و دەچینە شوێنێک کە پێشتر نەمانبینیوە.

پڕژە نیزام

یاریزانی تازەپێگەیشتووانی هەڵبژاردەی عێراقی:

# تۆپی پێ لە کوردستان هیچ دەستکەوتێکی ماددی و مەعنەوی نییە تا یاریزان هەوڵ بدات خۆی بەرەوپێش ببات



**شارەکانی کوردستان پڕن لە بەهرەمەندی جۆراوجۆری وەرزشی، کە یانەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقی چاویان لەم ئەستێرە کوردانەیە بۆ ئەوەی ڕکابەرییان پێ بکەن لە خول و چالاکییە وەرزشییەکانی عێراقیدا، قەزای چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی یەکێکە لەو قەزایانەی کوردستان کە خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە لە وەرزشە جۆراوجۆرەکاندا، کە گرنگیی زۆر بە یاریی تۆپی پێی دەدەن، پرژە نیزام یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی قەزاکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقی، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ی قەزای چەمچەماڵە و یاریزانی فێرگەی تۆپی پێی چەمچەماڵ و یانەی ئەمانەی شاری بەغدادییە و هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراقە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.**

*** بۆچی یاریی تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- چونکە یارییەکی جیهانییە و زۆرترین بینەری هەیە.

***هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە کە زیاتر کێبڕکییە؟**

- بەهۆی ئەوەی بەهرەکەم لە تۆپی پێدا دەبینمەوە، بۆیە ئەو یارییەم هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بتوانم ببەمە ئەستێرە.

*** بۆچی یاریی تۆپی پێی لە ئاستی پێویست دا نییە؟**

-یاری تۆپی پێ لە جیهاندا گرنگیی زۆری هەیە، بەڵام لە کوردستاندا گرنگی نییە، چونکە هیچ دەستکەوتێکی ماددی و مەعنەوی نییە تا یاریزان هەوڵ بدات خۆی بەرەوپێش ببات.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە بۆ ئاستی کچان لە شارەکانی کوردستان پێشوازی باشی لێ نەکراوە ؟**

-راستە پێشوازییەکی باشی لێ ناکرێت، بەڵام لە چاو ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، کوردستان یاریزانی زۆرتر و باشتری تێدا هەوڵکەوتووە.

***ئاستی یاریی تۆپی فوتساڵ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-ئاستێکی باشی هەیە بە تایبەت لە ئاستە تەمەنییەکان، ئەگەر خولی بەردەوام و گرنگیی بەردەوام هەبێت، ئاستی زۆر بەرەوپێشتر دەچێت.

***چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

-زیاتر گرنگیان پێ بدرێت و خولی زیاتریان بۆ بکرێتەوە و خەڵات بکرێن و هاتنە پێشەوەیان بە هەند وەربگیرێت.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-هەوڵ دەدەم زیاتر بەرەوپێش بچم و لە خولەکانی ناوەوەی عێراق و پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەش بەشداری بکەم و ئەنجامی باش بەدەست بهێنم.

***لە دوو خولدا بەشداری دەکەی، لە کوردستان و عێراق کامەیان بەهێزترە؟**

-بە دڵنیاییەوە هەردووکیان بۆ من بەهێزە، چونکە لە کوردستان هەوڵی بەدەستهێنانی نازناوەکە دەدەم و لە عێراقیش هەوڵ دەدەم زیاتر یارمەتیی تیپەکەم بدەم.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- بەدڵنیاییەوە وەکو هەر یارییەکی دیکە، نەبوونی یاریگەی گونجاو و نەکردنەوەی خولی بەردەوام، ئەوانە هەمووی گرفتن بۆ ئەم وەرزشە.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو وەرزشکارێك؟**

-خەونم یاریکردنە بۆ هەڵبژاردەی یەکەمی عێراقی و یانە جیهانییەکان، وە بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان.

***هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی دیکەی عێراقی؟**


-بەڵێ لە چەند یانەیەکی ناوخۆی عێراق گرێبەستم پێشکەش کراوە، بەڵام لە ئێستادا لەگەڵ یانەی ئەمانەی بەغدا دڵخۆشم.

***یاریکردن لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

-بەدڵنیاییەوە هەستێکی خۆشە، بەتایبەت بۆ کچەکوردێك لە چەمچەماڵ کە بگاتە ئەو ئاستە و بۆ هەڵبژاردەی عێراق یاری بکات، ئەوە هەستێکی زۆر خۆشە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤارەکەتان بۆ ئەو هەموو خزمەتەی وەرزش لە کوردستاندا دەیکات، هیوادارم زیاتر گرنگیی بدرێت بە کچان، بە تایبەتی لە یاریی تۆپی پێ.



# یانەکانی سعودیە گۆڵپارێزێک دەکەنە ئامانج

مارک ئاندرێ تێرشتیگن گۆڵپارێزی ئەڵمانی یانەی بەرشلۆنە، بووەتە ئامانجی یانەی ئیتحادی سعوودی و چاوەڕێ دەکرێت یانە سعوودیەکە ئۆفەری فەرمی پێشکەش ئەو گۆڵپارێزە بکەن.

بەپێی سەرچاوەکان تێرشتیگن گۆڵپارێزی یانەی بەرشلۆنە، بووەتە ئامانجی یانەی ئیتحادی سعوودی، بەڵام نزیکەکانی ئەو گۆڵپارێزە بەردەوام دەنگۆکان ڕەتکردەوە، کەچی ئەمجارەیان ڕۆژنامەی مۆندۆدیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی بڵاویکردووە لەگەڵ تەواوبوونی ئەم وەرزە، بەرپرسانی یانە سعوودیەکە ئۆفەرەکەیان پێشکەش بەو گۆڵپارێزە دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە گۆڵپارێزە ئەڵمانیەکە ئامادەنییە یانەکەی جێبهێڵێت و دەیەوێت تاوەکو تەواوبوونی گرێبەستەکەی، کە لە ساڵی ٢٠٢٨ تەواو دەبێت لەگەڵ یانەکەی بەردەوام بێت.

تێرشتیگن لە ساڵی ٢٠١٤ لە ڕیزەکانی یانەی بەرشلۆنە یاری دەکات لەوکاتەوە لەگەڵ یانەکەی بەشداری ٤٠٩ یاری کردووە و خاوەنی ١٧١ کلین شیتە و ٤٠٤ گۆڵیشی لێکراوە.



# یانەیەکی ڕۆمانی فێڵی لێدەکرێت

یاریزانێکی پێشووی یانەی بەرشلۆنە فێڵ لە یانەیەکی ڕۆمانی دەکات.

ئێدگار لی لە تیپی دووەمی بەرشلۆنە بووە دوای ڕۆیشتنی لە یانە کەتەلۆنییەکە یاری بۆ یانەکانی ڤیاریال، لیل، فاینۆرد، نانتس، ترابزۆنسپۆرت، بەشێکشێهیری تورکی دەکات و لە هاوینی رابردوودا یاریزانەکە گرێبەست لەگەڵ یانەی دینامۆ بوخارستی ڕۆمانی دەکات.

بەپێی سەرچاوە هەواڵییەکان یانە ڕۆمانییەکە ئێستا گومانی لەوە هەیە، کە لە لایەن ئێدگارەوە فێڵی لێکرابێت و پێیوایە ئەو یاریزانەی یارییان بۆ دەکات ئێدگار نییە، بەڵکو ئێدێلینۆی برا دووانەکەیەتی.

هۆکارەکەش ئەوەیە کاتێک ئەندامانی یانە ڕۆمانییەکە دەیانەوێت بە ئینگلیزی قسە لەگەڵی بکەن یاریزانەکە ناتوانێت وەڵام بداتەوە و بەو زمانە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات لە کاتێکدا، کە یانەکە دڵنیان لەوەی ئێدگار زمانی ئینگلیزی بەباشی دەزانێت کاتێکیش داوای مۆڵەتی شوفێری لێدەکەن یاریزانەکە ڕەتیدەکاتەوە پێشانیان بدات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە یاریزانەکە تەنیا پێنج یاری بۆ بۆخارست ئەنجامداوە و نەیتوانیوە هیچ گۆڵ و ئەسستێک بکات ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا ساخبکرێتەوە، ئەگەری هەیە یانە ڕۆمانییەکە ئەو هەشت خاڵە لە دەستبدات، کە لەگەڵ لیدا بەدەستیهێناون.

ئاندرێی نیکۆلێسکو ئەندامی دەستەی کارگێڕی بۆخارست ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە و رایدەگەیێنێت، کە ئەوان دڵنیان لەوەی ئەو یاریزانەی یارییان بۆ دەکات ئێدگار لییە، چونکە یاریزانەکەیان لە بریکارێکی گەورە و باوەڕپێکراوەوە هێناوە.





# یاریزانێک مان یۆنایتدی جێهێشت

یانەی مانچستەر یۆنایتد، بەفەرمی ڕۆیشتنی بەرگریکارە فەرەنسییەکەی ڕافایێل ڤارانی لە ڕیزەکانی ڕاگەیاند خودی یاریزانەکەش ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردەوە.

مانچستەر یۆنایتد دوابڕیاری خۆی سەبارەت بە نوێکردنەوەی گرێبەستی ڕافایێل ڤاران دا و ڕایگەیاند، کە گرێبەستی بەرگریکارە فەرەنسییەکە لە کۆتایی ئەم وەرزەدا تەواو دەبێت نوێ ناکرێتەوە واتا یاریزانەکە ئازاد دەبێت و دەتوانێت بەبێ بەرامبەر بچێتە یانەیەکی دیکە.

ڤاران لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا ڕۆیشتنی خۆی لە یانە ئینگلیزییەکە ڕاگەیاند، دوای ئەوەی ٣ ساڵ یاری بۆ کرد، کە لە مانگی هەشتی ٢٠٢١ بەرامبەر ٤٠ ملیۆن یۆرۆ لە یانەی ڕیال مەدرید چووە مانچستەر.

ڤاران لە گرتە ڤیدیۆیەکەیدا وێڕای دووپاتکردنەوەی، کە کاتێکی جوانی لەگەڵ یانەی مانچستەر یۆنایتد بەسەربردووە گوتیشی لە دوایین یاریی خۆیدا بەرانبەر برایتۆن دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت ماڵئاوایی لە هاندەرانی مانچستەر یۆنایتد بکات.

ڤاران یانەی داهاتووی خۆی دیاری نەکرد، ئەگەرچی زۆر لە سەرچاوە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن، کە گرێبەستێکی لە خولی ڕۆشنی سعودی بۆ هاتووە و خۆیشی ئامادەیە بچێتە ئەو خولە. بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ خولی سعودی هاوینی داهاتوو بەردەوام دەبێت لە ڕاکێشانی ئەستێرەکانی خولەکانی ئەوروپا سەرەڕای ئەو ئارامییەی، کە لە بازاڕی گواستنەوەی زستانەدا زاڵ بوو.

# عەلی عەبدولعەزیز چاوەڕوانی یانەیەکە



هەر چەندە ئەم وەرزە عەلی عەبدولعەزیز لەگەڵ یانەی گەرمەی پارێزگای ئەنباری بەشدار لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی دووجار خۆی تاقی کردەوە وەکو یاریدەدەر و ڕاهێنەر، بەڵام دواجار دەستی لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، هەر چەندە سەرۆکی یانەکە سوور بوو لە سەر مانەوەی کاپتن عەلی بریفکانی، بەڵام ماندووبوون ڕێگەی نەدا لەگەڵ تیپەکەی بەردەوام بێت، لەم بارەشەوە عەلی عەبدولعەزیز ڕاهێنەری پێشووی یانەی گەرمە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەی نۆ مانگ لەگەڵ یانەی گەرمە کارم کرد لە خولی یانە نایابەکانی عێراقی، بەڵام هەستم کرد کە زۆر ماندوو بووم و ئیتر دەبێ بڕیاری گۆڕانکاری بدەم، هەر چەندە سەرۆکی یانەکە سوور بوو لە سەر مانەوەم لە یانەکە، بەڵام من بڕیاری کۆتاییم دا، وەك یانەکانی دیکەش تاکو ئێستا هیچ گرێبەستێکم بۆ نە هاتووە لە هیچ یانەیەك، چاوەڕوانی ئەوەم یانەیەك هەبێت گرێبەستی لەگەڵ واژوو بکەم»، لەبارەی خولی کوردستان و عێراقیش گوتی: «بۆمن زۆر ئاساییە چ لە خولی کوردستان یان عێراق کاربکەم، دەمەوێ زۆرترین خزمەت بە وەرزش بکەم، من هیچ کێشەیەکم نییە و لە هەر شوێنێك بێت وەرزشی خۆم دەکەم، چ لە کوردستان یان هەر شارێکی دیکە بێت، ئەو ماوەیەش بۆمن تاقیکردنەوەیەکی زۆر باش بوو بۆ ئەوەی بتوانم ئەزموونی خۆم لە خولی عێراقی تاقی بکەمەوە، لە داهاتوو بە پلانی باشتر دێمەوە».



## پاڵەوانێتی جیمناستیکی یانەکانی کوردستان بەڕێوەچوو

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی جیمناستیك لە کوردستان و بەرەوپێشبردنی زیاتری ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان، لەژێر چاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان و بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی جیمناستیکی کوردستان، پاڵەوانێتی جیمناستیکی یانەکانی کوردستان بە بەشداریی چوار یانەی شارەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتییەدا کە ماوەی یەك ڕۆژی خایاند و لە شاری هەولێر لە هۆڵی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی ئەنجام درا، یاریزانانی بەشداربوو بە درێژایی ماوەی کێبڕکییەکە ململانێی بەهێزیان لەگەڵ یەکتری ئەنجام دا بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

**ئاستی بازدان**

١-عەبدولڕەحمان بورهان-یانەی سەورە
٢-بڕیار موحسین-یانەی کۆیە.
٣-فورات فازڵ-یانەی سەورە.
٣-ئارارات ئاری-یانەی کۆیە.

**ئامێری بازنە**

١- عەبدولڕەحمان بورهان-یانەی سەورە.
١- فورات فازڵ-یانەی سەورە.
٢- سامر لەیس-یانەی سەورە.
٣- سەیف لەیس-یانەی خاك.

جوولانەوەی سەر زەوی.

١- عەبدولڕەحمان بورهان-یانەی سەورە.
٢-دانەر محەمەد-یانەی سەورە.
٣-سەیف لەیس —یانەی خاك.

**ئامێری تەریب**

١-سامرلەیس —یانەی خاك.
٢-دانەرمحەمەد-یانەی سەورە.
٣- عەبدولڕەحمان بورهان-یانەی سەورە.



## دڵشاد ئەحمەد دەبێتە یاریدەدەر لە یانەی نەورۆز

یانەی نەورۆز لە دوای هێنانی دەستەی تازەی ڕاهێنەرانی یانەکەی، کە نزار مەحروس ڕاهێنەری سووری سەرپەرشتی مەشقی یانەکە گرتووەتە ئەستۆ و یانەکە دەیەوێت هەنگاو بە هەنگاو ئاستی تیپەکە بباتە قۆناغێکی باشتر، لەم ناوەشدا لە سەر داوای نزار مەحروس، یانەکە بە فەرمی بڕیاری دا بە هێنانی کاپتن دڵشاد ئەحمەد کوڕی شاری هەولێر و یاریدەدەری ڕاهێنەری پێشووی یانەی هەولێر بۆ یانەی نەورۆز، لەم بارەشەوە دڵشاد ئەحمەد یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە سەر داوای کاپتن نزار مەحروس بوومە یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی نەورۆز، ئەم ماوەیەی کە لەگەڵ ئەو یانەیەم دەمانەوێ کاری باش و گەورەیان پێشکەش بکەین و هەر چی لە تواناماندا بێت خزمەتی یانەکە دەکەین، دەمەوێ لەگەڵ یانەکە ببمە ئیزافەیەکی باش بۆ پڕکردنەوەی کەم و کوورییەکان لە یانەکە، یانەی نەورۆزیش یەکێکە لە یانە بەهێزەکانی خولی ئەستێرەکانی عێراقی، ئێمەش لەوێین بۆ ئەوەی بتوانین دۆخی یانەکە بگۆڕین بەرەو باشتر و ئەوەی لە تواناماندا بێت، لەگەڵ کاتن نزار ئەنجامی دەدەین».



# هۆکارە باوەکانی کۆکە

کۆکە Cough کاردانەوەیەکی لەشە بەرانبەر بە هەر شتێك کە هۆکار بێت بۆ سووتانەوەی قوڕگ یان ڕێڕەوەکانی هەناسە، بۆیە کۆکە ناوە ناوە حاڵەتێکی تەندروست و ئاساییە، بەڵام زیادبوونی کۆکە و پەیدابوونی بەڵغ یان دەردراو حاڵەتێکی نائاساییە و پێویستی بە چارەسەرە. کۆکە کە هاوکات بێت لەگەڵ دەردراو یان بەڵغی لینجی سپی، ڕێگایەکە بۆ پاراستنی تەندروستی و هۆکارەکانی بریتین لە: هەستەوەریی لووت و کۆئەندامی هەناسە، ڕەبو، هەوکردنی ڕێڕەوەکانی هەناسە، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration، نەخۆشیی کۆئەندامی هەناسە کە بووبێتە هۆی تەسکبوونەوەی ڕێڕەوەکانی هەناسە COPD، گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ سوورێنچك و قوڕگ GERD، کۆبوونەوەی شلە لە سییەکاندا کە هۆکارە بۆ گرفت لە هەناسە، هەروەها پەککەوتنی دڵ. کۆکە کە هاوکات بێت لەگەڵ دەردراوی زەرد یان سەوز زیاتر لە ئەنجامی بوونی هەوکردن بە بەکتریا یان ڤایرۆس ڕوودەدات، هەروەها کۆکە بە بەڵغی پەمەیی یان سوور لە ئەنجامی هەوکردنی توند یان شێرپەنجە یان پەککەوتنی دڵدا پەیدا دەبێت. لە لایەکی تر، کۆکە لەگەڵ بەڵغی خۆڵەمێشی یان بەڵغی ڕەش لەو کەسانەدا ڕوودەدات کە جگەرەکێشی قورسن یان لە شوێنی پڕ دوکەڵدا کاردەکەن، هەروەها کۆکە بە دەردراوی قاوەیی ڕوودەدات لە ئەنجامی هۆکارە ژینگەییەکانی وەکو هەڵمژینی گەرد یان تۆزی خەڵووز، بەڵام لەوانەشە کە بە هۆی نەخۆشیی درێژخایەنی سییەکانەوە پەیدابێت.



# بەهای خۆراکیی کۆلاجین

کۆلاجین Collagen پێکهاتەیەکی پرۆتینییە واتە لە ترشە ئەمینییەکان پێکهاتووە کە بەردی بناغەی پرۆتینن. کۆلاجین پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە پێست، قژ، ماسولکە و گەلێك بەشی تری لەش. جگە لە سەرچاوە خۆراکییەکان، لەش توانای دروستکردنی کۆلاجینی هەیە، خۆراکە دەوڵەمەندەکان بە کۆلاجین: سوپی ئێسك، جیلاتین Gelatin (کە لە گۆشتی قوتووبەند، ماست، هەندێك جۆری ساس، لەگەڵ بنێشتدا هەیە)، پێستی پەڵەوەر یان سوپی مریشك، گۆشتی ئەندامەکان، کرکراگەی خۆراکی ئاژەڵی، ماسیی بچووك.

هەروەها بۆ هاندانی لەش بۆ زیاتر بەرهەمهێنانی کۆلاجین پێویستە کە خۆراکی دەوڵەمەند بە پرۆتین بخورێت بەتایبەتی ئەو جۆرانەی کە ڤیتامین C ،D، کانزای زینك و کالسیۆم لەخۆدەگرن کە رۆڵیان هەیە لە دروستبوونی کۆلاجیندا. کۆلاجین لە دەرمانخانەکانیشدا بە شێوەی پاودەر و دەنك دەست دەکەوێت. گرنگیی کۆلاجین بۆ تەندروستی: باشترکردنی تەندروستیی پێست، سووککردنی ئازاری جومگە، پاراستنی تەندروستیی و بارستایی ماسولکەکان، رێگرتن لە لاوازبوونی ئێسك، پاراستنی تەندروستیی دڵ و خوێنبەرەکان، پاراستنی تەندروستیی رێڕەوەکانی کۆئەندامی هەرس، پاراستنی قژ لە شکان یان پچڕان، بەهێزکردنی نینۆکەکان، پاراستنی تەندروستیی مێشك و کەمکردنەوە و سووککردنی نیشانەکانی پەستی، باشترکردنی مەزاج، هاندانی کرداری میتابۆلیزمی لەش و کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش.

# کەمی ڤیتامین و کانزا هۆکارە بۆ سەرئێشە

سەرئێشە نیشانەیەکی باوە، گەلێك هۆکاری لەپاڵە، یەکێك لەم هۆکارانە کەمی هەندێك جۆری ڤیتامین و کانزایە لە لەشدا، بۆنموونە ڤیتامین D ،B9،B12 ،B2، لەگەڵ کەمی کانزای مەگنیسیۆم.، بۆنموونە کەمی ڤیتامین و کانزاکان وروژێنەرە بۆ سەرهەڵدانی نۆرەی شەقەسەر Mi-graine لە کەسانی تووشبوودا بەتایبەتی کەمی ڤیتامین D. کانزای مەگنیسیۆم پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی وزە و ئەنجامدانی چەند فرمانێکی تر لە لەشدا، کەمی مەگنسیۆم هۆکارێکی بەهێزە بۆ سەرئێشەی توندی هاوشێوەی نۆرەی شەقەسەر، بۆ خۆپاراستن پێویستە کە خۆراکی دەوڵەمەند بە مەگنسیۆم لە ژەمەکاندا هەبن وەکو باوی، تۆوی کولەکەی زستانە، کازو، سپێناغ، شیری سۆیا، فاسولیای رەش، ئاڤۆکادۆ، پەتاتە، ماست، هەروەها دەتوانرێت دەنکی مەگنسیۆم بە چاودێری دکتۆر وەربگیرێت.

ڤیتامین B9 یان فۆلەیت Fo-late شان بە شانی ڤیتامین B12 رۆڵیان هەیە بۆ دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن و فرمانی دروستی کانزای ئاسن لە لەشدا، کەمی هەر یەك لەم ڤیتامینانە پەیوەندی بە سەرئێشەوە هەیە، بۆیە پێویستە گرنگی بەو خۆراکانە بدرێت کە ئەم ڤیتامینانە لەخۆدەگرن وەکو: پاقلەمەنییەکان، تۆوی گولەبەڕۆژە، میوەی تازە، گۆشت، ماسی، شیر، هێلکە.

هەورەها بە گوێرەی کەمی ڤیتامین B2 و کەمی ڤیتامین D کە ئەگەری سەرئێشە زیاد دەکەن.



# تووڕەبوون زیان بە دڵ دەگەیەنێت!



لە نوێترین توێژینەوەی زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرك کە لە گۆڤاری کۆمەڵەی ئەمەریکیی نەخۆشییەکانی دڵ بڵاوکراوەتەوە، هاتووە کە تووڕەبوون Anger هەتا ئەگەر ماوەکورتیش بێت، کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر فرمانی بۆڕییەکانی خوێن و ئەگەری توشبوون بە نەخۆشیی دڵ بەرز دەکاتەوە. لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی پێشتر ئاماژە بەمە کرابوو کە تووڕەبوون جگە لە تێکدانی مەزاج، گرفتی تەندروستیی تریش پەیدا دەکات بەتایبەتی لە کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا بە شێوەی تێکچوونی فرمانی بۆڕییەکانی خوێن بەتایبەتی رەقبوونی خوێنبەرەکان کە ئەگەری نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك زیاد دەکات. تووڕەبوونی بەردەوام و درێژخایەن ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت، دەبێتە ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، هەندێك جاریش هۆکارە بۆ ئازاری سینگ یان سینگەدڕە Angina لە ئەنجامی تەسکبوونەوەی خوێنبەرەکانی دڵ بەهۆی زیادبوونی هۆرمۆنەکانی سترێس واتە ئەدرینالین و کۆرتیزۆل، کە دەبێتە هۆی کەمتر گەیشتنی ئۆکسجین بە ماسولکەی دڵ. لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردۆتەوە کە ئەگەری روودانی نۆرەی دڵ یان ئازاری توندی سینگ تا ٥ هێندە زیاد دەبێت لە ماوەی ٢ کاتژمێری پاش تووڕەبووندا، هەروەها ئەگەری جەڵتەی مێشك تا ٤ هێندە بەرزدەبێتەوە.

# خراپترین کاربۆهیدراتەکان پاش تەمەنی ٥٠ ساڵی



کاربۆهیدراتەکان لە میوە، سەوزە، دانەوێڵە، پاقلەمەنییەکاندا هەن کە بە کاربۆهیدراتە باشەکان Good carbs ناوزەد دەکرێن، کەچی شەکرە زیادکراوەکان Added sugars و نیشاستە کە دەخرێنە ناو خۆراکی پرۆسێسکراوی وەکو سۆدا، جیبس، قەنادی..تاد بە کاربۆهیدراتە خراپەکان Bad carbs ناوزەد دەکرێن کە تەندروست نین، چونکە رێژەیەکی بەرزی شەکر دەدەنە لەش بە شێوەی کالۆریی بەتاڵ واتە بێ ریشاڵ و ڤیتامین و کانزاکان و دژەئۆکسانەکان. لەگەڵ بەتەمەنداچووندا، هاوسەنگکردنی خۆراك گرنگی زۆری بۆ تەندروستی هەیە، ئەمەش روونە کە کاربۆهیدراتەکان نیوەی خۆراکی رۆژانە پێکدێنن، بۆیە هەڵبژاردنی کاربۆهیدراتە باشەکان زۆر گرنگە بۆ: پاراستنی سستمی بەرگریی لەش، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، کەمکردنەوەی ئەگەری نەخۆشیی دڵ و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، کەمکردنەوەی ئەگەری قەڵەوی و نەخۆشیی شەکرە، هەروەها کەمکردنەوەی ئەگەری لاوازبوونی ئێسك. لە لایەکی تر،پێویستە بەساڵاچووان دوورکەونەوە لە کاربۆهیدراتە خراپە ناتەندروستەکان وەکو: شلەمەنییە شیرینکراوەکان، سۆدا کە شلەمەنییە گازدارەکانیش دەگرێتەوە، شیرە یان شەربەتی دەستکردی میوە، نانی سپی، ماکەرۆنە و هەویرکاری، جیبسی پەتاتە، خۆراکە سوورکراوەکان لە رۆنی زۆر گەرم French fries، جۆرەکانی کێك و بسکویت، ئایس کریم، هەموو جۆرەکانی قەنادی، برنجی سپی، ماستی شیرینکراو یان چێژکراو بە تام و بۆن و رەنگی میوە، دانەوێڵەی شیرینکراو، هەروەها سوپە قوتووبەندەکان کە بە خێرایی ئامادە دەکرێن Instant soups.

## ئاستی شێداری و تەندروستی

ئاستی شێداری Humidity کاریگەری دەکاتە سەر تەندروستی، بۆنموونە کەمبوونەوەی ڕێژەی شێداری یان وشکبوونی هەوا گرفت بۆ کۆئەندامی هەناسە وپێست پەیدا دەکات، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی شێداری هۆکارە بۆ هەستەوەری و گرفت لە هەناسە و گرفتی تر. بەپێی ڕێنماییەکانی ئاژانسی پاراستنی دەوروبەر Environmental Protection Agency، پێویستە کە ئاستی شێداریی ژوورەکانی ماڵ لە نێوان ٣٠-٥٠٪ دا بێت، هەرگیز نابێت ئەم ڕێژەیە لە ٦٠٪ بەرزتر بێت. گرفتە تەندروستییەکانی پەیوەست بە نزمبوونەوەی ڕێژەی شێداری کەمتر لە ٣٠-٤٠٪: وشکبوونی گیرفانەکانی لووت، لووت پژان، کڕانەوەی قوڕگ، قڵیشانی لێوەکان، وشکبوونی چاو، زیادبوونی ئەگەری هەوکردنی ڕێڕەوەکانی هەناسە، وشکبوون و سووتانەوەی پێست، ئەکزیما و تفرکردنی پێست، هەروەها وشکبوونی قژ. لە لایەکی تر، ڕێژەی بەرزی شێداری لەناو ماڵدا (بەرزتر لە ٦٠-٧٠٪) هۆکارە بۆ چەند گرفتێکی تەندروستی وەکو: هەستکردن بە ماندووبوون، ئازاری ماسولکە، گرفت لە هەناسەدا، کەمبوونەوەی توانای ئارەقەکردن، زیادبوونی گەشەی بەکتریا و کەڕووەکان کە دەبێتە هۆی سووتانەوەی چاو، گیرانی لووت، هەروەها هەناسەتەنگی و ویزە لەگەڵ هەناسەدا.






## پیادەڕۆیی تەمەن درێژ دەکات!

لێکۆڵینەوە ئەمەریکییەکان ڕوونیان کردۆتەوە کە هەنگاوی زیاتری پیادەڕۆیی ڕۆژانە، ئەگەری تووشبوون بەو نەخۆشییانە کەم دەکاتەوە کە ژیان دەخەنە مەترسیی مردن لە ماوەی ١٠ساڵی داهاتوودا بەتایبەتی نەخۆشیی دڵ، بۆنموونە ڕۆژانە پیادەڕۆیی ١٢،٠٠٠ هەنگاوی، ئەگەری مردن بە نەخۆشییەکان تا ڕێژەی ٦٥٪ کەم دەکاتەوە کە شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕانیش دەگرێتەوە، هەروەها پیادەڕۆیی ٨،٠٠٠ هەنگاو ڕۆژانە ریسکەکە تا ڕێژەی ٥١٪ کەم دەکاتەوە. کەواتە هەتا هەنگاوەکانی پیادەڕۆیی ڕۆژانە زیاتر و خێراتر بن، هێندە ئەگەری مردن بەم نەخۆشییانەی ژیان دەخەنە مەترسییەوە کەم دەبێتەوە. سوودە تەندروستییەکانی تری پیادەڕۆیی: باشتکردنی توانای دڵ و کۆئەندامی هەناسە، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، کۆنترۆلکردنی کۆلیستیرۆلی خوێن، سووککردنی ئازاری جومگە و ماسولکەکان، سووککردنی سترێس و باشترکردنی مەزاج، کۆنترۆلکردنی کێشی لەش، کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیی شەکرە، بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی لەش، باشترکردنی کوالیتیی خەو، باشترکردنی توانا و فرمانەکانی مێشك، هەروەها بەهێزکردنی ئێسك و باشترکردنی توانای باڵانسی فیزیکیی لەش.

# پاڵاوتنی هەوا بۆ ژیانێکی تەندروست



لە سەردەمی مۆدێرنیتە، نەتەنیا ژیان گۆڕانی بەسەردادێت، بەڵکو ئامرازەکانی ژیانیش گۆڕانیان بەسەردادێت! بۆ ئەوەی کە تەندروستتر و بێ گرفتر بژی دەبێ ژینگەکەت و ئاو هەواکەت پاك بێ. ئامرازەکانی پاڵاوتنی ئاو گەلێکن، لەگەڵ ئەوەشدا ئامرازی پاڵاوتنی هەواش بەرهەمهاتوون. بۆ نموونە ئامرازی Wynd Essen-tial کە کەشوهوای ژوور پاك پاك دەکاتەوە، هەوایەکی پاك و بێگەرد بڵاو دەکاتەوە.

کێشی ئامێرەکە نیو کیلۆ نابێت و تا پلەی ٠,٣ میکرۆن پاك دەکاتەوە. کاتێك تەواو شەحن دەبێتەوە هەتا ٨ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. قەوارەی هەر بەقەد بتڵێکی ئاو دەبێت، بۆیە بۆ هەموو شوێنێك دەتوانی لە جانتاکەتی بنێی. جگە لەوەش کاتێك هەوای ژینگەکەت پیسە، دەستبەجێ زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات. زیاتر لە ٩ لیتر هەوای پاك لە چرکەیەکدا بەرهەم دێنێت.

## رادیۆ لەس

ڕاگەیاندنی ڕادیۆ هەرچەندە مێژووەکەی زۆر لە ڕاگەیاندنی تیڤی و میدیای سەردەم لە پێشترە، بەڵام بەهۆی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای نوێ، ڕاگەیاندنی ڕادیۆ بەرەو دواوە ڕۆیشت و لایەنگرێکی زۆری لەدەستدا. ئامێری بڵاوکردنەوەی شەپۆلە ڕادیۆییەکانیش هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات، هەتا ئەم دواییە نەبێت کە ئامێری ڕادیۆی پێشکەوتوو بەرهەمهات، بۆ نموونە ئامێری ڕادیۆی

## فلاش میمۆرییەک



شوێنگرتنەوەی SSD لەبری HHD گۆڕانێکی گەورە بوو لە تەکنەلۆژی هەڵگرتن و داکردنی داتاکاندا. خێراییەکی زۆر، وزەیەکی کەم و کێشێکی کەم! ئەمانە هەموو لە پاڵ یەکدا وایان کرد تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێ زۆر پێشبکەوێت.

فلاش میمۆری جۆری VAVA Portable SSD

## سپیکەرێک و



سپیکەر یا بڵندگۆ ئەو ئامرازەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەنگ! لەسەردەمی دیجیتالی نوێدا گۆڕانکاری زۆر بەسەر سپیکەر داهاتووە، سپیکەرە زیرەکەکان ڕاستەوخۆ لە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێن و دەتوانن بە پاڵپشتی زیرەکی دەستکرد وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

سپیکەری جۆری mifa tango speaker سپیکەرێکی زیرەك نییە، بەڵام چەند ئەرك پێکەوە ئەنجام دەدات. یەکەم سپیکەرێکە هەموو فۆرماتێکی دەنگی دەخوێنێتەوە. قەبارەی بچووکە و بۆ هەموو




## ــــــــەردەمی دیجیتاڵیدا

جۆری retekess tr112.

ئەو ئامێرە جگە لەوەی ڕادیۆیە، سپیکەری بلوتوسە، میمۆری کارت دەخوێنێتەوە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و لە ڕێگای مۆبایلەوە دەکرێت کۆنترۆڵی شەپۆلە ڕادیۆییەکان بکەی. هەموو شەپۆلەکانی ڕادیۆی وەك AM FM SW AIR VHF WB تێدایە. لە هەر باندێکدا دەکرێت ١٩٩ ئێزگەی ڕادیۆیی خەزن بکەی. جگە لەوەش لایتێکی هەیە و هەروەها جەرەسێکی ئاگادارکردنەوە.

## ــــــــی SSD زۆر تایبەت

**touch زۆر تایبەتە، هەم لە بواری هەڵگرتنی داتاکان و هەم لە بواری ئەمنییەتییەوە. لەبواری ئەمنییەتیەوە بە پەنجەمۆر دەکرێتەوە و جگە لەوەش دەکرێت پاسۆردی بۆ دابندرێ. لە یەك کاتدا بە دە پەنجە مۆر دەکرێتەوە، ئەوە وا دەکات لە ئیدارەیەکدا هەموو ئەندامە ڕێپێدراوەکان بە پەنجەمۆر بیکەنەوە.**

**خێراییەکەی ٥٤٠ میگایە لە چرکەیەکدا، قەوارەی داکردنی داتاکان لە ٥١٢ گیگابایتەوە هەیەتی هەتا ٢ ترابایت. بۆ هەموو سیستەمەکانی کۆمپیوتەر دەگونجێت.**




## چەند ئەرک

شوێنێك دەگونجێت. بە تەڕبوون و کەوتنە خوارەوە تێکناچێت. جگە لەوەش پاوەربانکێکی بەهێزە بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرەکانی بارگاوی دەکرێنەوە. هەتا ٢٥ کاتژمێر کارکردن شەحنی دانابەزێت. گلۆپێکی تایبەتی ڕووناکی تێدایە بۆ ئەو کاتەی لە دەرەووەی دەبیت و پێویستت بە ڕووناکی دەبێت.

# سپلیتی تاکەکەسی بۆ هەموو شوێنێک



گەرمای تاقەت پڕوکێنی هاوین کە لە هەندێك وڵاتدا دەگاتە سەرووی پەنجا پلە وای کردووە، بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ داهێنانی نوێ بەرهەم بێنن.

یەکێك لەو بەرهەمە نوێیانە سپلیتی تاکەکەسی REON POCKET ٥ یە کە بەرهەمی کۆمپانیای سۆنی ژاپۆنییە.

سپلیتە بچووکەکە لە هەر شوێنێك کە بەکارهێنەرەکەی نیازیەتی دادەنرێت و گەرم یا ساردی دەکاتەوە. بە زۆری لە بەشی سەرەوەی جەستە دادەنرێت، چونکە ئەگەر ئەوێ لە کەشوهەوایەکی گونجاو دابێت، بەشەکانی دیکە کێشەیان بۆ نایەتە پێش.



ئامێری ناو براو تەنیا پەنکەیەك نییە، بەڵکو لە سەرەتادا بەهۆی هەستەوەرەکانییەوە دەزانێت جەستەی بەکارهێنەرەکەی پێویستی بە گەرما یا سەرمایە. سپلێتی ناوبراو پێنج کەلێنی بڵاوکردنەوەی هەوا بۆ ڕۆژانی سارد و چوار شوێنی بۆ هەوای فێنك هەیە. ئامێرەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و بەکارهێنەر دەتوانێت لەوێوە کۆنترۆڵی بکات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت سیستەمی NFC چییە؟ سەختە ئامرازە یا نەرمە ئامراز؟**

خوێنەری بەڕێز سیستەمی NFC کە کورتکراوەی دەستەواژەی NFC ((Near Field Communication واتە مەودای نزیکی پەیوەندی. هەروەك لەناوەکەی ڕا دیارە بۆ پەیوەندی لە نێوان ئامێرەکاندا لە مەودایەکی زۆر نزیکدا دەبێت. مەوداکە نابێ لە چوار سانت زیاتر بێت.

NFC هەم سەختە ئامرازە و هەم نەرمە ئامراز. خۆی تەنکۆڵەیەکی بچووکە، تەنکتر لە پەڕەی کاغەز و کێشێکی یەکجار کەمی هەیە، توانای هەڵگرتنی زانیاری ٩٦ هەتا ٣٢ کیلۆ بایتی هەیە. خێرایی گواستنەوەکانیش لە نێوان ١٠٦ هەتا ٤٢٤ بایتی هەیە لە چرکەیەکدا. بۆ پەیوەندی نێوان ئامێرەکان پێویستی بە هیچ پرۆگرامێکی تایبەت نییە و بەڵکو بەهۆی شەپۆلێکی موگناتیسەوە دادەمەزرێ.

# پرۆگرامێکی زیرەکی دەستکرد بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی

بە داهێنانی زیرەکیی دەستکرد، کارئاسانییەکی زۆر بۆ هۆگرانی فێربوونی زمان هەر زمانێك بێت بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی دێتە پێش. گەلێك ئەپلکەیشن و پرۆگرام و تەنانەت ئاڤاتاری تایبەت بە فێربوونی زمان بەرهەم هاتوون کە پاڵپشتی دەکەن لە زیرەکیی دەستکرد. یەکێك لەو ئەپلکەیشنانە ELSAیە. پرۆگرامەکە ئاسانکاری دەکات بۆ دەربڕینی زمان و باشتر قسە پێکردن. ئەوانەی کە فێری زمان دەبن ناتوانن وەك کەسێکی شارەزا بەو زمانە قسە بکەن و کێشەی دەربڕین و فۆنەتیکیان هەیە، بەهۆی ئەو ئاپەوە فێر دەبی کە چۆن وەك ئینگلیزێك قسە بکەی. نموونەگەلی زۆری تێدایە.




ئەو ڕاهێنانەی لە ئەپلکەیشنی ELSA دایە، بریتییە لە قسەکردن و ڕێزمان. ئاپەکە توانای ئەوەی هەیە بە ویستی بەکارهێنەر بێت و ئەو بەشەی ئەو خوازیاریەتی فێر بێت. هەروەها زیاتر لە ٢٥٠٠ وشەی تێدایە کە بە دەربڕینیان وا دەکات بەکارهێنەر زمانەکەی دەوڵەمەندتر بکات. پرۆگرامەکە زیاتر بۆ ئەوانەیە کە گرنگی بە قسەکردن دەدەن نەك نووسین و خوێندنەوە.




ئەوانەی حەزیان لە گەمەی ئەلکترۆنییە، بەتایبەتی گەنجەکان دەزانن ئامێرەکانی تایبەت بەگەیم قەوارەیان گەورەیە دەبێ لە شوێنێك جێگیر بکرێن و ناگوازرێنەوە.

ئامێری Indi Gaming POGA Lux White تایبەت بە پلەی ستەیشن ٥ بەرهەمهاتووە. ئامێرەکە زیاتر وەك جانتایەکی گەشتکردن دەچێت. ئەو ئامێرە وا دەکات پلەی ستەیشنەکەت لەگەڵ خۆت بۆ هەموو شوێنێك بەری. خودی ئامێرەکە لە ئەلەمینۆمی پتەو پێکهاتووە ئەوەش وا دەکات بە کەوتنە خوارەوەش زیانی پێنەکەوێت.

شوێنی دانانی کێبڵەکانی پلەی ستەیشنی تێدایە. کاتێك دیکەیەوە لای بەشی سەرەوەی جانتاکە تەلەڤزیۆنێکی ٢٤ ئینجی فوول ئێچدی بە کوالیتی بەرز دانراوە. کێشی جانتاکە بە پلەی ستەیشن و تەلەڤزیۆنەوە نزیکەی دە کیلۆیە.



## گوگڵ و ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد

دوای ئەوەی ژیریی دەستکرد پەرەی سەند، گوگڵیش لەو بوارەدا هەنگاوی گەورەی ناوە. ماڵپەڕی ژیریی دەستکردی gemini گوگڵ هیچی وای لە چات جی پی تی کەمتر نییە. لەو ماوەیەدا گوگڵ جگە لەو خزمەتگوزارییەی تایبەت بە ژیری دەستکرد ماڵپەڕێکی دیکەی بەناوی aitestkitchen.withgoogle.com بەرهەم هێناوە. ماڵپەڕەکە تایبەتە بە وێنە و کاری شێوەکاری بە ژیریی دەستکرد. چوارچێوەی ماڵپەڕەکە زۆر سادەیە و هەموو کەس دەتوانێ سوودی لێوەربگرێ. جیاوازی ئەو ماڵپەڕە لەگەڵ ماڵپەڕەکانی تایبەت بە وێنە ئەوەیە کاتێك پرەمپێتێك بە ژیری دەستکرد دەدەی، لە خودی پرەمپێتەکەدا دەیان گۆڕانکاریت بۆ دێنێ. ماڵپەڕەکە ئێستاکە لە حاڵەتی تاقیکاری و تێست دایە.

# هابێکی تایبەت و بیرهێنەرەوەی کۆمپیوتەرە کلاسیکەکان

هاپ (Hup) چییە، بە ئامێرێکی بچووك دەگوترێت کە دەبێتە کلیلی سەرەکی پێکەوە گرێدانی ئامرازەکانی کۆمپیوتەر. بۆ نموونە کۆمپیوتەرەکەت هەر جێگای یەك USB هەیە بەڵام نیازت هەیە کۆمەڵێك ئامرازی وەك کیبۆرد، ماوس، کامێرا یا شتیکی دیکە بە کۆمپیوتەرەکەت پەیوەند بدەی، ئەوکاتە هاپ دەتوانێت ئەو ئەرکە ئاسان بکاتەوە.

هاپی جۆری Hagibis IPS USB هاپێکی تایبەتە و بیرخەرەوەی کۆمپیوتەرە کلاسیکیەکانی ماکنتوش و ویندۆزە. شاشەیەکی ٣,٥ ئینجی هەیە، شاشەکە سکرینی کۆمپیوتەرە کلاسیکیەکان نیشان دەدات و هەروەها کەش و هەوا کاتژمێر و فەرمانی کردارەکان و نیشاندانی ئەو ئامرازانەی کە بە هاپەکەوە بەستراونەتەوە و هێمای گواستنەوەی داتاکان لەو شاشەیەدا دەبیندرێن. شوێنی دانانی گشت کێبڵەکانی وەك USB، HDMI و شوێنی دانانی کارت میمۆری بچووك و گەورەی هەیە. دەتوانێت چەند لاپتۆپ پێکەوە پەیوەند بدات. شاشەکە جگە لە نیشاندانی وێنە، فیلمیش بڵاو دەکاتەوە.



# شین و سێبەرەکانی لە دیکۆری ناوماڵدا

دیزاینەرانی ناوماڵ ڕەنگی شین و سێبەرە جۆراوجۆرەکانی بە شێوەیەکی زۆر لە کارەکانیاندا بەکار دەهێنن، چونکە هەستێکی ئارامی و ئاسوودەیی دەبەخشێت، بەتایبەتی سێبەرە تۆخەکانی شین لە چوار وەرزەکەدا بەکار دەهێنرێت.



ڕەنگی شین وەك پشووەرگرتن لە هەماهەنگیی دیکۆری ژووری نووستندا بەکار دێت، جا چ بە بۆیاخکردنی یەکێك لە دیوارەکان، سیسەم و جێگەی نووستن، یان پارچە دیکۆرەکان بێت، بۆ ئارامیی دەروون بەکار دێت.



بەگشتی شین لەگەڵ زۆرێك لە ڕەنگەکاندا بە باشی دەگونجێت، بەتایبەتی سپی، سەوز، زێڕین و زەرد، هەروەها گونجاوە لەگەڵ ڕەنگی ئەو بالیفانەی کە لەسەر قەنەفەی ڕەنگی بێلایەن دانراون، بۆیە هیچ بەربەستێك نییە لە بۆیاخکردنی یەکێك لە دیوارەکانی ژوورێدا بە ڕەنگی شین، لە هەمان کاتدا گونجاوە بۆ هاوبەشی لەگەڵ سپی (یان یەکێك لە سێبەرەکانی قاوەیی) هەروەها دەکرێت سپی لەگەڵ شینی فەیروزەیی لە هۆڵی پێشوازی و ژووری میوان تێکەڵ بکەیت.

لە دیکۆری حەمامدا، ڕەنگە سووکەکان گونجاون، دیکۆری ژووری نانخواردنیش کە ڕەنگی فەیروزەیی لەسەر قوماشی کورسییەکان و کەلوپەلی سەر مێز دەردەکەوێت، دەدرەوشێتەوە.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**







# گوڵیەخە لەگەڵ پۆشاکەکەت بگونجێنە

گوڵیەخە لە دیارترین و هەمەلایەنەترین پارچە زێڕینەکانە بە قەبارە و شێوە و دیزاینی جۆراوجۆر، جا بۆ شوێنی ئاسایی ڕۆژانە بێت، یان کاری فەرمی، یان تەنانەت بۆ بۆنە و شەواهەنگەکان.

**گوڵیەخەی لوێرس دی ئۆراج لە براندی چاومێتەوە Chaumet:** ئیکسسواراتی بەردی بەنرخی ڕەنگاوڕەنگ یەکێکە لە دیزاینە هەرە پێویستەکان بۆ هەماهەنگیکردنی بۆنە و ئاهەنگەکان، چونکە ڕۆڵێکی دیار دەگێڕێت لە زیادکردنی جوانی بۆ ڕوخسارت.

**گوڵیەخەی ڕەنگاوڕەنگی هێراڵدیکی کولوەبەفر لە براندی دەیڤید وێبەوە David Webb:** پارچەی کابۆچۆن یەکێکە لە شێوازە لوکسەکانی بڕینی ئەڵماس و بەردی بەنرخ، بۆیە هەڵبژاردنی گوڵیەخەیەك کە بە بەردی بەنرخی کابۆچۆن بڕاوە، بیرۆکەیەکی نایاب دەبێت، بۆ ئەوەی دیمەنێکی ژنانەت پێ ببەخشێت، کە چاو و دڵەکان جادوو دەکات.






# تێکەڵەی سرووشتی بۆ چارەسەرکردنی شلبوونەوەی پێشتی گەردن

گەردن یەکێکە لەو شوێنە ناسکانەی کە لەگەڵ زیادبوونی تەمەندا، چرچ و لۆچی و شلبوونەوە لەم ناوچەیەدا دەست دەکات بە دەرکەوتن، ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەسەر دەرکەوتنی جوانیی خانمان، تێکەڵەی سرووشتی بژاردەیەکی سەلامەت و کاریگەرە بۆ چارەسەرکردنی شلبوونەوەی گەردن، لێرەدا چەند ڕێچکەیەکی سرووشتی دەخەینە ڕوو کە دەتوانیت تاقی بکەیتەوە:

تێکەڵەی ئالۆڤێرا: جێڵی ئالۆڤێرا لە گەڵای ئالۆڤێرا دەربهێنە و پاشان، جێڵەکە بدە لە ناوچەی مل و گەردنت، بۆ ماوەی ١٥-٢٠ خولەك بەجێی بهێڵە، دواتر ڕوخسار و لاملت بە ئاوی شلەتێن بشۆ.

تێکەڵەی زەیتی زەیتون: کەوچکێك زەیتی زەیتون بهێنە و چەند دڵۆپێك زەیتی لاڤاندەری تێبکە، پاشان تێکەڵەکە بە جووڵەی بازنەیی بۆ ماوەی ٥-١٠ خولەك بۆ ناوچەی مل مەساج پێبکە، تێکەڵەکە بۆ ماوەی ٣٠ خولەك لەسەر پێستت بەجێبهێڵە و دواتر بە ئاوی شلەتێن بیشۆ.





## ژیان لەناو سەتڵدا

هەندێك لە مرۆڤەكان هەر لە سەرەتای لەدایكبوونەوە تووشی هەندێك كێشەی جەستەیی دەبن، ئەو كچە حاڵەتێكی سەیری هەبووە، ئەویش لە ڕووی جەستەییەوە تەواو بووە، بەڵام جگە لە سەری هیچ بەشێكی دیكەی جەستەی گەشەی نەدەكردووە، ئەو كچە نەیجیرییە ناوی( ڕەحما هارونا) یە، تا تەمەنی ١٣ساڵی كە لە ساڵی ٢٠١٦ كۆچی دوایی كرد، بە حاڵەتێكی دەگمەن و سەیردا تێپەڕی كە جەستەی تەنیا لە كەللەسەرێك زیاتر هیچیتر نەبوو، چونكە تێكڕای ئەندامەكانی دیكەی جەستەی لە كاتی لەدایكبوونەیەوە گەشەیان نەكرد، هەموو ژیانی لە ناو تەستێڵكی پلاستیكیدا بەسەر برد.



## ئافرەتێک تائێستا ٦٩ منداڵی بووە




ڤالێنتینا ڤاسیلییێڤ، هاوسەری كۆڵبەرێكی ڕووسییە بەناوی فیۆدۆر، ڤاسیلیڤ ٦٩ منداڵیبووە و خۆیشی تا تەمەنی ٧٦ ساڵی ژیاوە، ڤالێنتینا لە نێوان ساڵانی ١٧٢٥ بۆ ١٧٦٥ ٦٩ ژیاوە و لەو ماوەیەدا لە كۆی ٦٩ منداڵ ١٦ منداڵی بە دووانە و حەوت كۆمەڵە بە سیانە و چوار كۆمەڵەش بە چوار منداڵ لەدایك بوون. ئەمەش دەبێتە یەكەمین ئافرەت بتوانێت ئەو ژمارە زۆرە منداڵەی هەبێت و بتوانێت ئەوەندە جارەش دووگیان بێت، ئەوەش بەهێزی و بە توانایی ئەم ئافرەتە دەردەخات كە بەم چەشنە توانیویەتی وەچە بخاتەوە.



# مێژووی مزگەوتی گەورەی ئاکرێ

بەپێی بەشێك لەسەرچاوەکان مزگەوتی گەورەی ئاکرێ بە کۆنترین مزگەوت دادەنرێت لە کوردستان، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠بۆ ٢٢ی کۆچی، واتا نزیکەی چواردە سەدە بەر لە ئێستا، لەگەڵ هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ناوچەکە، مزگەوتەکە دروست کراوە، ئەوەش بە فەرمانی عبداڵڵای کوڕی عومەری خەتاب بووە، کە بڕیاری دروستکردنی دوو مزگەوتی داوە لەو کاتەدا، یەکێکیان مزگەوتی گەورەی خورماڵ بوو ئەوەی دیکەیش مزگەوتی گەورەی ئاکرێ، بەڵام بەپێی پێشبینیەکان مزگەوتی گەورەی ئاکرێ پێشتر دروست کراوە. مزگەوتی گەورەی ئاکرێ لە بەشی سەرەوەی، منارەیەك و گومەزییەك (قوبە) هەیە، کە لە سەرەتای دروستکردنییەوە هیج کام لەم دوانە نەبون، واتا دواتر بۆی زیاد کراوە، بەرزیی منارەکە نزیکەی ٦٠مەترە، گومەزییەکەش، ١٧مەتر بەرزە، کە هەردوکیان دیمەنی مزگەوت و ناوچەکەیان جوانتر کردووە. مزگەوتی گەورەی ئاکرێ لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی زۆر جوان، بە بەرد و نەخش ونیگاری زۆر جوان و سەنجڕاکێش بینا کرابوو، بەڵام بەداخەوە بەناوی نۆژەنکردنەوەوە ئەو نەخشونیگارانە لابران و ئەو شێوەیەیان پێ بەخشی کە ئێستا هەیە، ئەو مامۆستا ئایینییەی کە ئێستا لە مزگەوتی گەورەی ئاکرێ وتارخوێنە، ئاماژەی بەوە داوە کە ئیمامەتیکردن لەو مزگەوتە بۆمان ماوەتەوە و زیاتر لە ٤٠٠ ساڵە ئیمامەتی ئەم مزگەوتە هی بنەماڵەکەمانە و باب و باپیرانیشم لێرە ئیمام بوون. شوێنی مزگەوتەکە کەوتووەتە گەڕەکی ئاکرێی کۆن، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاوەدانی و ژیان لەو کاتەدا لەم ناوچەیە بووە، کاتێك سەردانی ئەم ناوچەیەش دەکەیت، هەست دەکەیت کە هەڵکەوتەی ناوچەکە لەکۆندا وا دروست کراوە کە بە تەنیشت شاخەوەیە، ئەمەش بۆ خۆپارێزی بووە لەکاتی هێرش و پەلامارەکاندا.






## گەورەترین پارچە زێڕ لە جیهاندا

زەبەلاحترین و گەورەترین پارچە زێڕ لە جیهاندا ئەم پارچە زێڕەیە کە کێشی ٢٥٠ کیلۆگرامە و نزیکەی ٢٠ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن کارگەیەکی سەر بە کۆمپانیای میتسوبیشیی ژاپۆنییەوە دروست کراوە و لە ناو مۆزەخانەی زێڕی (تۆی) لە ناوەڕاستی ژاپۆن نمایش کراوە. بەهای ئێستای بە زیاتر لە ١٨ ملیۆن دۆلار کە دەکاتە ٢,٧ ملیار (یەن)ی دراوی ئەو وڵاتە مەزندە دەکرێت و، بە گەورەترین و زەبەلاحترین پارچە زێڕ دادەنرێت لە جیهاندا.



# کارەساتی ڤان گۆگ




نەیدەزانی تابلۆکانی گەورەترین تابلۆ دەبن هونەرمەندی هۆڵەندی ڤان گۆگ بە درێژایی ژیانی لە هەژارییەکی وادا ژیاوە کە هەندێك لە تابلۆکانی دەسووتێنێت بۆ ئەوەی لە زستاندا گەرم بێتەوە، لە ژیانیدا تەنیا توانیویەتی یەك تابلۆ (The Red Vineyard) بە ٤٠٠ فرەنکی سویسری بفرۆشێت، هەرچەندە دوای مردنی زیاتر لە ٩٠٠ تابلۆ و بەرهەمی هونەریی بەجێهێشتووە.



## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا کۆمەڵێك سەربازی بە بەزیی هەوڵ دەدەن لە جێگەی گوللە تۆپ، پارچە سەموون و خواردن بخەنە ناو هاوەنەکانیانەوە.



## دیمەنە سەیرەکان

**کتێبخانەی پەمەیی**

یەکێکە لە دیمەنە سەیرەکانی کتێبخانە ڕەنگ پەمەییەکانی جیهان، بەناوی کتێبخانەی پاسی ساکورا، لە وڵاتی ژاپۆن.

## یاسا



**مافی نیشتەجێبوون (حق السکنی)**

کاتێك ژن تەڵاق دەدرێت یان جیا دەبێتەوە لە مێردەکەی، دەتوانێ داوا بکات لە دادگا بە مانەوەی لەو ماڵە یان ئەو شوقەیەی کە موڵکی مێردەکەیەتی بۆ ماوەی سێ ساڵ، بە بێ کرێ، تەنانەت ئەگەر مێرد هەستابێت بە بەخشینی خانوو یان شوقەکە بە کەسێکی دیکە پێش تەڵاقدانی ژنەکەی.

مەرجەکانی مافی نیشتەجێبوون: نابێت ژنەکە هەموو یان بەشێکی خانوو یان شوقەکە بە کرێ بداتەوە، نابێت هیچ کە سێکی دیکە لەگەڵ خۆیدا نیشتەجێ بکات جگە لەوانە نەبێت کە لە ژێر دایەنیکردنیدان، نابێت هیچ زیانێك بە خانوو یان شوقەکە بگەیەنێت، جگە لەو زیانە نەبێت کە لە بەکارهێنانی ئاسای دەکەوێتەوە. ژن لەم مافە بێبەش دەبێت لە کاتێکدا کە:

ئەگەر هاتوو هۆکاری تەڵاق یان لێك جیاکردنەوەکە ناپاکیی هاوسەری یان لاساری بوو، ئەگەر هاتوو ڕازی بوو بە تەڵاق یان بە جیابوونەوەکە، ئەگەر هاتوو جیابونەوەکە بەهۆی خولعەوە بوو، گەر هاتوو ئافرەت بە شێوەی سەربەخۆ خاوەنی خانوو یان شوقەی نیشتە جێبوون بوو.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لە ڕووی پیشەییەوە هەمیشە وا باشترە پشت بە خۆت ببەستیت بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باشتر هەبێت، پێویست ناکات ڕێگە بدەیت کەسانی دیکە دەست وەربدەنە کێشە و پەیوەندییەکانی خۆت و خۆشەویستەکەتەوە، ئەگەر جگەرە دەکێشیت، باشتر وازبهێنیت پێش ئەوەی زیان بەتەندروستیت بگات.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بەشێکی زۆر لە کار و ئامانجەکانت لە ڕووی پیشەییەوە دێتەدی و داهاتوویەکی باش چاوەڕێت دەکات، باشترە زیاتر کەسایەتیی خۆشەویستەکەت بناسیت، بۆ ئەوەی زیاتر نزیك ببنەوە لە یەکەتر، هێندە خۆت ماندوو مەکە بە کاروباری ناوماڵ و خۆتەوە، کەمێك پشوو بدەیت باشترە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەمرۆ ڕووبەڕووی کێبرکێیەکی بەهێز دەبیتەوە لە ڕووی پیشەییەوە، بەتایبەت لەگەڵ هاوپیشەکانت، لە ڕووی سۆزدارییەوە دڵخۆش دەبیت و دڵی خۆشەویستەکەت بەدەست دەهێنیت و کەشێکی ڕۆمانسی بەسەردەبەن پێکەوە، پێویستە لە کەشێکی هێمندا کەمێك پشوو بدەیت بۆ ئەوەی بە ڕێگەیەکەی دروست بیر بکەیتەوە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لە ڕووی پیشەییەوە تواناکانت هێندە گەورەیە کە دەتوانیت چارەسەری کێشەکانی کارەکەت بکەیت و داهێنان بکەیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە کەمێك ماندوویت و ناتوانیت زاڵ بێت بەسەر باری دەروونیتدا، پێویستە بایەخ بە وەرزش بدەیت لە پێناو تەندروستیی جەستەی و دەروونتدا.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەم ماوەیە گۆڕانکاریی گەورە ڕوو دەدات لە کارەکەتدا و هەنگاوی نوێ دەنێیت، پەستانی زۆری کارەکەت کاریگەریی نەرێنیی لەسەر باری سۆزداریت هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی لە پەیوەندیەکەت بێزار ببیت و وەڕس بیت، پێویستە کەمێك پشوو بدەیت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی لۆژیکی بیر بکەیتەوە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

هەست بە ئارامی دەکەیت لە ڕووی پیشەییەوە و ئەمرۆ کەمێك پێگەت جێگیر دەبێت، هەوڵ بدە پشتیوانی لە خۆشەویستەکەت بکەیت کاتێك کە ڕووبەڕووی بەربەست و قورسایی زۆر دەبێتەوە، خۆت بێبەش مەکە لە هیچ خواردنێك، بەڵام هەوڵ بدە تەندروست بێت.



بۆ زانیاریت

## بۆنی ماسی (بۆن سارد)

ئەم بۆنە بەهۆی بوونی ماددەیەك لە ماسوولکەکانی ماسیدا دروست دەبێت، کە بە trimethyl_amine_oxide ناسراوە، لە کاتێکدا ماوەیەك دوای ئەوەی ماسییەکە ئاوەکە بەجێ دەهێڵێت، ئەنزیمە بەکتریاکان دەست دەکەن بە شیبوونەوەی ئەم مادەیە (Trimethylamine oxide) بۆ دوو مادده: Trimethyl_amine و Dimethyl_amine، کە دوو مادەی بەرپرسن لەم بۆنە جیاوازە (هەناسەدانەوە)ی ماسییەکە، بەڵام Trimethylamine زیاتر، ڕەنگە زۆر کەس بزانن کە بۆنەکە بە لیمۆ یان سرکە لا دەبرێت، بەڵام کەم کەس دەزانێت بۆچی و چۆن ئەمە ڕوو دەدات، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم مادده بۆن دروستکەرانە کە لە ئەنجامی شیبوونەوەدا دروست دەبن، پێکهاتەی ئەمینین، هەروەها ئەمینەکان مادەی ئەلکالینن، لە کاتێکدا لیمۆ یان سرکە ترشن و بەم شێوەیە زیادکردنی هەریەکەیان بۆ ئەوانی دیکە کاردەکات بۆ لابردنی بۆنەکە.

فیلم

## پیاوی بۆشاییناسی -Spaceman



فیلمێکی زانستی و سەرکێشییە، باس لە ئەرکێکی تاکەکەسی دەکات لەلایەن کەشتیوانێکی بۆشاییگەری ئاسمانییەوە، تاوەکو بتوانێت کێشەیەك لە مانگە دەستکردەکانی بۆشاییگەری چارەسەر بکات، بەڵام گەشتەکەی زیاتر لە شەش مانگ دەخایەنێت، ئەمەش وا دەکات کە هاوسەرگیرییەکەی بگاتە قۆناغی جیابوونەوە و هەر لە بۆشایی ئاسمانەوە پرۆسەی تەڵاقەکە جێبەجێ دەکەن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٩) خولەکە، لە دەرهێنانی جۆهان ڕینك، بودجەی فیلمەکە (٤٠) ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی: ئادەم ساندلەر، پاول دانۆ، کاری مولیگان، کونای نیایار، ئیزابێلا ڕۆسیلینی.



## پەند و وتە

ئیلیزار ویسل ناسراو بە ئیلی، رۆماننووسی بە ڕەگەز ئەمریکی لە ساڵی ١٩٢٨ لە شاری سایگیتۆ مارماتای لە وڵاتی ڕۆمانیا لە دایك بووە، لە ساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی سزای لە سێدارەدان دەڵێ: بە هەموو بڕوام دژی سزای لە سێدارانم، بڕواش ناکەم کە سزایەك بێت، پێم وایە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا پێویستە سزادان بە مردن نەبێت، چونکە ئەو کارە لە مرۆڤایەتمان کەم دەکاتەوە، کە تاوان بە تاوان جێبەجێ بکرێت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەن هەن، یەکێکیان دەستە، ئەوەی دیکە ڕوخسارە، هەوڵ دە لە ماوەی دوو خولەکدا هەردوو دیمەنەکە بدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ڕووی پیشەییەوە پێویستە ڕاهێنانی زیاتر بکەیت و زانیاریی زیاتر وەربگریت بۆ ئەوەی ئەنجامی باشتر هەبێت، گرنگی بە قسەی کەسانی دیکە مەدە کاتێك لەسەر پەیوەندیی سۆزداریت قسە دەکەن، بۆ پاراستنی ڕێکی و تەندروستیی لەشولارت دەبێت سیستمی خۆراکیت ڕێك بخەیتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پێویستە ئاگاداری قسەکانت بیت و نهێنییەکانی ژیانی خۆت ئاشکرا نەکەیت لە شوێنی کارەکەت، ئەم ماوەیەك لەگەڵ خۆشەویستەکەت ئاسوودە دەبیت و ژیانێکی ئارامت دەبێت، ڕێگە مەدە ڕق و تووڕەیی زاڵبێت بەسەرتدا.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە نابێت پشت بە حەزەکانت ببەستیت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانتدا، دەبێت زیاتر متمانەت بەخۆت هەبێت، لە ڕووی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە لە خۆتەوە متمانە بە کەس مەکە، ڕەنگە کەسێك خیانەتت لێ بکات کە هەرگیز بڕوانەکەیت، گرنگی بە خواردنی سەوزە و میوە بدە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هەوڵ بدە زیاتر کارەکانت ڕێك بخەت و پلان دابنێ بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باشتر بەدەست بهێنیت، گومانی زۆرت هەیە لە خۆشەویستەکەت، دەکرێت ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە لێی بپرسیت، بەڵام ئاگاداربە لە شێوازی پرسیارەکانت، کەمێك بە ئاگابە لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و لاپتۆپ، چونکە زیان بە چاوەکانت دەگەیەنێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


بڕیارِی نوێ دەدەیت و بە شێوەیەکی دروست هەنگاو دەنێیت بەرەو ئامانجەکانت، پێویستە پێداچوونەوە بۆ لایەنی سۆزداریت بکەیت و بزانیت کێت هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی سیستمێکی خۆراکی تەندروست هەبێت، پێویستە پرسی کەسانی شارەزا بکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


پێویستە چالاکیی گرنگ ئەنجام بدەیت لە ڕووی پیشەییەوە و ئامادە بیت بۆ ئەوەی سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکەیت، لە ڕووی سۆزداریەوە ئاگاداربە کەسایێك ئیرەییت پێ دەبەن، هەمیشە باشترە سیستمێکی خۆراکی تەندروست پەیڕەو بکەیت بۆ ئەوەی خاوەنی تەندروستییەکی باش بیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Inifniti GPS by TimeNet, providing GPS tracking services in various fields including Car, fleet management, school bus management, personal tracking, animal tracking, as well as construction and transportation solutions.

Infiniti GPS

Our offer includes:
GPS device for cars, motorcycles, trucks and buses and asset tracking



The annual subscription includes the following:
GPS device - SIM card with internet - platform and mobile application - 12 months service
All this for only 149 thousand dinars



Inifniti GPS لەلایەن TimeNet، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەدواداچوونی GPS لە بوارە جیاوازەکاندا لەوانە ئۆتۆمبێل، بەڕێوەبردنی کەشتی، بەڕێوەبردنی پاسی قوتابخانە، بەدواداچوونی کەسی، بەدواداچوونی ئاژەڵ، هەروەها چارەسەری بیناسازی و گواستنەوە.

ئۆفەرەکەمان بریتیە لە:
ئامێری جی پی ئێس بۆ ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل و بارهەڵگر و پاس

بەشداریکردنی ساڵانە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
ئامێری GPS – سیمکارت لەگەڵ ئینتەرنێت – پلاتفۆرم و ئەپڵیکەیشنی مۆبایل – خزمەتگوزاری ١٢ مانگ
هەموو ئەمانە تەنها بە 149 هەزار دینار

Contact with us :

07502749592 - 07502749591
www.infinitigps.com
info@infinitigps.com
khabat stree, Erbil,Iraq



Gulan Weekly
May 20, 2024 Issue,No.1414

